# ڤاتسڵاف

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

سلاڤۆمیر مرۆژەك

# ڤاتسلاڤ

شانۆنامە

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

**کەریم پەڕەنگ**

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: ڤاتسلاڤ
نووسەر: سلاڤۆمیر مرۆژەك
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
پێشەکی: کەریم پەڕەنگ
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٥٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٤٣٥ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێشەکی

بـێگـومــان کــە شانــۆنــامــەنــووس دەست دەداتــە قــەڵــەم بــۆ نــووسیـنــی شانۆنامەیەك هەر لە سەرەتاوە ئەوەی لە زەینداییە دەقەکەی لە شانۆیەکدا نمایش بکرێ و کەمتر بەمەبەستی خوێندنەوەی یان بڵاوبوونەوەی لە شێوەی کتێبدا بەرنامەڕێژێی بۆ دەکا، بۆیە هەندێ شانۆنامە تەنیا لە سەر شانۆ دەتوانن لەزەتێکی ئیستاتیکی بە بینەر ببەخشن و کەمتر دەتوانن ڕێگەی بە دەقبوون بگرنە بەر.

ئەگەر لە کولتووری ئێمەدا خوێنەری شیعر و چیرۆك هەبێ، ئەگەر خوێنەری ڕۆمان و وتاری فیکری و فەلسەفی لە سەرهەڵداندا بێو خەریك بێ ڕوبەرێك لە خوێندنەوەی دەقدا داگیر بکا، ئەوا خوێنەری شانۆنامە لە کەلتوری ئێمەدا هێشتا دەگمەن و دانسقەیە. بەڵام شانۆنامەکانی مرۆژەك بەشێوەیەکی گشتی دەقگەلێکن چی لە کاتی نمایش چی لە کاتی خوێندنەوەدا بینەر یان خوێنەر تێکەڵیان دەبێت و شانۆنامەی ڤاتسلاف بەتایبەتی دەقێکی کراوەیە و ڕەنگبێ خوێندنەوەیشی وەکو دەق هەمان لەزەتی نمایشێکی شانۆیی بە خوێنەر ببەخشێ. هەر ئەمەیش بوو پاڵی پێوە نام ئەم شانۆنامەیە بۆ وەرگێڕان هەڵبژێرم.

بێگومان هەر لەو چرکەساتەوە کە وەرگێڕ بڕیار دەدا دەقێك وەرگێڕێ، جگە لە دڕدۆنگیی باش وەرگێڕان و دانی مافی تەواوەتی بەدەقە ئەسڵییەکە و دەستپاکیی لە وەرگێڕاندا، دڕدۆنگیی بەجێهێنانی ئەرکە ئیستاتیکییەکەیە وەکو وەرگێڕ، بەتایبەتی ئەگەر دەقەکە خۆی لە زمانی یەکەمەوە وەرنەگێڕرابێ هێندەی تر دەبنە بەربەست لە بەردەم وەرگێڕاندا.

ئەڵبەتە من چەند ساڵێکە بە وەرگێڕانە ئەدەبییەکانی لودڤیك تسیمەرمان ئاشنام، کە چەندان دەقی کلاسیکیو هاوچەرخی لە

پۆلۆنییەوە بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە و چەند ڕەخنەگرێکیش وەرگێڕانەکانیان بەرز نرخاندووە، بەڵام بەمەیش دڵم ئاوی نەخواردەوە، لەگەڵ دوو کچی پۆلۆنی ئەڵمانیزانی دۆستە ئەدەبدا وشە بەوشەو ڕستە بە ڕستەو دێڕ بەدێڕیVATZLAV ە پۆلۆنییەکە و WAZLAFFە ئەڵمانییەکەیان لەگەڵم بەراود کرد. ئەگەر ئەوان نەبان ڕەنگ بوو نەمویرابا ئەم وەرگێڕانە بخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد.

لێرەدا زۆر سوپاسی Maria Buckowska و Edita Gursky ی دەکەم کە بە ئەمەکەوە ماندوونەناسانە و لە خۆبردووانە ئەم ئەرکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان بە دەقەکەدا چوونەوە و دڕدۆنگیی ئەوەیان لە لا نەهێشتم لە وەرگێڕانی ئەم شانۆنامەیە لە زمانی دووەمەوە دەست هەڵگرم و دڵنیا بووم لە پاکیی وەرگێڕانی ئەم دەقە لە پۆلۆنییەوە بۆ ئەڵمانی و نەیانهێشت چی تری دوودڵ بم.

کەریم پەڕەنگ

ڤیێنا ٢٠٠٩/٣/١

# کورتەیەك دەربارەی نووسەر و شانۆنامەکانی

سڵاڤۆمیر مرۆژەك، درامانووس، پەخشاننووس، تەنزنووس، لە ساڵی ۱۹۳۰ دا لە نزیکی شاری کراکاوی پۆڵۆنیا لە دایك بووە. لە بیناسازیی، مێژووی هونەر و ڕۆژهەڵاتناسیی خوێندووە. سەرەتای کاری هونەری وەکو کاریکاتێریست دەست پێ کرد. لە ساڵی ۱۹۵۳ەوە دەستی بە بڵاو کردنەوەی کارەکانی کرد، چی هێلکاریی و چی چیرۆکەکانی گەمە دەورێکی گرینگیان تێدا دەبینی، ئەم چیرۆکانە ناوودەنگیان بۆ پەیدا کردو لە ئەدەبی پۆڵۆنیدا جێگەیەکی تایبەتییان بۆ مسۆگەر کرد. مرۆژەك هەستی بە ئەبسوردیی ژیانی ڕۆژانەی سۆسیالیزمی واقیعی دەکرد و تەوسی پێ دەکرد. بە هەمان شێوەیش مامەڵەی لەگەڵ نموونەی پڕوپووچی پاش ڕۆمانتیکیدا دەکرد، کە بە هۆشیاریی پۆڵۆنییەکانەوە بەسترابوو. لە قسەی ڕۆژانەی پۆڵۆنییەکاندا ڕستەی: "وەکو لای مرۆژەك" بووە گوزارەیەك، کە پێش هەموو شتێك وەسفی ڕەهەندە ئەبسوردەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکا. لە مشتومڕدا زۆر جار دیمەن یان بەشێك لە شانۆنامەکانی وەکو نموونەی بەڵگە دەهێنرێنەوە. لە ساڵی ۱۹۵۷دا یەکەم کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی ساتیری بڵاوکردەوە. لە ساڵی ۱۹۵۸دا بە یەکەم کاری دراماتیکی بە ناوی "پۆلیس" ڕێی بۆ ژانری درامانووسیی خۆی خۆش کرد و چەقی قورسایی خۆی خستە سەر شانۆنامە و سیناریۆ نووسین. شانۆنامەکانی لە تیژیی ڕەخنەگرانەی ساتیرییاندا لە کاریکاتێرەکانی کەمتر نین. بە ئامرازەکانی شانۆی ئەبسورد ڕەخنە لە ڕەهەندەکانی ژیان لە کۆمەڵگایەکدا دەگرێ کە بە کۆنترۆڵی پۆلیس، پارتێك، دەوڵەت و بیرۆکراتییەتییەکانی خەملاوە. لە پۆلیسدا تاقە ئاماژەیەك نییە بۆ ئەوەی بتوانین ڕوداوی دراماکە بۆ شوێنێك یان

کاتێکی دیاریکراو خانەبەند بکەین. هەر لەبەرئەوەش لەو کاتەدا قەدەغە نەکرا، نووسەر فێڵی لە سانسۆر کرد. شانۆنامەکە بەشێوەیەکی گەردوونی باس لە گومڕایی دەزگای پۆلیس دەکا، کە لە دواییدا بۆ ڕەوابوونی خۆی پێویستی بە ئۆپۆزیسیۆنێك هەیە، کە بە فەرمانی ئەم کار دەکا. بەڵام لێرەدا مەبەست لە پێوەندی ئاڵوگۆڕی ئاغا و نۆکەر نییە، بەڵکو پێوەندی بە وەرچەرخانەکان لە هۆشیاریی پاڵەوانەکاندا، بەڕاڕایی بنەماگە ئایدۆجیاکانیانەوە. ئەم ڕاڕاییيانە لە کۆتایی ئەبسورددا بەیان دەبن، کاتیٚ بەشدارەکان یەکتر زیندان دەکەن.

ئەو شانۆیەی ئەو لە ڕێیەوە لە جیهاندا پێی ناسرا هەتا ئەمڕۆ بەدڵسۆزی بۆی ماوەتەوە. وەکو پەرچەکردار بەرامبەر بەخنکاندنی بەهاری پرگ لە ساڵی ١٩٦٨دا لە پاریس داوای پەناهەندەیی سیاسی کردو بۆ ماوەیەك لەویٚ ژیا، پیش ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٦دا بۆ پۆڵۆنیا بگەڕێتەوە شەش ساڵی ژیانی لە مەکسیك بە سەر برد. ئێستا مرۆژەك لە کراکاو دەژی و هێشتا لە بواری نووسیندا کارایە.

پێش هەموو شتێك مرۆڤ لە بەرگی کۆمەڵایەتی و کولتووریو نەریتیدا لە چەقی نیگای مرۆژەکدان، لە شانۆنامەکانیدا هەمیشە خەریکی پێناسەکردنی ئەو یاسایانە بووە، کە مرۆڤ لە گروهی بچووك یان لە کۆمەڵگەدا هەڵدەکا لە شانۆنامەی پۆلیسدا واقیعی دەوڵەتی تۆتالیتاری دەوڵەت پێشان دەدا بەوەی پۆلیس– وەکو مووچەخۆری ئاشکراو نهێنی ئامێری دەستەڵات– ڕۆڵی سەرەکی دەبینیٚ. بۆ ئەوەی دەستەڵاتدارەکان و کۆمەڵگە لە پێویستیی بوونی پۆلیس قەناعەت پیٚ بکەن، پۆلیسی مرۆژەك خۆی ئۆپۆزیسۆن دەخوڵقێنیٚ، بۆ ئەوەی پاساوی کردەوەکانیان بدەنەوە.

ئەو شانۆنامانەی بەدوایدا هاتن مرۆژەکیان هێندەی تر گەیاندە چڵەپۆپەی ناوداریی. مرۆژەك بۆ بیناکردنی شانۆنامەکانی گرۆتێسك،

زیاد پێوەنانی ئەبسورد، ساتیرەو لاسایی کردنەوەی کۆمیدی بەکار هێنا، کە کۆمیدیا یەکێك لە بە هێزترین ڕەگەزەکانی ئەم شانۆنامانە بوون. لە هەمان کاتدا کارەکانی بە ناوەڕۆکگەلێك دەناسرێنەوە، کە مرۆڤ دەتوانێ وەکو حیکمەت یان داستانی فەلسەفی ناوزەدیان بکا. ئەمانە هەم پێوەندییان بە واقیعی ڕەشی دەوڵەتی تۆتالیتارەوە هەیە، هەم پێوەندییان بە ″گەمە″ی دەروونی پەویوەندییە مرۆڤانەکانەوە هەیە، کە مرۆڤ بە کاریان دەهێنێ، بۆ ئەوەی بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بێ. زۆر جار مرۆژەك ململانێی نێوان ڕۆشنبیرەکان– کە لە ڕاستیدا بووکەشووشەی بێ ویست بوون–، ئایدۆلۆژ– واتە چێکەری بنەما کۆمەڵایەتییەکان–و پرۆلیتاریا، کە هیچ تاودانەوە و ڕایەکی خۆیان نەبوو و تەنیا یاسای بە هێزتر لە لایان ڕەواجی هەبوو. ئەڵبەتە قوربانیی ″ڕۆشنبیر″ بوو و ″پرۆلیتاریا″ جەلاد بوو، کە فەرمانەکانی ئایدۆلۆجی جێبەجێ دەکرد.

تێماکانی مرۆژەك چەوساندنەوە و خۆگونجاندن بوون. بە نەزم ئەفسانە نەتەوەییەکانی دەڕووخاند و هەمیشە جەختی لە سەر پێوەندی سیاسەت و بوونی مرۆڤ کردۆتەوە. ئەو هەر زوو تێگەیشت چۆن دەمامك لە سەر ئەو واقیعە ئەبسوردەی پۆڵۆنیا لابەرێ، ڕاڤەی بکا و ڕەخنەی لێ بگرێ. خوێنەرانی شانۆنامەکانی و بینەرانی شانۆگەرییەکانی زوو لە سەرجەمی ئاماژە سیاسییەکانی تێگەیشتن. کارەکانی هەمیشە بە دەوری سیاسەتدا دەخولێنەوە. پەنجەنومای زۆر پرسی گرینگی کۆمەڵایەتی کرد، لە پاڵیشیدا هەمیشە داواکاری ئاکار بوو. لە نۆرمەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکۆڵییەوە کە بە ئاشکرا لە ڕەفتار لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دەردەکەونو لە هەمان کاتدا بارگاوین بە تۆنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری.

کارە درامییەکانی مرۆژەك سەر بەشانۆی ئەبسوردن. ئێلسبیتا سیدۆروك دەنووسێ: ″(...) بە کارهێنانی چەمکی ئەبسورد بۆ ڕاڤەکردنی

کارەکانی مرۆژەك زۆر گونجاوە، بەڵام بە مانایەکی تر وەکو لە حاڵەتی دراماکانی بێکێت یان ئیۆنیسکۆدا. لای ئەمان ئەبسورد لە ئاستێکی تردا دەردەکەوێ. لە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ ڕەهاییەکی نادیاردا سەرهەڵدەدا و بەمەیش ڕەهەندێکی میتافیزیکی بەیان دەکا. بە پێچەوانەوە لە دراماکانی مرۆژەکدا لە پێوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە (تاك یان گرووپ سەرهەڵدەدا).″

مرۆژەك بارودۆخی ئەبسورد دەخوڵقێنێ، بەوەی نموونە و فیگوری بەئاشکرا پێناسەکراو و زۆر جار دژواز بە یەکدا دەدا. لە ڕەفتاری مرۆڤدا لە دژوازییەکان ورد دەبێتەوە، کە لە ڕێکەوتنێکی پێشووتر دیاریکراودا دەبێ هەر کەسەو ڕێی خۆی بدۆزێتەوە. بە پلەی یەکەم پرسیاری ئاکار و بنەماکانی ڕەوشتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکا، بەڵام لەم دەرفەتەدا شوێنپێی ناچیزەیی و درۆی ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوریيانە هەڵدەگرێ کە مرۆڤ پێیانەوە پابەستە و ڕاڤەیەکی ڕەخنەگرانەیان دەکا. مرۆژەك واقیعییە، بەوەی شتە کۆنکریتەکان ڕەهەندێکی ئەبسورد وەردەگردن. مالگۆرژاتا سوگیەرا دەنووسێ: ″زۆر جار ئاماژە بۆ شێوەی کاری ماتماتیکی فەنتیازیای مرۆژەك کراوە، کە شتێکی ئەبسوردی نائاسیی واقیعی دەوروبەری وەردەگرێ و لە سەر شانۆ بە لۆژیکێکی شێلگیرانە بە دوا ئەنجامی دەگەیەنێ.″

لە (قەل)دا (١٩٦٠) ئەو کەشە ئیفلیجکەرە بڕست لێبڕە بەرجەستە دەکا کە ساڵانێکی زۆر لە پۆڵۆنیا سەروەر بوو.

مرۆژەك لە پاڵ بێکێتو دویرینماتدا یەکێکە لەو درامانووسانەی جێپەنجەیان بە مێژووی شانۆی هاوچەرخەوە دیارە. ئەو بە نوکتە و گوزارشتە ئەبسوردەکانییەوە واقیعمان بۆ بەرجەستە دەکاو لە گەمەیەکی گۆڕینەوەی واقیع و ناواقیعدا جێپێی تایبەتمەندیی شتەکان بەشێوەیەکی گرۆتێسك هەڵدەگرێ.

مرۆژەك نووسەرێکە توانیویەتی بە گەمە و نوکتە و چاوێکی تیژەوە بۆ ئەبسورد زۆر لە خوێنەران و بینەرانی بێنێتە پێکەنین و بیرکردنەوە. پێگەی لە نووسیندا بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی کارە دراماکانییەوەیەتی. لەگەڵ ئەوەیشدا کە چیرۆك و تەنز دەنووسێ، بەڵام لە دەرەوەی پۆلۆنیا وەکو درامانووس دەناسرێ، بەناوودەنگی و ڕەخنەیەکی ئەرێنی هەمیشە و هەر لە سەرەتاوە یاوەری هەموو چالاکییە هونەری و داهێنانەکانی بوون.

لە ستریپتیز (١٩٦١) دا دوو پیاو لە لایەن دەستێکی پەنهانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێ، کە دژوارانە ناچاریان دەکا وردە وردە خۆیان ڕووت بکەنەوەو ڕێگە بە بەرەنگاربوونەوە و مشتومڕ نادات. پیاوەکان تەنیا دەتوانن وتار دەربارەی ئازادیی ناخ بدەن و یان پەنجەی تاوان بۆ تری درێژ بکەن و تری بە ملدان بۆ دەستەکە تاوانبار بکەن، ئەمەش کاریگەریی بە سەر رەوتی بارودۆخەکەوە نییە.

لە کارە دراماییەکانی مرۆژەکدا جەماوەر لەو چرکەساتانەدا چەپڵەی لێ دەدا کە وەکو ساتێرێکی هەنووکەیی لێی تێ دەگەیشت، لەبەرئەوە مرۆژەك هەوڵی دا وەکو درامانووس خۆی لە ڕۆڵی گەمەپێکەر قورتار بکا، لە کاتی نمایشکردنی شانۆنامەکانیدا هەندێ جار تەوس بە هۆی نێوبەندی داهێنان هەتا ئەو کاتە باڵی بەسەر لایەنەکانی تری شانۆنامەکانیدا کێشابوو. هەتا لە ڕێی تانگو (١٩٦٤)ەوە بینەران و ڕەخنەگران مرۆژەکێکی نوێیان دۆزییەوە. لە شانۆنامەکانی بەراییدا کاریگەریی ئیۆنیسکۆ و بێکێت بەدیدەکرا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەمیشە ئاماژە بۆ پەیوندییەکی جیاوازی فەلسەفەی بوونگەرایی ڕۆژئاوا دەکرا. لێرەدا مرۆژەك مامەڵە لەگەڵ ئەڤاندگارد (پێشڕەوایەتیدا) (جا چی ئەڤاندگاردی هونەری بێ یان کۆمەڵایەتی)و پەردە لەسەر ئەو حەقیقەتە هەڵدەداتەوە کە لە حاڵەتێکدا هەموو شتێك ڕێی پێ درابێ، بە دوای

قەدەغەدا دەگەڕێ و تاسەی نۆرمێکی توندوتیژ دەکا.، کە ئەمیش لە لای خۆیەوە توندوتیژیی ڕەها بەرهەم دەهێنێ . تانگۆدا نموونەی مرۆڤی پۆڵۆنی دەرکەوتن، ئەم شانۆگەرییە بەگوێرەی ڕێساکانی شانۆی کلاسیکی بینا کرا. پاڵەوانەکانی پێشووی مرۆژەك وەکو لیبۆك ڕەفتاریان دەکرد، لە تانگۆدا، درامایەکی خێزانی، بوونە مرۆڤ بەرجەستە کرا. ئارتور یەکەم پاڵەوانی مرۆژەکە کە دەگەڕێ و ئازار دەچێژێ. لە گەڕانیدا بە دوای ئیدیالێکدا تووشی نسکۆ دەبێ و بۆی دەردەکەوێ کەندێکی گەورە لە نێوان ئیدیال و ژیانی ڕاستەقینەدا هەیە. لەم کاتەدا مرۆژەك پۆڵۆنیای بەجێ هێشت، لە سەرەتاوە بۆ ئیتالیا و پاشان بۆ فەرەنسا. خەڵکی لە خۆی دەپرسی: ئایا مرۆژەك بەبێ پێوەندییەکی ڕاستەخۆی بە واقیعی ولاتەوە دەتوانێ فیگور و جۆرێکی زمانی وا دابهێنێ کە بتوانێ گوازارشت لە ناخی کاراکتەرەکانی بکا. مرۆژەك وەڵامێکی ئەرێنی ئەم پرسیارەی دایەوە و سەلماندی کە مرۆڤ دەتوانێ زۆر شت بە خوێنەری پۆڵۆنی بگەیەنێ بەبێ ئەوەی کارایانە لە ژیانی ئەدەبی پۆڵونیادا بەشدار بێ. وەکو ئەو نووسەرانەی تر لە تاراوگە دەژیان مرۆژەکیش ناچار بوو مامەڵە لەگەڵ پۆڵونییەکی لە ئەوروپادا ژیاو و بەرامبەر ئەوروپا گرتوو بکا.

شانۆنامەی قەسابخانە (١٩٧٣) مامەڵە لەگەڵ ″سروشت″ و کولتور″ی مرۆڤدا دەکا و سروشت وەکو پەردەیەکی تەنك بەرجەستە دەکا، کە توندوتیژییو دڕندانەیی داپۆشیوە.

گرینگترین شانۆنامەی مرۆژەك کە لە هەندەران سەری هەڵداوە کۆچبەرەکان(١٩٧٤)ە. کۆچبەرەکان درامایەکی زاهیدانە و هێڵکارییەکی نایابی سایکۆلۆژی خوو و نەریتی پۆڵۆنییە، گرێکەی لە دیالۆگی ″گەمەی دەستەڵاتی″ نێوان دوو کەس پێك هاتووە: کەسێکی سیاسی، کۆچبەرێکی زۆر ″ڕۆشنبیر″ و کۆچبەرێکی کرێکار، واتە ″پرۆلیتارێك″، کرێکارێکی میوان وەکو ڕۆژئاواییەکان پێی دەڵێن، مرۆڤێکی زبر و ڕەقی ژیر. دوو

مرۆڤی بە نایاسایی دانیشووتی ئەمەریکا. لەگەڵ ئەوەیشدا تەنیا بە AA وXX ناویان لێ نرابوو، کە دەتوانرێ وەکو نەبوونی کاراکتەری تایبەتمەندییانەی تاك ئاماژەیان بۆ بکرێ، لە لایەنی ڕەوانناسییەوە دوو پاڵەوانی بەهێزی نووسەرن. ئامانجەکانیان زۆر جیاوازن، یەکێکیان لە ڕۆژئاوا بە دوای ئازادیی ڕوحیدا دەگەڕێ، ئەوی تریان بە دوای دراودا. بەڵام ئەم گەڕانە خۆهەڵخەڵەتاندنە. ڕۆشنبیرەکە لە ژیانیدا تووشی نسکۆ دەبێ، هاوڕێکەی هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ وڵات و هەرگیز بۆی نالوێ دەوڵەمەند بێ.

کۆچبەرەکان زمانگۆ(تلفظ)ی پۆڵۆنیان نییە، تەگەرەکانیان گەردوونین، لە دەقەکەدا ئاماژە بۆ ڕابردووی سیاسی و کارەکانیان لە وڵاتی خۆیان نەکراوە. باری کۆچبەرییان دۆخێکی تایبەت دەردەخا، کە لە پێشهاتە دراماتیکی و ناچیزەکانیاندا لە گەڕانیاندا بە دوای ئازادیدا پەردەیان لە سەر هەڵدەدرێتەوە. لە سەرجەمی گەڕانیاندا ئازار وەکو هەستی ڕاستەقینە خۆی پیشان دەدا. پاڵەوانەکەی مرۆژەك لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا دەگری، کە گریانێکی بە کوڵ و تاڵە، گریانی مرۆڤێکی لە ناخەوە ڕووخاوە.

شانۆنامەکانی دوایتری مرۆژەك نەك هەر بۆ ڕەخنەگرەکان سەریەشەیەکی زۆری دروست کردووە. هەندێ لە ڕەخنەگرەکان دەستەوەستانییان لە ئاستی هەوڵیان بۆ ڕاڤەکردنی دەقەکانی دان پێداناوە . بۆ دۆزینەوەی گرینگنترین بیرۆکەکانی دراماکانی مرۆژەك دەتوانین شانۆنامەی باڵیۆز هەڵبژێرین. باڵیۆز (١٩٨٣) شانۆنامەیەکی کۆمیدی تەوسئامێزە، کە وەکو شانۆنامەی پۆلیس کە لە ساڵی ١٩٥٨دا نووسیویەتی ئاماژەیەکی سیاسی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام دەبێ خوێنەر یان بینەر زۆر قووڵتر بە دوای مانا ڕاستەقینەکەیدا بگەڕێ: پێشمەرجی بنەماکانی هەموو کارەکانی مرۆژەك ئەوەیە کە بەرزترین و بەنرخترین

بەها کە مرۆڤ هەمیشە دەبێ شێلگیرانە بەرگریی لێ بکا مرۆڤ خۆی و ئابڕوومەندییەکانین، تاوەکو ئەگەر دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئارادا نەبن ئەم بەهایانە بپارێزن.

دوا شانۆنامەی مرۆژەك «ئەڤین لە کریم»ە (۱۹۹۳). لەم شانۆنامەیەدا مرۆژەك ڕاڤەی سێ روخساری ڕوسیا دەکا: روسیای سەردەمی قەیسەر، ڕوسیای سۆڤیەت و ڕوسیای پاش کۆمۆنیزم.

لەم پێناساندنە کورتەدا خۆمان لە قەرەی مرۆژەك وەکو چیرۆکنووس و ساتیرنووس نادەین. لە ساڵانی شەستەکاندا مرۆژەك وەکو ساتیرنووسێك دەرکەوت و تا ئەمڕۆ ساتیرەکانی  لە شاکارەکانی ئەدەبی هاوچەرخی پۆڵۆنیان.

یان کۆت دەربارەی مرۆژەك دەڵێ: ″ڤیتاتسی زوو هات، گۆمبرۆڤیچ لە دەرەوە مایەوە، مرۆژەك یەکەم کەس بوو کە لە کاتی خۆیدا هات. بە پێی هەردوو کاتژمێر لە کاتی خۆیدا هات. کاتژمێری پۆڵۆنیا و کاتژمێری ڕۆژئاوا....″

## کورتەیەک دەربارەی ئەم شانۆنامەیە

ئێمە هیچ شتێك دەربارەی ڤاتسلاڤی پاڵەوانی ئەم شانۆنامەیە نازانین، نووسەریش بە چەند دێڕێکی کەم نەبێ هیچمان دەربارەی پێ ناڵێ، بەڵام ڕێ بە ڤاتسلاڤ دەدا خۆی شوناسنامەی خۆیمان بۆ ئاشکرا بکا:

ڤاتسلاف:

لە سەرەتاوە نائازاد بووم و ئێستایش کەشتی شکاوێك، نائازادێکی شکاو، کەشتی شکاوێکی نائازاد. بەهۆی کەشتی شکانێکی خۆنەویستەوە لە نائازادی هەڵاتم، ئێستا ئازادم، لەبەرئەوەی کەشتی شکاوم، بەڵام ئەوەندە ڕووخاوم، هەست بە ئازادیی تەواو نەکەم. چاکتر وایە کەمێك ئیسراحەت بکەم. ئەمرۆ لە کاتی زریانەکەدا کەشتییە پڕ لە زیندانییەکە دای بە گابەردێکدا و پاش ئەوەی هەپروون بە هەپروون بوو نزیکی کەنارەکە ژێر ئاو کەوت. چی کەنارێکە نازانم. بەهەرحاڵ زۆر لە وڵاتەکەمەوە دوورە، هەلی ئەو بەڵایەم قۆستەوە و بەرەو وشکانی مەلەم کرد. بەڵام دەبێ بە ڕاشکاوی پێتان بڵێم دەریا فڕێی دامە کەنار، هەڤاڵەکانم ژێر ئاو کەوتن.

کەشتییەکی پڕ لە زیندانی لە کەنارێکی نامۆدا نغرۆ دەبێ، ڤاتسلاڤیش یەکێکە لەوانەی کە لە وڵاتی نائازادیدا دەژی، لە کاتی کەشتی نغرۆ بوونەکەدا دەرفەتێکی باشی بۆ هەڵدەکەوێ بۆ ئەوەی هەڵبێ و لە وڵاتی ئازادییدا بژی ئێگۆی کۆنی، لە شێوەی جمکانەیەکدا، گومان و دڕدۆنگیی خۆی بەیان دەکا، بەڵام ڤاتسلاف بەبێ ئەوەی هەستی بجووڵێ ڕزگاری ناکا و لە دەریادا دەخنکێ. ئێستا هیچ ڕێگرێك نییە، دەوڵەمەند، دەستەڵاتدار و بەختەوەر بێ:

ڤاتسلاف:

خۆ هەر ئێستا گوتم. ئەویش دەخنکێ. من ڕزگارم بوو. ئیتر ئەگەر قودرەتی خوا هەبێ، ئەوا قودرەتی ئەوە. دەبێ هەبێ، چونکە لە هەر شوێنێك قەزاوقەدەر هەبێ دەبێ یەکێك کردبێتی. بەڵام لەوانەیشە هەر قودرەت نەبێ. بە هەرحاڵ قودرەت یان نا، واقیع ئەوەیە من ڕزگارم بوو.

ڤاتسلاف ئێستا دەبێ لە کۆمەڵگەیەکی نوێدا، پێش هەموو شتێك دەبێ لەگەڵ دیاردەی ئازادیدا مامەڵە بکا. واتە ڕۆبەنسون کرۆزۆیەك بە پێشمەرجی پێچەوانەوە، چونکە ئەو دەرفەتەی بۆ ئەم هەڵدەکەوێ، کرۆزۆ ناتوانێ خەونیشی پێوە ببینێ، ئەو ئەگەرانەی لە بەردەمیدان نایانقۆزێتەوە. چونکە مرۆژەك هەر زوو تاقەتی لە دەورەکەی خۆی دەچێ و– لە سەرەتاوە ژن و پیاوێکی ڤامپیر وەکو ورچ دای دەمەزرێنن– لە بەر هۆی دیارینەکراو ورچێتی خۆی دەداتە یوسفی کوڕی ژنو پیاوە ڤامپیرەکە.

ئەم شانۆنامەیە کەشێکی مەتەڵئامێزی هەیە، بە پلەی یەکەم چیرۆکێکە بۆ گێڕانەوە، بەڵام لە ژێرەوە ئەو مانا قووڵانەی بە ئاسانیی خۆیان بەدەستەوە نادەن بە خورپیی ڕێ دەکەن. مرۆژەك بیرۆکە و دیدگای سیاسی– فەلسەفی بە پەردەی مەتەڵ دادەپۆشێ.

ڤاتسلاف زایەڵەیەکی ئەوتۆبایۆگرافی هەیە، ئەم شانۆنامەیە ڕاستەوخۆ پاش داگیرکردنی چیکوسلۆڤاکیا سەریهەڵداوە، کە بووە هۆی کۆچی ئارەزومەندانەی مرۆژەك. ئەم شانۆنامەیە ڕووبەڕووبونەوەیەکی مرۆژەك لەگەڵ خۆیدا. بەڵام ئێمە ئێمە نابێ بایەخ بە ئەوتۆبایۆگرافی نووسەرێك بدەین، بەڵکو بایەخ بەو شێوە و جۆرە بدەین کە پێی گوزارشت لێ دەکا. لێرەدا بەوە دەچێ قەیرانێکی ئایدۆلۆجی شەخسی وەرگێڕرابێتە

سەنعەتی شانۆ. مرۆژەك بەو دانپێدانانە ئامەژەی پێ دەكا: ″ڤاتسلاڤ زۆری ماندوو كردم، لەبەرئەوەی ئەو شێوەی شانۆنامەی پێ دەنووسم، بەو جۆرەی هەتا ئێستا كردوومە و هەتا ئێستا توانیومە، كونەلوتم لێی پڕ بووە و بە تەواوی لە توانامدا نییە، بەجۆرێكی تر بنووسم.″

لە سەرجەمی شانۆنامەكەدا ڤاتسلاڤ نازانێ چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئازادیدا بكا. كاتێ لە سەرەتاوە سوورە لە سەر درێژەدان بە هەڵاتن و دواییش مانەوە لە وڵاتە تازەكەی، ئێگۆ كۆنەكەی لە كۆڵی نابێتەوە، داوای لێ دەكا ڕزگاری بكا و نەیەڵێ بخنكێ، بەڵام ڤاتسلاڤ لەوە دەترسێ یەكێك وەكو شایەدێك هەمیشە بیری بخاتەوە كە ئەم نائازاد بووە.

ڤاتسلاڤ:

(....) ئەگەر هاوڕێمی دەست لە یەخەم بكەرەوە! هاوڕێ كۆسپ دەخاتە ڕێی هاوڕێی؟ ئەوە چۆن هاوڕێیەكە كە هەمیشە بیرت بخاتەوە: تۆ لە دیلێتییەوە هاتووی. نەخێر تۆ هاوڕێ نیت، نە هاوڕێی منیو نە هی ئازادیی، ئەگەر تۆ بتەوێ بژی و ژیان لەوانی تر تاڵ بكەی. گەر لێرە هاوڕێیەكی ڕاستەقینە بانگ بكا، دەبێ تێ بگا كە من پێویستم پێی نییە. من لێرە نامێنمەوە. سڵاو ژیانە نوێیەكەم.

ئەگەر لە سەرەتاوە ڤاتسلاڤ گۆرانی بۆ ئازادیی دەڵێ، ئەوا لە ڕەوتی ڕووداوەكاندا تووشی دڕدۆنگیی دەبێ و هەندێ جاریش ئەگەر بەدەنگێكی نزمیش بێ تاسەی دیلێتییە كۆنەكەی دەكا. ئەگەر لە سەرەتاوە شانازی بە ورچبوونی خۆیەوە دەكا و خۆی بە پادشای دارستان دەزانێ، ئەوا زۆری پێناچێ بۆی دەردەكەوێ ورچیش لە مەترسیدایە و لەوانەیە ڕاو بكرێ:

ڤاتسلاڤ:

(....) ئێ كەواتە زۆر دژوار نییە. لە لایەكی ترەوە بێگومان بارم

زۆر لێژە. لێرە ڕاو دەکرێ ئەگەر شتێك بۆ ڕاو هەبێ. لە دیلیدا بمابامایەوە باشتر نەبوو، وەکو لەوەی لە ئازادیدا پێستم بچێتە دەباخانە. ڕاستیت دەوێ ژیان لە نائازادیدا زۆر خراپ نییە. مرۆڤ لە گەرمیدا دادەنیشێ، (...)دەتوانێ هەناسە بدات. لە کوێ لە یەکسانیی یەکسانیی تر هەیە وەکو لە زینداندا؟ لەبەرئەوەی ئێمە لە سروشتدا هەموو وەکو یەکین، مافی سروشت لە پشتی زینداندایە نەك لەگەڵ ئازادیی. ڕەوشتیش هەر وایە، چونکە لە ئازادیدا لەوەیە برسیەتی بکێشی، لە بەندیخانەدا هەمیشە خواردنیان دەدامێ. ئاخ، من قەدری دیلێتیم نەدەزانی. ژیانێکی هێمن، پیرییەکی ئەرخەیانم لە دەستی خۆمدا، لە هەموو چاوترووکانێکدا ڕەنگ بێ ڕاوچییەکان بێن، بڕوام چۆن بەم ئازادییە هەبێ کە بە ورچی کردووم نەك بە ڕاوچی. با بڕووخێن ڕاوچییەکان! با بژین ورچەکان!.

ڤاتسلاڤ دەزانێ گۆڕانکارییەکان هێندە خێران، وەرچەرخانەکان هێندە گەورەن و بۆ ئەمی بە ئازادیی ڕانەهاتوو شەڕەنگێزییەکی گەرەیە لەگەڵ خۆ گونجاندن و دەوروبەردا، بۆیە لە گەڵ ئەوەیش کە هیچ وشکانییەکی لێوە دیار نییە، بەڵام ڕوو لە نادیار دەکا[١] .

---

(١) سەرچاوەکان


(1) Dialog, Nr. 4/1965

(2) Elzbieta Sidoruk, Anthropologie und Groteske in den Werken Slavmir Mrozeks,Bialystok, 1995

(3) Malgorzata Sugiera,Das dramatisch Werk Mrozeks, Krakov, 1996.

(4) Verner Arpe, Schauspielfuhrer,Wien, 1976.

(5) Eslin Martin, Das Theater des Absurden, Reinbek bei Hamburg, 1985

## کاراکتەرەکان

- ڤاتسلاڤ
- پیاو (ئاغای شەمشەمەکوێرە)
- ژن (خانمی شەمشەمەکوێرە)
- یوسف
- قەتێ
- ئیگناتس[1]
- گینیۆس[2]
- جۆستینا[3]
- ئۆدیب
- بەربەر
- نۆکەر
- پێشەوا
- ئەفسەر
- دەنگ
- چەند سەربازێك
- جەلاد
- کۆرسی گەل
- دەنگی پیاوێك لە ناو گەلەوە
- دەنگی ژنێك لە ناو گەلەوە

---

(١) وشەیەکی یۆنانییە و مانای "ئاگرە". (وەرگێڕ)

(٢) وشەیەکی لاتینییە و مانای "بلیمەتە". (وەرگێڕ)

(٣) وشەیەکی یۆنانییە و مانای " دادپەروەریی، یاسا"یە. (وەرگێڕ)

*«شانۆکە خەیاڵییە، زەوی شانۆکە جۆرە سەکۆیەکە و ڕووەو بینەران نەوی دەبێتەوە، بەهیچ جۆرێك دیکۆر نەکراوە، ئاماژەی "ڕاست" یان "چەپ" گوزارشت لە ڕاست و چەپی بینەران دەکات»*

### دیمەنی ١

*«ڕووناکییەکی کز. هەورەبرووسکە و هەورەگرمە. لە پشتەوە ڤاتسلاف هەڵدەزنێتە سەر سەکۆکە. ڤاتسلاف پیاوێکی چوارشانەی، قژ زەردی چل ساڵانە. کراسێکی سپی بێ میلوانی زبری کەتان و پانتۆڵێکی دارِزاوی تا ناوەڕاست لوولاق درێژی لە بەرە، پێی خاوسە. بە کاوەخۆ دێتە پێشەوە»*.

ڤاتسلاف:

لە سەرەتاوە نائازاد بووم و ئێستایش کەشتی شکاوێك، نائازادێکی شکاو، کەشتی شکاوێکی نائازاد. بەهۆی کەشتی شکانێکی خۆنەویستەوە لە نائازادیی هەڵاتم، ئێستا ئازادم، لەبەرئەوەی کەشتی شکاوم، بەڵام ئەوەندە ڕووخاوم، هەست بە ئازادیی تەواو نەکەم. چاکتر وایە کەمێك ئیسراحەت بکەم. *(لە*

سەر زەوییەکە *دادەنیشێ)* ئەمڕۆ لە کاتی زریانەکەدا کەشتییە پڕ لە زیندانییەکە دای بە گابەردێکدا و پاش ئەوەی هەپروون بە هەپروون بوو نزیکی کەنارەکە ژێر ئاو کەوت. چی کەنارێکە نازانم. بەهەرحاڵ زۆر لە وڵاتەکەمەوە دوورە، هەڵی ئەو بەڵایەم قۆستەوەو بەرەو وشکانی مەلەم کرد. بەڵام دەبێ بەڕاشکاوی پێتان بڵێم دەریا فڕێیدامە کەنار، هەڤاڵەکانم ژێر ئاو کەوتن.

دەنگ:

*(لە پشتی شانۆوە)* فریام کەون!

ڤاتسلاف:

بەوە دەچێ هەموو نەخنکابن. ها، هێشتا ماوی؟

دەنگ:

دەخنکێم!

ڤاتسلاف:

خۆ هەر ئێستا گوتم. ئەویش دەخنکێ. من ڕزگارم بوو. ئیتر ئەگەر قودرەتی خوا هەبێ، ئەوا قودرەتی ئەوە. دەبێ هەبێ، چونکە لە هەر شوێنێك قەزاوقەدەر هەبێ دەبێ یەکێك کردبێتی. بەڵام لەوانەیشە هەر قودرەت نەبێ. بەهەرحاڵ قودرەت یان نا، واقیع ئەوەیە من ڕزگارم بوو.

دەنگ:

نقوم دەبم!

ڤاتسلاف:

وا لە خۆت مەکە! مەزەندەی ئەوە ناکا من دەبوو چەندە ئاو قووت بدەم.

دەنگ:

فریام کەون!

ڤاتسلاف:

ئەگەر بمزانیایە چارەنووس دەیەوێ ئەو داماوە ڕزگار کرێ دەچووم یارمەتیم دەدا. بەڵام بەوە ناچێ. بەپێچەوانەوە. بەوە دەچێ چارەنووس بڕیاری خنکانی دابێ، ئەی من چی وام لێ دەکا دەست لە کاروباری چارەنووس وەردەم؟

دەنگ:

ئای؟

ڤاتسلاف:

ئەم هاوار و فیغانە گەواهیدەری مەزەندەمن، تا دێ زیاتر ڕۆ دەچێ.

دەنگ:

هاو وڵاتی!

ڤاتسلاف:

هاو وڵاتی؟ ئا بەڵێ، ئەویش خەڵکی ئەو هەرێمەیە. دەمتوانی ڕزگاری کەم، ئەگەر چارەنووس دژی ڕزگارکردنی نەبووایە، بەڵام ئەگەر من دژی چارەنووس بوەستمەوە– ئەمجا چی ڕوو دەدا؟ ئەوسا شایەتێکی دیلێتیم دەبێ. هەرچی بکەم هەمیشە چاوەکانی پێم دەڵێن: براڵە باش دەزانم، دیلێك کە ئازاد بێ دەتوانێ لە بیری بچێتەوە کە دیل بووە، بەڵام ئەوی تر نایهێڵێ. لەبەرئەوە چارەنووس دەیەوێ دووەم بخنکێ و یەکەم وەڕەس نەکا.

دەنگ:

هاوڕێ!

ڤاتسلاف:

هـاوڕێ! ئـەگـەر هـاوڕێمـی دەست لـە یـەخـەم بکەرەوە! هـاوڕێ کۆسپ دەخاتە ڕێی هاوڕێی؟ ئەوە چۆن هاوڕێیەکە کە هەمیشە بیرت بخاتەوە: تۆ لە دیلێتییەوە هاتووی. نەخێر تۆ هاوڕێ نیت، نە هاوڕێی منی و نە هی ئازادیی، ئەگەر تۆ بتەوێ بژی و ژیان لەوانی تر تاڵ بکەی. گەر لێرە هاوڕێیەکی ڕاستەقینە بانگ بکا دەبێ تێ بگا کە من پێویستم پێی نییە. من لێرە نامێنمەوە. *(هەڵدەستێ)* سڵاو ژیانە نوێیەکەم.

دەنگ:

چەپەڵ!

ڤاتسلاف:

چەپەڵ؟ چەپەڵیم لەگەڵ کێ کردووە؟ گفتم بەکێ داوە کە بۆ هـەمیشە و هـەتـا هـەتـایـە بـە دیلـی بـژیم؟ پـاسەوانـەکـان گفتـی ئەوەیان دابوو کە لە دەستیان قورتارم نەبێ، کە لەگەڵ ئەوەیشدا ئـێستـا ڕزگـارم بـوو مـانـای ئـەوەیـە ئـەوان قسەکـانـی خـۆیـان نەبردووەتە سەر، یان پەیمانم بە هاوڕێکانم دابوو منیش بکەومە ژێر ئاوەوە ئەگەر کەشتییەکە هەلا هەلا بوو؟ نەخێر بەڵێنی وا لە نێوانماندا نەبووە. ناپاکییەکی کە توانیبێتم ئەمڕۆ بیکەم، تەنیا ئەوە بووە کە چارەنووس منی هەڵبژاردووە. بەڵام من شتی وا ناکەم. من بەرەو ڕووی چارەنووس دەڕۆمو پێی دەڵێم...

دەنگ:

مردم!

ڤاتسلاف:

من لێرەم، چارەنووس تۆ دەتەوێ من ئازاد بم، بەڵام لە ڕاستیدا لە

بەرچی؟... ئازادیی، بۆچی؟... دەبێ بیری لێ کرابێتەوە *(دێت و دەچێ)* مرۆڤە ئازادەکان چی دەکەن؟ *(پەنجەکانی دەژمێرێ)* پارە کۆ دەکەنەوە، ناو پەیدا دەکەن و پایەدار دەبن، هەمیشە وا بووە.. تەنیا نائازادەکان بۆیان نییە ئەم شتانە بکەن. ئێستا تێ دەگەم، چارەنووس خودی خۆی ڕێم پیشان دەدا، چارەنووس دەیەوێ من دەوڵەمەند و خاوەن هێزو بەختەوەر بم. تۆیش حەسودی تەرمی دەریا دەتەوێ بێڕوویم لەگەڵدا بکەیت و کۆسپ بخەیتە سەرەڕێگەم! *(دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە وەکو بیەوێ لە یەکێك بدات)* دە باشە ڕێککەوتین! *(سێ پەنجەی بۆ سوێند خواردن بەرز دەکاتەوە)* چارەنووس سوێندت بۆ دەخۆم کە تووشی دڵساردیت ناکەم، دەتوانی پشتم پێ ببەستی! *(چەخماخە وگرمەی هەور)* گوێتان لێ بوو. ئەوا پەیمانمان بەست.

دەنگ:

دەرم بێنە!

ڤاتسلاف:

تێ بگە! من سوێندم خوارد! *(گوێ دەگرێ، بێدەنگیی)* تێگەیشت. ئەم شایەدەم لە کۆڵ بوویەوە. ئیتر هیچ تەگەرەیەك ڕێم لێ ناگرێ. ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەم. لێرە کەس نامناسێ. ئەگەر لێم بپرسن دەڵێم گەشتیارم و باب و باپیرەم بەگو بەگزادەن. بۆ مافی ئەوەم نییە؟ ئازار و ژان بەگ و بەگزادە دروست دەکەن. هێندەیان فلیقاندوومەتەوە چەند میرێکم لێ دەردەچێ و بەشی بارۆنێکی قیتیشم لێ دەمێنێتەوە. *(جمکانەکەی ڤاتسلاف، لەیستۆکێکی پەڕۆیین وەکو شەپۆلەکان*

بیجوولێیننەوەو بکەوێتە *سەر کەنار)*... هێشتا هەر لێرەی؟ برۆ! بگەڕێرەوە بۆ دەریا! *(دەبڵەکەی ڤاتسلاف دەگاتە* بەردەم پێی *ڤاتسلاف)* ئەمە چۆن کەللەڕەقێکە! *(بەر شەقی دەدا)* سوالْکەر! لەگەڵ ئەوەیش کاتی بەسەرچووە دەیەوێ بمێنێتەوە. شتی وا ناتوانێ بە هێمنی لە بنی دەریادا بحەسێتەوە؟ بەوە دەچێ کۆمەڵگەکەت ڕووت بووبێتەوە. هەر بە یەکەم نیگا مرۆڤ ئەسڵە نزمەکەی تەرمی دەریات تێدا دەبینێ. *(پێی خنکاوەکە بەرەو "ڕۆخ"ی دەریا ڕادەکێشێ)* وا دەزانن ئەم زەلامە ئامۆزامە. ئێستا کاتی ئەوەیە؟ ئەوا یەکێك دێ، چەند خانەدان دیارە. بە دڵنیاییەوە ئەریستوکراتە.

### *دیمەنی ٢*

*(لای چەپەوە نۆکەرێکی جل وەنەوشەیی پووزەوانە سپی دێتە سەر شانۆ. سینییەکی بە دەستەوەیە و دوو پەرداخ شەمپانیای لە سەرە. کاتێ ڤاتسلاف و خنکاوەکە دەبینێ ڕادەوەستێ).*

ڤاتسلاف:

بەگم... *(زۆر بۆی دادەنەوێتەوە. نۆکەرەکەش سەری بۆ دادەنەوێنێ و سەیری خنکاوەکە دەکا)* ئەو نەورەسە جوانە دەبینی؟ *(دەستی بەرز دەکاتەوە، نۆکەرەکەش سەری بەرز دەکاتەوە)* بۆ چاو دادەخەی کە ئاسمانی ڕوون بۆت پێ دەکەنێ؟ *(نۆکەرەکە لە خنکاوەکە دەنۆڕێ)* بەگم سەیرکە سەماش دەزانم! *(چەند هەنگاوێك سەما دەکا و هەڵدەبەزێتەوە. نۆکەرەکە سەیرێکی ڤاتسلاف دەکا و یەکسەر سەیری خنکاوەکە*

*دەکاتەوە)*... تـەرمـێك بـە بـاشتر دەزانـی؟ کـەس نـا ئـەو بـۆنـێکی خۆشتری لێ دێ؟ نەخێر، بەگم نەخێر! ئەگەر هەر دەتانەوێ سەیری زەوی بکەن. فەرموو ئەم گوێچکە ماسییە سدەستی بەرز دەکـاتـەوە وەکـو گوێچکـە مـاسیـی بـە دەستـەوە بـێ جـوان نـییـە؟ (نـۆکـەرەکـە سەری بـۆ دادەنـەوێنـێ، ڤـاتسلافـیش هـەروەهـا. نۆکەرەکە بە لای چەپدا دەڕوا.

## *دیمەنی ۳*

ڤاتسلاف:

*(بە دوای نۆکەرەکەدا گوێچکە ماسییە خەیاڵییەکە فڕێ دەدا، بە تەوسەوە سەری دادەنەوێنی)* ئەمە بەگە؟ نە دای بە دەمما، نە شەقێکی تێهەڵدام، تەنانەت پیاشما هەڵنەکالا. بەلام دەبوو بە لای کەمەوە ئەمەیان بکا. ئەم زەلامە بەگ نییە. جارێکی تر بـەشتـی وا هـەڵنـاخـەڵـەتێم. بـەو چـەورەیـەی پـیشان دەدەم بـەگ چۆنـە "بـە خنکاوەکە" چـیت دەوێ؟ بـڕۆ! بـۆ گـۆڕ! دەی! دەی! *(خـنـکـاوەکـە بـەرەو دواوە ڕادەکێشێ، بـە پشتـی سەکۆکـەدا خلـی دەکاتـە خوارەوە).*

## *دیمەنی ٤*

*(لای چـــەپـــەوە ئـــاغـــای شەمشەمـــەکـــوێرە و خـــانمی شەمشەمەکوێرە دێنە سەر شانۆ. پیاوەکە قەڵەوە و تەمەنی چل ساڵ دەبێ، شەپقەیەکی قوچەکی لە سەرە و قاتێکی ڕەشی لەبەرە و دەستکێشی سپی لە دەستە و کەوشی سپی لە پـێیـە. گـۆچـانـێکـی پـیـاسەی ڕەشی دەسك سپـی بـە*

*دەستێکێوەیەو گڵاسێکی شەمپانیا بە دەستەکەی ترەوەیە. چرووت دەکێشێ. ژنەکە بە خۆوە تێکسمراوە و ئەویش چل ساڵ دەبێ. تەنوورەیەکی پەمەیی لە بەرە. یەخەی بلووزەکەی کراوەو بەرینە. قژەکەی پڕ هونەر داهێنراوە. گوارەو هەموو جۆرە خشڵێکی پێوەیە. باوەشێنێك بە دەستێکییەوەیە و گڵاسێکی شەمپانیا بە دەستەکەی ترەوەیە).*

پیاو:

کوڕی باش بەڕێکەوت خنکاوێکتان نەدیوە؟

ڤاتسلاف:

چییەك؟

پیاو:

گوایە دەریا خنکاوێکی فڕێداوەتە کەنار.

ڤاتسلاف:

چی؟

پیاو:

بەوە دەچێ کەڕ بێ.

ژن:

یان سەرخۆشە. بێگانەکان زۆر جار سەرخۆشن.

پیاو:

تەرمێك. دەمەوێ بیبینم.

ڤاتسلاف:

بیبینی؟

پیاو:

یان کەڕە یا شێتە.

ژن:

لەوەیە. بێگانەکان زۆر جار شێت دەبن.

ڤاتسلاف:

بیبینی؟ کرنووش بەریت و بە تەوێڵت زەوی ماچ بکەیت و بیپەرستی؟ هەر ئەمە شایانتە.

پیاو:

خەریکە تەحەمولم نامێنێ.

ژن:

کوڕی باش، پیاوەکەم تەنیا بە نیازی باش پرسیار دەکا. ئەگەر قسەکانی بریندارت دەکەن ئەوا دان بە خۆتدا بگرە و بە ڕەوشتانە وەڵامی بدەرەوە. منیش زانخوازم.

ڤاتسلاف:

دەبێ زۆر بەختی یار بێ، کە ژنێکی هێندە نایاب قسەی خێری بۆ دەکا، ئەگینا باری لێژ دەبوو، چونکە لەم کاتەدا میزاجم زۆر خراپە. کەواتە باش گوێ بگرن، ئەگەر یەکێك ئاگەدار نەبێ ناتوانم گەرەنتی هیچ بکەم. *(جگەرەکە لە دەمی پیاوەکە دەردەهێنێ و بە لەزەتەوە دەیکێشێ)* لە کاتی زریانەکەی ئەمڕۆدا کەشتییەکەمان لێرە لەم کەنارەدا هەپروون بە هەپروون بوو. دەزانن کەشتی چییە؟

ژن:

پرسیارێکی گەمژانەیە.

ڤاتسلاف:

ئێوە نایزانن، هەر کەسێك هەرگیز کەشتییەکەمانی نەبینیبێ پێشبینی ئەوە ناکا کەشتی چییە. سەد ستوون و ئەوەندە

چارۆکەی هەبوو، کە سەد با جێیان دەبوویەوە و هێشتا جێگەی خاڵیش دەمایەوە. تۆپەکان لە ژماردن نەدەهاتن. هەموو ڕۆژێ هەر بۆ گەمە دووان، سیانێکمان لێ فڕێ دەدانە خوارێ، چونکە لە کاتی فڕێداندا هێندە جوان بوون ترپەیان دەهات و ئاویان دەپرژان، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر کەم نەدەبوونەوە. پشتی کەشتییەکەش زێڕی خاوێن بوو.

ژن:

پشتی؟

ڤاتسلاڤ:

*(پەرداخەکە لە دەستی پیاوەکە دەستێنێ، قومێك شەمپانیا دەخواتەوە و دەیداتەوە دەستی)* کەشتییەکی پادشایانە بوو. هی پادشا خۆی بوو. لەبەرئەوە دەڵێم کرنووش بەرن. دیکتاتۆرێکی گەورە بوو.

ژن:

چەند گەورە بوو؟

ڤاتسلاڤ:

گەورەترین دیکتاتۆری هەموو دنیا بوو. کە سەوڵمان لێ دەدا و نەژادێك ئاڵاکەمانی دەبینی یەکسەر بە چۆکدا دەهاتن.

ژن:

بۆچی؟

ڤاتسلاڤ:

چونکە پادشا دڵی پێ خۆش دەبوو.

ژن:

ئەی ئێستا لە کوێیە؟

ڤاتسلاف:

*(دەست بۆ لایەك درێژ دەكا)* لە گۆڕی مەزنەكاندایە. ئای بابە گیان!

ژن:

بابە؟

ڤاتسلاف:

من كوڕیم. دەریای بەد. فرمێسكەكانی منداڵێكی هەتیو لە تنۆكەكانت سوێرترن، لەوانیش زۆرترن. دەریا دەمەوێ لە فرمێسكەكانمدا بتخنكێنم.

ژن:

چەند داماوە!

ڤاتسلاف:

خانمی بەڕێز خوا پاداشتت بداتەوە.

پیاو:

بەوە دەچێ درۆ بكا.

ڤاتسلاف:

كە لەگەڵ خاوەن عەرشدا قسە دەكەی ئاگەداری دەمی خۆت بە.

ژن:

ئەی چۆن توانیتان خۆتان ڕزگار بكەن؟

ڤاتسلاف:

بێهوودە دژی زریان دەجەنگاین. كاتێ پشتی كەشتییەكە كەوتە ژێر شەپۆلەوە و كەشتییەكە لە نغرۆبووندا بوو بە پادشام وت: بابە سەركەوە، بەرەو وشكانی تاو دەدەین. وەكو دەلفین هاتە سەر پشتم *(جووڵەی مەلە دەكا)* خۆم هەڵدایە ناو ئاوەوە و كەنار

خـۆت بـگـره هــاتم. بـۆ مـن ئـهمـانـه گـهمـهی مـندالآن بـوون. کـه گهیشتینه وشکانی وتم: دهی گهیشتین. بهڵام ئهو جووڵهی نهبوو. دژوارترین بیرکردنهوه، که ئاوڕم دایهوه، چیم بینی؟ خوایه، خوایه!

ژن:

بهڵام خۆ نهخنکابوو، ئهو بهستهزمانه بهچی مرد؟

ڤاتسلاف:

ژار خواردوو بوو.

ژن:

بهدهم ڕێوه؟

ڤاتسلاف:

حهبی نهخۆشیی دهریای دهخوارد، منیش پهلوپۆم زۆر دهوهشاند، لهبهرئهوه لێی تێکچوبوو، ئهو برهی خواردبووی بۆ ئهو زۆر بوو. ڕێم پێ بدهن دهستبهرداری درێژه پێدانی بم، هێنده ئازار بهخشه.

پیاو:

ئهی کهشتییهکه؟

ڤاتسلاف:

کهشتییهکه نغرۆ بوو.

پیاو:

چۆن کهشتییهکی وا جوان نغرۆ دهبێ؟

ڤاتسلاف:

چونکه کونی تێدا بوو.

پیاو:

کون لە کەشتییەکی هێندە جواندا؟

ڤاتسلاف:

هێشتا کەس کونی هێندە جوانی نەدیبوو.

پیاو:

چی لێ بکەین؟

ژن:

چەند فلسێکی بدەرێ!

ڤاتسلاف:

بۆ خاوەن عەرش هەر چەند فلسێك؟

پیاو:

دەبینی، ڕەتی دەکاتەوە.

ڤاتسلاف:

هیچ نەبێ دەرهەمێك.

ژن:

پیاوێکی داماوە.

پیاو:

*(دەستی ژنەکەی دەگرێ)* چرووتەکەم پێدا. *(بە لای چەپدا دەڕۆن)*.

ڤاتسلاف:

ها، چییە؟ فلسەکە چی بەسەرهات؟

پیاو:

با بیکیشێ.

ڤاتسلاف:

*(ڕێیان پێ دەگرێ)* هیچم بە خۆڕایی ناوێ. *(چرووتەکە بۆ پیاوەکە ڕادەگرێ)* لێم دەکڕیتەوە؟

پیاو:

سوپاس، ئەوانی خۆم دەکێشم.

ڤاتسلاف:

بەڵکو جەنابتان کارێکتان بۆ من هەبێ؟

پیاو:

کار بە یەکێکی خاوەن شکۆ نادەم.

ڤاتسلاف:

لە دایکەوە هیچ نیم. دایکم چێشتکەر بوو.

ژن:

هەر هیچت نییە بیدەیتێ؟

پیاو:

*(دەوەستی)* چی دەزانی؟

ڤاتسلاف:

هەموو شتێ!

پیاو:

ئەمەیان زۆرە. *(دەڕۆن)*

ڤاتسلاف:

نەخێر، هەموو شتێك نازانم، تۆزێك لەمە و کەمێك لەوە.

پیاو:

*(دەوەستێ)* بۆ نموونە؟

ڤاتسلاف:

چەپڵە لێدان *(چەپڵە لێ دەدا)* با بژی، بژی، بژی.

پیاو:

کێ؟

ڤاتسلاف:

بۆ من گرینگ نییە.

پیاو:

چیتر دەزانی؟

ڤاتسلاف:

با... *(هاوار دەکا)* بڕووخێ! بڕووخێ! بڕووخێ!... ئەمەش دەزانم.

پیاو:

کێ بڕووخێ؟

ڤاتسلاف:

هەر کەس ئێوە فەرمان بکەن.

پیاو:

پێویستمان پێی نییە *(دەڕۆن)*.

ڤاتسلاف:

*(ڕێگەیان پێ دەگرێ)* دەتوانم لاسایی هەموو جۆرە حەیوانێك بکەمەوە. *(وەکو کەڵەشێر دەقوولێنێ)*.

پیاو:

کەڵەباب، بە هەڵە قوولانت. *(ڤاتسلاف دەوەڕێ)*. ئەمەیان دەتوانین قسەی لێ بکەین.

ڤاتسلاف:

دەیشتوانم بمرێنم

پیاو:

بمرێنی؟ ئەمەیان سەرنجم ڕادەکێشێ. *(ڤاتسلاف دەمرێنێ)* بەڕاستی، خراپ نییە.

ڤاتسلاف:

دەتوانم ئومێدم هەبێ؟

پیاو:

با ببینین، بزانین دەتوانین چی بکەین. *(ژنەکە بە گوێیدا دەچرپێنی)*، بەڵام ئایا دەگونجێ؟

ڤاتسلاف:

بە دڵنیاییەوە بۆی دەگونجێم. وەعدی شەرەف!

پیاو:

تکایە هەر چوار پەلت بخە سەر زەوی! *(ڤاتسلاف بە چوار پەل دەڕوا)* چی دەڵێی؟

ژن:

زۆرم بەدڵە.

پیاو:

دە خێرا پێشم کەوە! *(ڤاتسلاف بە بازنەیەکدا دێت و دەچێ)* باشە دەیبەین.

ڤاتسلاف:

زۆر زۆر سوپاس گەورەم!

پیاو:

لەمڕۆوە ورچی.

ڤاتسلاف:

بەڵام حەزم دەکرد تانجی بووایەم.

پیاو:

لە قەفەزی سەگدا جێی خاڵی نەماوە، بەڵام دارستانەکانم حەیوانی دڕندەی تێدا نییە.

ڤاتسلاف:

واتە؟... بە تەواوی دەبێ چی بکەم؟

پیاو:

وەکو ورچ لە دارستاندا دێیت و دەچی...

ڤاتسلاف:

هەر ئەوەندە و هیچی تر؟

پیاو:

جارجاریش دەمڕێنی...

ڤاتسلاف:

لەمە ئاسانتر نییە.

پیاو:

ڕانە مەڕەکانیش دەترسێنی.

ڤاتسلاف:

وایان زارەترەك دەکەم نەتوانن چاویان بنووقێنن. لێگەڕێ با ئەمە خەمی من بێ. ئەمە هەموو شتێکە؟

پیاو:

بەڵێ *(دراوێك لە گیرفانی دەردێنێ)* با پێشەکییەکت بدەمێ.

ڤاتسلاف:

*(سەیری دراوەکە دەکا)* چی؟ تەنیا یەك دراو بۆ ئەو حەیوانە قورسە؟

پیاو:

باقییەکەیت دوایی دەدەمێ.

ڤاتسلاف:

*(دراوەکە دەخاتە گیرفانی)* باشە، ڕازیم. مرۆڤ دەبێ بەشتێك بژی.

پیاو:

لە بیرت نەچێ لەمڕۆوە تاقە وشەیەك بە زارتدا نایەت. حەیوان دەبێ بێدەنگ بێ. ئەوە لە بیر بکە کە لەوە تێ دەگەی کە پێت دەوترێ، لە بیری بکە کە دەتوانی قسە بکەی، لەمڕۆوە زارت دەگری!

ڤاتسلاف:

*(زمانیان لێ دەردێنی)* یێ، یێ، یێ...

پیاو:

زمانت بکەوە ناوەوە و بێدەنگ بە! *(بە ژنەکە)* ئەها ئەوا ورچیشمان هەیە. *(پیاوەکە و ژنەکە بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن)*.

### *دیمەنی ٥*

ڤاتسلاف:

*(لە پشتیانەوە زمانیان لێ دەردەهێنێ)* یی یی یی یی... *(ئاها ئەوا ورچمان هەیە)*. بابە دەبینی، بارم ئێستا لە لێژ لێژترە!

بـەڵام لـەوانـە بـوو لـەمـەیش خراپـتر ڕوو بدا. *(بـە فـیزەوە)* منی ورچی بچووك پادشای جەنگەڵم. سەرۆكی هـەموو حەیوانەكانم. دەچـم سـەیـری بـێشەكـەم دەكـەم. هـۆ دارسـتـان ئـاگـەدار بـە پادشاكەت نزیك دەبێتەوە! *(بە لای چەپدا دەڕوا)*.

### *دیمەنی ٦*

(لە لای ڕاستەوە یوسف دێتە سەر شانۆ، پیاوێكی تێكسمڕاو تەمەنی نزیكەی چل ساڵانە، قاتێكی دەریاوانی منداڵانە و، كـراسێكـی شیـنـی تـۆخ كـە بـۆی زۆر تـەسكـە و یـەخـەیـەكـی بەرینی نووشتاوەی هـەیە. پانتۆڵێكی شینی كورت، گۆرەوی سپی هـەتا ئەژنۆ، پووتی لە پێیە. تایەیەكی منداڵانەی بە تـەلـێكـەوە بـەدەسـتـەوەیـە، ئـەڵـقـەیـەكـی لـە پـەنجـەدایـە و سەعاتێكی زنجیرزێڕی لە ملدایە).

یوسف:

ئـاخ، كـەی دایك و بـاوكـم دەگـەڕێنـەوە. مـن هـەر حـەز نـاكـەم هـەردووكـیـان ئـاوا هـەمیشە بـە تـەنـیـا بـە یـەكـەوە بـن. ئـەمشەو خەونم بینی، چۆن باوكم بۆ لام هات، چەنگاڵێك بە دەستێكییەوە بـوو و چـەقـۆیـەكـیش بـە دەسـتـەكـەی تـرەوە. ئـەمـجـا دایكم بـە تاوەیەكەوە هات. باوكم بە چانگەڵەكە چەقۆكەی تیژ كرد و دایكم بە كەرە هەموو جەستەی چەور كردم، ئەمجا خستمیانە تاوەكەوە. پرسیم *(بابە ئەمە موفاجەئەیە؟)* باوكم لە وەڵامدا وتـی: دەبـێ ڕەیـحـانـەی پێوەكرێ، پرسیم *(بـابـە ڕەیـحـانـەی بۆ چییە؟)* باوكم وتی: *(تۆ هێشتا بۆ ئەم شتانە منـاڵـی، دوایـیتر تـێ دەگەی)*. پێش ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە بەهاراتم پێوە كرابوو. دایكم وتی: *(سەیر كە ڕەنگی گرتووە!)* باوكم وتی: *(وا زۆر باشە! دەبێ*

*ڕەنگی هەبێ، سووری ئەرخەوانی لە هەمووی بە لەزەتترە). (لە ڕاستەوە پیاوەکە و ژنەکە دێنە سەر شانۆ).*

**دیمەنی ٧**

یوسف:

دایە، دایە! *(دایکی لە ئامێز دەگری)*

پیاو:

بۆ وا سوور هەڵگەڕاوی؟

ژن:

*(دەستی دەخاتە سەر هەنیەی)* تۆ زۆر گەرم بوویتە.

پیاو:

*(لاوەکی)* شتێکی سوور لە ماڵەکەمدا!

ژن:

لە پڕ چۆن ڕەنگێکت گرتووە!

یوسف:

دایە، من؟

ژن:

سوور وەکو گوڵەباخ.

پیاو:

*(لاوەکی)* بەڵێ! گوڵەباخ!

یوسف:

دایە، لە خۆشیدا، کە ئێوە جارێکی تر دەبینم *(بە لالێو)* خوایە، ئەمە درۆیە.

پیاو:

ئێمەیش پێ خۆشحاڵین. *(لاوەکی)* ئەم ڕوخسارە پەمەییە

چاوبرسێتیم دەورووژێنێ. بەڵام هەرچی چۆنێ بێ کوڕی منە، حەزم دەکرد سەوز بووایە.

ژن:

ئەم ڕەنگەت چەند جوان لێ هاتووە، وەکو گۆشت و خوێن...

پیاو:

لەوە گەڕێ!

یوسف:

دایە تۆیش وەکو من وای.

ژن:

نەخێر، من هەمیشە زەرد هەڵگەڕاوم.

یوسف:

نا دایە، ئێستا زۆر جوان سوور بوویتە.

ژن:

ئەمە تەنیا ڕێکەوتە و هیچی تر.

یوسف:

کە من وەکو گوڵەباخ وا بم، تۆیش وەکو...

پیاو:

واز بێنن!

ژن:

چیتە؟

یوسف:

باوکم زۆر ڕەنگی پەڕیوە.

پیاو:

تینوومە.

یوسف:

ئـاوت بۆ دێنم.

پیـاو:

هـا، هـا، ئـاو!

یوسف:

بـادەیـەك شـەراب.

پیـاو:

هـا، هـا، شـەراب!

یوسف:

یـا ڕێواس...

پیـاو:

هـا، هـا، ڕێواس! حـەزم لـە...تووتڕکە!

یوسف:

تووتڕکت بۆ دێنم.

پیـاو:

واز بێنـە عـەزیـەت مـەکێشـە!

یوسف:

دە فـەرمـان بـە نۆکـەرەکە دەکـەم بڕێکی تـەکێنراوت بۆ بهێنێ.

پیـاو:

بـەڵام دەبێ نوێ بن.

یوسف:

کـەوابێ دەچمـە دارستـانـەکە.

پیـاو:

لێرە بمێنـەوە، خۆمـان دەڕۆین!

یوسف:

دەتوانم لە گەڵتاندا بێم؟

پیاو:

نەخێر دەمانەوێ بە تەنیا بڕۆین.

یوسف:

چی؟ دیسان بە تەنیا؟

پیاو:

خوا حافیز! *(پیاو و ژنەکە بە لای چەپدا دەڕۆن، دەنگی پیاوەکە لە پشتی شانۆوە)* تووترڕك، تووترڕك!

### *دیمەنی ٨*

یوسف:

دایکم و باوکم نهێنییەکیان هەیە. شتێك دەشارنەوە. بەڵام لە کێ؟ لە من؟ لە منداڵێك؟ کەواتە نهێنییەکان بۆ منداڵ نابن. کەواتە شتێکی گوناهبارانەیە. چی، دایکو باوکم گوناه دەکەن؟ من خۆم گوناهبار دەکەم ئەگەر هەر شتێکی ئاوا بە خەیاڵمدا بێت. دەبێ خێرا لە بیری کەین. ئەگینا دەست لەوە هەڵدەگرم منداڵێکی سەلار بم. بەڵام ئەگەر دایك و باب بە ڕاستی گوناهبار بن بۆ دەبێ منداڵەکەیان سەلار بێ؟ بەڵام من نازانم مەسەلەکە بەتەواوەتی چۆنە، ئەمەش خەتەری ئەوەی هەیە ببمە منداڵێکی خراپی دایك و باوکێکی باش. بەڵام ئەگەر من لەم سەرچڵییە سڵ بکەمەوە شتێکی تر هەڕەشەم لێ دەکا: من دەبمە منداڵێکی سەلاری دایك و باوکێکی سامناك. لە حاڵەتی یەکەمدا ناهەقییان بەرامبەر دەکەم، لە حاڵەتی دووەمدا ناهەقی

بەرامبەر خۆم دەکەم. وا یان وا ناهەقی دەمێنێتەوە. منداڵێکی باش بۆ دایك و باوکێکی باش، منداڵێکی خراپ بۆ دایك و باوکێکی خراپ، تەنیا ئەمە پاساوی هەقیانەت دەداتەوە.

پیاو:

*(لە پشتی شانۆوە)* تووتڕکی بچووك، تووتڕکی بچووك.

یوسف:

دەبێ لە دارستان چی بکەن؟ با بە دوایاندا بڕۆم! *(بە لای چەپدا دەڕوا)*.

### *دیمەنی ٩*

*(لە لای ڕاستەوە ڤاتسلاف بە دەمامکی ورچێکەوە دێتە سەر شانۆ)*.

ڤاتسلاف:

ئاخ...کێ هەرگیز وەکو ورچ نان پەیدا ناکا! چی ڕاکە ڕاکەیەکە. نامەوێ بۆ دژوارترین دوژمنیشم بە ئاواتی بخوازم. پینەدۆزێك یان بەرگدروویەك لە ماڵەوە دادەنیشێ، کەس سەرکۆنەی ناکا. بەڵام من وا بکەم کارم شڕ دەبێ! چونکە من وەکو ورچ کار دەکەم! کێ جگە لە دارستان ورچی لە شوێنێکی تر دیوە؟

دەنگ:

*(لە پشتەوەی شانۆوە)* من!

ڤاتسلاف:

هۆو، کێ پێ بە جەرگی خۆیدا دەنێ و قسە لە قسەی منی پادشای جەنگەڵدا دەکا؟ *(لە لای ڕاستەوە "قەتێ"ی جووتیار دێتە سەر شانۆ. گونێی کەتانی لەبەرە و شەپقەیەکی کۆنی لەسەرە)*.

## دیمەنی ١٠

قەتێ:

نۆکەری گوێڕایەڵیت.

ڤاتسلاف:

وەرە پێشەوە، کلۆڵ! دەزانی لە گەڵ کێ قسە دەکەی؟

قەتێ:

چۆن نازانم؟ لەگەڵ جەنابی ورچی خاوەن شکۆ.

ڤاتسلاف:

دەم خۆش!

قەتێ:

لەگەڵ ورچی زۆر خاوەن شکۆ.

ڤاتسلاف:

بەوە دەچێ حەیوانێکی ژیر بی. ناوت چییە؟

قەتێ:

قەتێ.

ڤاتسلاف:

مەلێکی چەپەڵ. لە بیرت نەچێ وەکو قەتێ زۆر قەرزاربارمی. دنیایەك ورچ لە قەتێ جیا دەکاتەوە.

قەتێ:

خۆ من مەل نیم. من مرۆڤم.

ڤاتسلاف:

لەوە دڵنیای؟

قەتێ:

سوێند بەهەموو ئەو شتانەی لام پیرۆزن.

ڤاتسلاف:

کەواتە تۆ مرۆڤەقەتێی.

قەتێ:

من تەنیا ناوم وایە. باوکیشم هەر ئەو ناوەی هەبوو.

ڤاتسلاف:

ئەوە هێشتا بەڵگە نییە، چی تر دەکەی؟

قەتێ:

زەوی بۆ ئاغام دەکێڵم.

ڤاتسلاف:

کەواتە لە باشترین حاڵەتدا لادێییت. حەیوانێکی نەجیبزادەی وەکو من بە لای کەمەوە هەمان شکۆی هەیە وەکو تۆ. قەتێ گوێ بگرە! باش لێت حاڵی بووم؟ تۆ جگە لە دارستان لە شوێنێکی تر ورچت دیوە.

قەتێ:

بە ساغی نەمبینیوە، بەڵام کەوڵەکەی.

ڤاتسلاف:

بەوە دەچێ حەزت لە گەمە بێ.

قەتێ:

ئەوەی پێوەندی بە کەوڵەوە هەیە ورچ ڕەوشتی سەیری هەیە. هەموو کاتێك لە کەوڵەکەیدا نییە. من کەوڵی بێ ورچم بینیوە.

ڤاتسلاف:

لەم دەڤەرە زۆر ڕاو دەکرێ؟

قەتێ:

پیاو نابێ گازاندە بکا. بێگومان کە شت بۆ ڕاو هەبێ، ڕاو دەکرێ.

ڤاتسلاف:

قەتێ، قەتێی خۆشەویست، لەگەڵ خۆتا بمبە!

قەتێ:

بۆ خاتری خوا! تۆ جێگات دارستانە. ئەگەر باخەوانەکە لە کووخەکەمدا کەوڵەکەت ببینێ، دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا. ڕاوەئاژەڵی کێوی لێرە بە توندی سزا دەدرێ.

ڤاتسلاف:

مەبەستم ئەوە نییە. دەمەوێ خزمەتت کەم، مانگاکانت بۆ بدۆشم...

قەتێ:

نەبووە و ناکرێ!

ڤاتسلاف:

... ئاگەداری منداڵەکانت دەبم و دارت بۆ دەبڕمەوە.

قەتێ:

ئەوە لە مێشکت دەرکە! تۆ هی خاوەن زەویت!

ڤاتسلاف:

بە لای کەمەوە پێم بڵێ: ئاغایەکی توندو تیژە؟

قەتێ:

لەگەڵ ورچدا کەمتر توندو تیژەوەکو لەگەڵ خەڵکدا (*بە لای ڕاستدا ون دەبێ*).

## دیمەنی ١١

ڤاتسلاڤ:

(دەمامکەکە لادەبا) ئێ کەواتە زۆر دژوار نییە. لە لایەکی ترەوە بێگومان بارم زۆر لێژە. لێرە ڕاو دەکرێ ئەگەر شتێك بۆ ڕاو هەبێ. لە دیلیدا بمابامایەوە باشتر نەبوو، وەکو لەوەی لە ئازادیدا پێستم بچێتە دەباخانە. ڕاستیت دەوێ ژیان لە نائازادیدا زۆر خراپ نییە. مرۆڤ لە گەرمیدا دادەنیشێ، ئەگەر مرۆڤ تۆزێ بۆنیشی بێو قێزیش بکاتەوە خۆ دەتوانێ هەناسە بدات. بەڵام کەس لە قێزدا مردووە؟ نەخێر! تەنیا ئەو حاڵەتانە زانراون کە هەندێ کەس مردوون لەبەرئەوەی قێزیان لە قێز کردووەتەوە. قابیلیانە، چونکە بە لووت بەرزی گوناهیان کردووە و خۆیان بەشتێکی باشتر داناوە. نەیان دەتوانی تەحەمولی ئەوە بکەن؟ ئەوانی تر دەتوانن؟ خوای گەورە لووتی بەهەموو کەسێك داوە. بۆ دەبوو دژی یەکسانیی ملپێچی بکەن؟ لە کوێ لە یەکسانیی یەکسانیی تر هەیە وەکو لە زینداندا؟ لەبەرئەوەی ئێمە لە سروشتدا هەموو وەکو یەکین، مافی سروشت لە پشتی زینداندایە نەك لەگەڵ ئازادیی. ڕەوشتیش هەر وایە، چونکە لە ئازادیدا لەوەیە برسیەتی بکێشی، لە بەندیخانەدا هەمیشە خواردنیان دەدامێ. ئاخ، من قەدری دیلێتیم نەدەزانی. ژیانێکی هێمن، پیرییەکی ئەرخەیانم لە دەستی خۆم دا، لە هەموو چاوترووکانێکدا ڕەنگبێ ڕاوچییەکان بێن، بڕوام چۆن بەم ئازادییە هەبێ کە بە ورچی کردووم نەك بە ڕاوچی. با بڕووخێن ڕاوچییەکان! با بژین ورچەکان! *(لە ڕاستی شانۆوە پیاوەکە و ژنەکە دێنە سەر شانۆ).*

## *دیمەنی ١٢*

پیاو:

چیت وت؟

ڤاتسلاف:

*(دەمامکەکە دەخاتە سەر سەروچاوی)* با بژین ڕاوچییەکان!

پیاو:

من فەرمانم پێ کردی بێدەنگ بی. بۆ هاوارت دەکرد؟

ڤاتسلاف:

گەورەم بیرم دەکردەوە کە ڕاو چەند نایابە. لەوە جوانتر چی هەیە؟ ئەو قۆچانە، ئەو سەگانە....

پیاو:

دەبێ بێدەنگ بی، گوێت لێیە؟

ڤاتسلاف:

ئەی ئەگەر نەتوانم! بەیانی زوو قیژەی قۆچەکان، هاوارە خۆشە ئاروژێنەرەکان، ئەو شتانە ئەوەندە شاگەشکەیان کردووم، هێندە بە عەشق پڕیان کردووم، ئیتر نەمتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ بم، دەبوو هاوار بکەم.

پیاو:

بەسە!

ڤاتسلاف:

بژی ڕاوی نەجیبزادە!

پیاو:

ئیتر دەمت داخە!

ڤاتسلاف:

ئەوا بێدەنگ بووم. بەڵام دڵم لە شادیدا دەگەشێتەوە. کەس نابێ ئەم عەشقە کپەم لێ بدزێ. ئەی ڕاوکەرەکان وەرن!

*(پیاو و ژنەکە لە لای چەپی شانۆوە دادەبەزن).*

### *دیمەنی ١٣*

ڤاتسلاف:

*(دەمامکەکە لادەبا)* هیوادارم زۆر شوولم لێ هەڵنەکێشرابێ. لە توانایاندایە یەکسەر گەلە سەگ بەرەڵا کەنە گیانم. ئەوا هات. نەخێر هەر منداڵێکە.

### *دیمەنی ١٤*

*"لای ڕاستەوە یوسف دێتە سەر شانۆ"*

یوسف:

ئەوا گەیشتینە دارستانەکە. مرۆڤ لە سێ هەنگاو بەولاترەوە نابینێ، بەڵام ناگەڕێمەوە. نازانم لێرە چی چاوەڕوانم دەکا. لە ماڵەوە هەموو شتێك دەناسم، لە هەر شوێنێك مرۆڤ هەموو شتێك بناسێ، هیچ شتێك بۆ ئومێدکردن نامێنێ.

ڤاتسلاف:

بەوە دەچێ کەمێك گەلحۆ و دەبەنگ بێ.

یوسف:

هۆ دارستانی سەوز، بەم زووانە هیوام دەکەیتە دیاری.

ڤاتسلاف:

سەدی سەد ترسنۆکیشە.

یوسف:

هیوا لەسەر هیوا.

ڤاتسلاڤ:

باز دەدەمە بەردەمی و زارەترکی دەکەم. شەیتان بەلەعنەت بی! تاقە شتێکی لە ژیاندا هەمە تۆقاندنە. *(دەمامکەکە دەکاتە سەری، باز دەداتە سەر یوسف و دەمرێنێ).*

یوسف:

بۆ وا دەمرێنی؟ *(ڤاتسلاڤ بە دەنگی بەرزتر دەمرێنی)* هیچ شوێنێکت یەشێ؟ *(ڤاتسلاڤ پتر دەمرێنی)* وەزعت باش نییە؟

ڤاتسلاڤ:

*(دەمامکەکەی لا دەبا)* چەپەڵی بێشەرم نابینی کە من ورچم؟

یوسف:

بە ڕاست؟ دە مادام بمرێنە.

ڤاتسلاڤ:

ناترسی؟

یوسف:

بەهیچ جۆرێك.

ڤاتسلاڤ:

من ئاژەڵێکی دڕندەم. بۆ ناترسی؟

یوسف:

لەبەرئەوە! ئێستا دەزانم کێی. هەر شتێك بناسم نامترسێنێ.

ڤاتسلاڤ:

ئەی ئەگەر بتخۆم؟

یوسف:

ئەوسا خوراوم و ئەو کاتە هەر پێویستم بەوە نییە ترسم هەبێ.

ڤاتسلاف:

تۆ نازانی. من سەردەمێکم بیر دەکەوێتەوە، تەنانەت مردووەکانیش دەترسان، وەکو هێشتا باش بە تەواوی نەمردبن. باوکم بە ترسەوە دروستی کردم و دایکم بە دڵە لەرزەوە بە منەوە دووگیان وو. بە حاڵ هاتبوومە دنیاوە گەڕامەوە و لە سکیمدا بۆ ئەوەی جارێکی تر بچمەوە ژوورەوە، بەڵام نەیویستم، چونکە هەر کەسێك داڵدەی گومانلێکراوانی بدایە سزایەکی قورس دەدرا. ئەمجا لە جیاتی مەمکی دایکم کەوتمە فرچکی شمشێرێك. هەموو جارێك کە دایکم دەیەویست مەمکم بداتێ، دەترسام، وام دەزانی شمشێرە. ئەمجا ناردیانمە قوتابخانە و بە ماستەری ترس تەواوم کرد. لەبەرئەوە ئامۆژگاریت دەکەم، دەبێ ترست هەبێ، گوڵەکەم، ترس.

یوسف:

نەخێر، گەورەی ئازیزم لێت ناترسێم.

ڤاتسلاف:

ئاخ منی بەدبەخت!

یوسف:

دەبێ دانی پێدا بنێم، کە منداڵ بووی ژیانت هێندە ئاسان نەبووە، ئیتر بیری لێ مەکەرەوە!

ڤاتسلاف:

ئای بەدبەختی، ئای چارەنووسی ڕەش!

یوسف:

بەدبەخت بووی، بەڵام ئێستا کامەران بە.

ڤاتسلاف:

ئای بادەی تاڵ، ئای کزەی جەرگ!

یوسف:

با ببینە هاوڕێ! ئەوە دەستم!

ڤاتسلاف:

ئۆ ناهەقی، ئازار، ئۆ پەژارە!

یوسف:

ناهەقیان بەرامبەر کردووی، ئیستا لە بیری کە.

ڤاتسلاف:

دەبێ ڕابردوو لە بیر کەم، هەی گەمژەی زۆڵ؟ سەردەمێکی نایاب بوو. هیچکەس وەکو من لێی نەدراوە. تێ دەگەی؟ کەس! وەکو تەپڵ نمرە یەکم. ئەم نازناوە بۆ من مایەی شانازییە. وا خولقاوم، وا خۆش کراوم. ڕێ بە کەس نادەم شکۆمەندی ئازارە شیرینەکانم لێ قەدەغە بکا. وەکو دووکەڵی بخوردی پیرۆز کە لە کووپەوە هەڵدەستێ، لە دەوری ئارەقەم کۆ ببەرەوە و ببە بە پەیکەر.

یوسف:

تێ دەگەم، دەتەوێ بۆ بەزینت پەیکەرێك دروست بکەی.

ڤاتسلاف:

مرۆڤ دەبێ لە بەردەمیدا بێتە سەر چۆك...

یوسف:

و لاوازیی فەزیلەت وەدەر بخەی.

ڤاتسلاف:

... مرۆڤ دەبێ لە بەردەمیدا نوێژ بکا.

یوسف:

لە ڕیسواییی خۆتدا بە دوای جوانیدا دەگەڕێی.

ڤاتسلاف:

ئێ؟ کێ دەیەوێ لێمی قەدەغە بکا؟

یوسف:

من تەنیا تێ ناگەم تۆ هێشتا ئەم پرتە و بۆڵەیەت لە چییە، ئەگەر بەچوارپەل ڕۆیشتن وا باش لەگەڵ ڕوخسارتدا دەگونجێ. چیت کەمە بۆ بەختەوەریی ئەگەر نەگبەتیت بۆ ببێتە کامەرانی؟

ڤاتسلاف:

کە مرۆڤ لێم دەترسێ! ئەی ئەوە هەقیانەتە، من لە هەموو خەڵکی دەترسم و کەس لە من ناترسێ؟ نەخێر ئەمە هەقیانەت نییە. لەبەرئەوە پێت دەڵێم: هەتا یەکێك نەدۆزمەوە کە وا زارەترەکی بکەم بە پشتدا بکەوێ هەقیانەت لەم دنیایەدا نابێ. کەسێکی وا ناناسی؟

یوسف:

واتە یەکێکی لاوازتر.

ڤاتسلاف:

بەڵێ، بەڵێ، دەم خۆش.

یوسف:

تا ئێستا کەسی وا نابینم.

ڤاتسلاف:

لەبەر من نا، لەبەر بنەماگە.

یوسف:

دڵ لە دڵ مەدە، یەکێك هەر دەدۆزرێتەوە.

ڤاتسلاف:

هەرزەکار، تۆم بەدڵە. ئێمەی خەڵکی ئەودیوی دەریا ئاوەهاین:

ئێمە دڵێکی پڕ هەستمان لە جەستەماندا و ڕازمان لە سەر زمانمان هەڵگرتووە. کە دڵمان پڕ بێ، ئێمە دەممان لێی دەڕژێ. ئێمە وەکو زەلامە نالەبارەکانی لای ئێوە داخراو نین، کە پێیان باشترە بمرن لەوەی وشەیەکیان لە دەم دەرچێ. لەوانەیە زبر بین، بەڵام ڕاستگۆین. بێ دزێویین، بێ فڕوفێڵ، ئێمە خەڵکی ڕاشکاوین.

یوسف:

دە باشە پێم بڵێ، دایک و باوکی منداڵێك لێرەوە تێ نەپەڕین؟

ڤاتسلاف:

سەرڕاست و دڵنەرم...

یوسف:

دیسانەوە ستایشی خۆی دەکا.

ڤاتسلاف:

...سەرڕاست و دڵسۆز.

یوسف:

پێم دەڵێی؟

ڤاتسلاف:

با لە ئامێزت گرم. *(یوسف ماچ دەکا)* بەجارێ شێتت کردم.

یوسف:

وەڵام بدەرەوە!

ڤاتسلاف:

براڵە، بە ڕاست چوویتەتە دڵمەوە!

یوسف:

لێرەوە تێپەڕین یان نا؟

ڤاتسلاف:

ئەگەر ئەو پیسکەی ورچ چەوسێنەرە باوك بێ، ئەوا بینیم چۆن لەگەڵ ژنەکەی بەو ڕێگەیەدا بەرەو خوار دەبوونەوە.

یوسف

بمبە بۆ ئەوێ! *(ڤاتسلاف و یوسف بە لای چەپدا دەڕۆن).*

## دیمەنی ١٥

*(لای چەپەوە قەتێ و ئیگناتسی جووتیار دێنە سەر شانو)*

ئیگناتس:

خەڵکی دەڵێن بەم زووانە ڕوو دەدا.

قەتێ:

لەو بڕوایەدان، کاتی هاتووە....وس....

ئیگناتس:

وس...

قەتێ:

من هیچم نەوتووە.

ئیگناتس:

ئێوە گۆرانی ناڵێن، بەڵام مرۆڤ گوێی لە تەپەی پێتانە.

قەتێ:

وا دیارە خەریکە زراوتان بتەقێ!

ئیگناتس:

تەقین نا، بەڵام دڵنیا دڵنیایە.

قەتێ:

دیسان هەسارەیەك بە ئاسمانەوە بوو.

ئیگناتس:

خوا ئاگەدارمان بێ!

قەتێ:

کلکێکی گەورەی هەبوو.

ئیگناتس:

کلك، ئامۆزا؟

قەتێ:

وس، وس....

ئیگناتس:

هیچم وت؟

قەتێ:

خەریك بووی.

ئیگناتس:

دە باشە کلکی نەبوو.

قەتێ:

بۆ نەیبوو؟

ئیگناتس:

ئامۆزا، پێم سەیرە هەمیشە بەرپەرچم دەدەیتەوە *(بەدەنگێکی زۆر بەرز)* کلکی نەبوو.

قەتێ:

دە باشە نەیبوو.

ئیگناتس:

*(بە چرپە)* باشە بەو کلکەوە چۆن بوو؟ *(قەتێ شتێکی بە گوێدا دەچرپێنی)* دەبێ دەستبەرداری ئەم قسانە بی.

قەتێ:

بەو خوایەی منی لێرە ڕاوەستاندووە!

قەتێ:

ئێستا چی دەڵێن؟

دەنگی پیاوەکە:

*(لە پشتی شانۆوە)* تووترك، تووترك!

قەتێ:

ئیگناتس، بۆچی؟

ئیگناتس:

هیچ پرسیارم کرد؟

قەتێ:

وا هەستم کرد.

ئیگناتس:

چاکتر وایە وا هەست نەکەن.

قەتێ:

بیرم کردەوە...

ئیگناتس:

ئێوە زۆر بیر دەکەنەوە.

قەتێ:

ئێوەیش زۆر بیر دەکەنەوە *(قەتێ و ئیگناتس بە لای چەپدا دەڕۆن).*

### *دیمەنی ١٦*

*(لە لای ڕاستەوە ڤاتسلاف بە دەمامکی ورچەوەو یوسف دێنە سەر شانۆ).*

ڤاتسلاف:

براڵە دەتوانم پێت بڵێم هەموو خۆشیان دەوێم. بەتایبەتی ژنەکان، وا بە دوام کەوتبوون کە نەمدەتوانی خۆمیان لە دەست قورتار بکەم. هەندێ جار لە ماڵەوە دەرگەکەم لە خۆم دادەخست و دڵم بەوە خۆش بوو کە ئاسوودەییم بە نسیب بووە. وا دانیشتووم رۆژنامە دەخوێنمەوە و فیکە لێ دەدەم – چونکە مۆسیقیشم. لە پڕ، تەق ژنێك لە پەنجەرەکەوە دەفڕێتە ساڵۆنەکەوە. ئەو کڵۆڵە ئەوەندە شەیدا ببوو، کوێرانە فڕی و شووشەی پەنجەرەکە هەلا، هەلا بوو. چی گێرمە و کێشەیەك ڕووی دا! تەنیا کاری شووشەبەندییەکە سامانێك لە سەرم کەوت. هەموو دەیانناسیم. کە یەکێکم لەسەر جادە دیبا سەڵاوی دەکرد و پێی دەوتم: "گەورەم لە خزمەتداین. هیچت نییە بۆتی شووشەبەند کەین؟"

یوسف:

بچۆ سەر دارێك و خەبەرم بدەرێ! *(ڤاتسلاف یوسف دەخاتە سەر شانی خۆی)* پێم بڵێ، چی دەبینی؟

ڤاتسلاف:

خەڵکی دەبینم.

یوسف:

چۆنن؟

ڤاتسلاف:

وەکو خەڵکی ئاساپین.

یوسف:

تەنیا خەڵکی ئاسایی؟

ڤاتسلاف:

نەخێر تەنیا خەڵکی ئاسایی نین. خاوەن کارەکەیشم لەگەڵ

ژنەکەیدا لەوێیە.

یوسف:

با بچمە سەرەوە! *(یوسف ڤاتسلاف دەخاتە سەر شانی خۆی)*
بەڵام ئەوان چی دەکەن؟ چوونەتە ناو خەڵکەوە، خەڵکەکەیش خۆیان کردۆتە خواردنی سەرخوان.

ڤاتسلاف:

نەڵێی.

یوسف:

لەگەڵ زەروودا وەکو یەك جەستە وان.

ڤاتسلاف:

ئێ ئەوان زەروون.

یوسف:

کاسەی خوێن مژینی لە دڵی گەل توند کردووە و گازی دژواری لە ئەوکی گیر کردووە. ئای باوکە، ئای باوکەکەم.

ڤاتسلاف:

ئاها، ئەوە باوکتە؟

یوسف:

خوێنی گەل دەمژێ.

ڤاتسلاف:

جەنابی باوکت پیاوێکی باشە.

کۆرسی گەل:

*(لە پشتی شانۆوە)* بیمژە، بیمژە، خوێنمان بمژە!

دەنگی ژنێك
لە ناو گەلەوە:

گەورەم منداڵەکەم ببە و نۆشی گیانی کە.

کۆرسی گەل:

با بەختەوەریی لەبەر پێتدا بێ و تا سەر بیمژە!

دەنگی پیاوێك

لە ناو گەلەوە:

مـن پـیرەمـێردێکی کۆمـاوەم. هـەتـا وشکبـوون سەرومڕ خوێن مژراوم. بەڵام هێشتا تەڕیم تێدا ماوە بتدەمێ.

کۆرسی گەل:

با بەختەورەیی لەبەر پێتدا بێ وەرە بیمژە!

دەنگی پیاوێك

لە ناو گەلەوە:

خەریکە خڕۆکەی سوورمان نامێنێ، بەڵام فەرموو...

دەنگی ژنێك

لە ناو گەلەوە:

گەورەم، بدە بە سەرمدا و تالانم کە...

دەنگی پیاوێك

لە ناو گەلەوە:

بە لەعنەت بن، ئەمجا نۆرەی منە.

کۆرسی گەل:

بمژە، بمژە، هەتاکو سەر خوێنمان بمژە!

یوسف:

باوکە، ئاخ باوکە! ئەمان تووترکەکانتن. خوانەکەت، شێوت، عەسرانەت لێ شاردبوومەوە...

ڤاتسلاف:

بۆ دەبوو باوکت دەهۆڵی بۆ بکوتێ؟

یوسف:

تۆ باسی تووترکت دەکرد و خوێنی گەلەکەمانت دەمژی.

ڤاتسلاف:

وایە!

یوسف:

باوکم خوێن دەمژێ! *(لای چەپەوە ئیگناتس و قەتێ دێنە سەر شانۆ)*

## *دیمەنی ١٧*

قەتێ:

ئیگناتس، خوێنی تۆیشیان مژی؟

ئیگناتس:

بێگومان

قەتێ:

ئاغا مژێکی قووڵیشی بە منەوە نا.

ئیگناتس:

ئاغا هەر باشترە. بەڵام سامناک ژنەکەیەتی، لەگەڵ خۆی پێوە بنووسێنێ ئیتر خوا ڕەحمت لێ بکا.

قەتێ:

ئیتر ئەمە چارەنووسمانە.

ئیگناتس:

دەبێ یاقوب عەدالەتی بینیبێ.

قەتێ:

لە کوێ؟

ئیگناتس:

چووە لە کانیاوی دارستانەکەدا خۆی بشوا.

قەتێ:

بە ڕووتی؟

ئیگناتس:

ئەی چی؟

قەتێ:

ئامۆزا دەزانی چی؟ با بچین بۆ ئەوێ.

ئیگناتس:

دراوسێ پەلەی چیمانە؟

قەتێ:

ئەوەی بە یاقوب ڕەوا بێ ئەوا بە قەتێ هەر ڕەوا ڕەوایە.

*(ئیگناتس و قەتێ بە لای چەپدا دەڕۆن)*

## *دیمەنی ١٨*

یوسف:

*(لە سەر شانی ڤاتسلاف دێتە خوارێ)*

نامەوێ ئیتر کوڕی ئەو پیاوە شەمشەمەکوێرەیە بم.

ڤاتسلاف:

دەتەوێ ببیتە چی؟

یوسف:

ورچ.

ڤاتسلاف:

چۆن؟

یوسف:

لە گەڵما بیگۆڕەوە! کەوڵەکەتم بدەرێ.

ڤاتسلاف:

من؟ من و نکۆڵی لە دایکو باوکە نەرم و نیانە خۆشەویستەکەم بکەم؟ نکۆڵی لە باوکە لووت ڕەشە وریا و دایکە چوار لاقەکەم بکەم؟ ئاسنی سارد دەکوتی.

یوسف:

چوار لاق گیان، ڕەگ و ڕەچەڵەکتم بدەرێ.

ڤاتسلاف:

زۆر پێوەستیم.

یوسف:

بۆ منی بکە!

ڤاتسلاف:

ئەوەندە ئاسان نییە. دەبێ کوڕێکی لاسار بم بۆ ئەوەی حاشا لە دایك و باوکم بکەم. بەلاَم کوڕێکی لاسار هەرگیز بە خۆڕایی حاشا لە دایك و باوکی ناکا، چونکە بۆی دەری ناهێنێ، لە بەر ئەوە ناتوانم بە خۆڕایی ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆمت بدەمێ، ئەگینا کوڕێکی لاسار نیم. ئەوە وەکو ڕۆژ ڕوونە، تەنیا کوڕێکی لاسار حاشا لە دایك و باوکی دەکا. تێگەیشتی؟

یوسف:

ها کاتژمێرەکەمت دەدەمێ. *(کاتژمێرەکەی دەداتێ)*

ڤاتسلاف:

خراپ نییە، وا دەست پێ دەکەم لە نەژادی خۆم وەرگەڕێم.

یوسف:

بەسە؟

ڤاتسلاڤ:

من هێشتا زۆر لە نەژادی خۆم وەرنەگەڕاوم.

یوسف:

ها ئەڵقەکەمیشت دەدەمێ. *(ئەڵقەکەی دەداتێ)*

ڤاتسلاڤ:

ئەمە بۆ باوکم بوو. ئەی بۆ دایکم؟

یوسف:

لەوە زیاترم نییە.

ڤاتسلاڤ:

ئەمجا هیچ ناکرێ. با بڵێین باوکم بە تەواوەتی فرۆشت. دایکم هەر نەفرۆشتووە. واش باشە، بە تەواوەتی لە کونی خۆم وەرنەگەڕاوم. *(دەمامکەکە دەداتە یوسف)* خوات لەگەڵ ورچەکەم! "بە لای ڕاستدا دەڕوا"

یوسف:

*(دەمامکەکە لەسەر دەکا)* خوا حافیز، شەمشەمەکوێرەکان! *(بە لای چەپدا دەڕوا)*.

### *دیمەنی ١٩*

*(لە لای ڕاستەوە گینیۆس دێتە سەر شانۆ، ڕۆبی لە بەرە. پێشەوەی سەری ڕووتاوەتەوە، بەڵام پشتە سەری قژێکی درێژی پێوەیە و ڕیشێکی ڕەشی تۆپزی هەیە. لە لای چەپەوە جوستینا دێتە سەر شانۆ. جوستینا کچێکی باریکەڵانەیە و*

*جلێکی سپی لۆکەیی نەرمی لە بەرە و تاجەگوڵینەیەکی مۆردی لە سەرە).*

جوستینا:

*(باوکی لە ئامێز دەگرێ)* ئای بابە، بابە.

گینیۆس:

چی ڕووی داوە کچە بە نرخەکەم؟

جوستینا:

لە چیمەنەکە بووم بۆ ئەوەی تاجەگوڵینە دروست بکەم...

گینیۆس:

ئێ ئەوە شتێکی خراپ نییە. تاجەگوڵینەکەت جوان لێ هاتووە.

جوستینا:

...حەزم کرد تۆزێ لە گۆمەکەدا سەیری خۆم بکەم.

گینیۆس:

ئاقڵ، ئاقڵ، لەسەر ئەوە بەردەوام بە!

جوستینا:

کە وێنەکەم لە ئاوەکەدا دەرکەوت، لە پڕ جووتیارێك لە دار و دەوەنەکانەوە هاتە دەرێ و دەمی داپچڕی.

گینیۆس:

مرۆڤ ناتوانێ ئەوە لە جووتیارێکی سەرڕاست قەدەغە بکا.

جوستینا:

بەڵام سەرڕاست نەبوو.

گینیۆس:

نابێ وا بڵێی. تێبینی ئەوە بکە: تەنیا دەوڵەمەندەکان سەرڕاست نین، هەژارەکان هەمیشە سەرڕاستن.

جوستینا:

بەڵام ئەمەیان سەرڕاست نەبوو.

گینیۆس:

ئەمە لە کوێ دەزانی؟

جوستینا:

هەر لەگەڵ ویستم خۆم فێنك بکەمەوە و خۆم ڕووت کردەوە...

گینیۆس:

وا بڵێ خۆت ڕووت کردەوە؟

جوستینا:

ویستم خۆم بشۆم.

گینیۆس:

ئێ؟

جوستینا:

گۆچانەکەی دەرهێنا و کەوتە هەڕەشە لێکردنم.

گینیۆس:

گۆچان؟

جوستینا:

یا شتێکی لەو بابەتە.

گینیۆس:

ئێ دووایی چی ڕووی دا؟

جوستینا:

وەکو یەکێك بیەوێ لێم بدا زراوم چوو، هەڵاتم. هەر ئەوەندە دەرفەتم هەبوو جلەکانم بڕفێنم.

گینیۆس :

کچم باشت نەکردووە.

جوستینا:

ئەی سەیرم کردایە چۆن ئازارم پێ دەگەیەنیٚ؟

گینیۆس:

ئەو پیاوە چکۆلەیە مەبەستی ئەوە نەبووە ئازارت بدات.

جوستینا:

گۆچانە دزێوەکەی ڕادەوەشاند...

گینیۆس :

ئیٚ وایە زەوقی هەبووە.

جوستینا:

... گـــۆچـــانـــەکـــەی دەجـــوولاّنـــدەوە و، لاری دەکـــردە وە و ڕای دەوەشاند...

گینیۆس:

قەیدی چییە؟ هیچ لەوە ئاساییتر نییە، جووتیارێکی چکۆلەی بە زەوق هەرچ شتێکی بەر دەست کەویٚ و ڕای وەشێنیٚ.

جوستینا:

کەواتە مەبەستی ئەوە نەبووە هیچی خراپم لیٚ بکا.

گینیۆس:

بێگومان نەخێر.

جوستینا:

منیش بیرم کردەوە...

گینیۆس:

کچم پێویست ناکات.

جوستینا:

منداڵ لە کوێوە دیٚ؟

گینیۆس:

چی؟

جوستینا

من گەورە بووم و دەبێ بیزانم.

گینیۆس:

ڕاست دەکەی. لە بەرئەوە بە ڕاست پێت دەڵێم. منداڵ... منداڵ لە سەرەوە دێ.

جوستینا:

ئاوەها..

گینیۆس:

ئەمە کرداری بیرکردنەوەیە، هەروەکو لە سروشتدا. سەیری گوڵەکان بکە، لە جیهانی باڵندەکان وردبەرەوە... لە هەموو شوێنێك عەقڵ بەرکەماڵە.

جوستینا:

بە بێگوناهیم ڕادەبوێری.

گینیۆس:

من تۆم بە سەر دروست کردووە...

جوستینا:

ئەوەندە زبر مەبە!

گینیۆس:

...لە سەریشەوە لە دایك بووی. مەسەلەکە ئەقڵە. من باوك و دایکیشتم.

جوستینا:

لە ڕاستیدا سەرم لێ دەرناچێ. بەڵام لەو بڕوایەدا نیم شتەکە وا ئاسان بێ: بە سەر و لە سەرەوە. باوکە گیان ئەوە تۆزێك زەحمەت نییە؟

گینیۆس:

پرسیارەکە ئەوەیە بۆ کێ! بۆ منی بلیمەتترین پێشەوای مرۆڤایەتی یارییەکی منداڵانەیە.

جوستینا:

چەند جوان قسە دەکەی، بابە، دایە، چی دەبێ؟ چۆن ناوت لێ بنێم؟

گینیۆس:

ناوم بنێ ئەو باوکەی لێوەی بووم، ئەمە لە هەمووی نزیکترە.

جوستینا:

دەبێ بڕوات پێ بکەم، چونکە تۆ ژیرترینی. بەڵام بۆ منت هێنایە دنیاوە؟

جینیوس:

زۆر ئاقڵانە پرسیار دەکەی. گێل نیت، دەبێ بزانی لەم جیهانەدا ناهەقیی سەروەرە.

جوستینا:

نەڵێی.

جینیوس :

هەندێك دەوڵەمەندن، هەندێکیش هەژار.

جوستینا:

من چیم بە سەر ئەم شتانەوە داوە؟

جینیوس:

هێمن بە! ئاشکرایە هیچ شتێك نییە پێچەوانەی نەبێ. لە هەر شوێنێك ناعەدالەتی هەبێ عەدالەتیش هەیە.

جوستینا:

ئێستا عەدالەت هەیە یان نا؟

گینیۆس:

نەخێر!

جوستینا:

بە داخەوە!

گینیۆس:

بەڵام دەبێ هەبێ.

جوستینا:

دەبێ یانی چی ئەگەر خۆی نەبێ.

گینیۆس:

بە مێشك زۆر شت دەكرێ، بنچینەی دنیا عەقڵە. ئەگەر عەدالەت نەبێ، مرۆڤ دەبێ بیدۆزێتەوە.

*(لە ڕاستەوە ڤاتسلاڤ دێتە سەر شانۆ. ئەڵقەكەی لە پەنجەدایە و سەعاتەكەی بە زنجیرێكی زێڕەوە لە ملدایە)*

**دیمەنی ٢٠**

گینیۆس:

تۆیش ئەوی.

جوستینا:

ئەی كارەكەم چییە؟

گینیۆس:

هەتا ئێستا چیت دەكرد هەر ئەوە دەكەی: بچۆ خۆت بشۆ.

جوستینا:

ناتوانم.

گینیۆس :

بەڵام ئەگەر پیاوێكی هەژار بیەوێ سەیرت بكات نابێ ڕێی لێ

بگری. با لە سەیرکردنت تێر بێ.

جوستینا:

بەڵام ئەو پیاوە سەیر تەماشای دەکردم.

گینیۆس:

خۆت لە ژێر جلی زیادەوە مەشارەوە.

جوستینا:

لە ناو ئاودا هەمیشە ڕووتم.

گینیۆس:

هەر لە وشکانییەوە دەست پێ بکە.

جوستینا:

بۆچی لەوێوە؟

گینیۆس:

جوستینا، چۆنت بۆ ڕوون بکەمەوە؟... تۆ جوستیتسیا(دادپەروەری)ت، نیگاکردنت تاسەی ڕەسەن بۆ تۆ دەورووژێنێ. ئەو هەژارانەی ئەم تاسەیە دای گرتوون بەرامبەر دەوڵەمەندەکان ڕادەپەڕن و کاری گەورە ئەنجام دەدەن. نەزمێك دەهێننە ناوەوە و تۆ دەبیتە شاژنیان.

جوستینا:

شاژن؟ لێم دێ.

گینیۆس:

خۆت بە گەل پێشان بدە!

جوستینا:

خۆمی پیشان دەدەم.

گینیۆس:

تا ئێستا قسەی شەمشەمەکوێرە دەیخوارد. بەڵام ئێستا شیرازە بە

دەستی جوانییەکەتەوەیە (*جوستینا دەست بە خۆ ڕووتکردنەوە دەکا*) ڕاوەستە! هەمووی بە جاریَ فڕیَ مەدە... وەکو بێرییەکی مانگادۆش، کە هونەری  ڕووتی پیشاندانی لە لا نامۆیە. وەکو ساکارەکان بە هاش و هوش مەبە کە لەو بڕوایەدان جوانیی لە کورتیدایە. بە کاوەخۆ خۆت ڕووتکەرەوە! وا خۆت دەرخە وەکو هێشتا بە تەواوی بڕیارت نەدابیَ..کاتی پێوە نیَ، وا خۆت پیشان بدە وەکو بتەویَ بە سەر شەرمدا سەرکەوی و ئارەزووی بێشەرمیی تەنیا لە سەرخۆ سەروەر دەبیَ. هەتا پتر وا دەرکەویَ کە زیاتر بەسەر شەرمدا زاڵ دەبی ئەوەندە پتر ناچارنەبوونت کاریگەر دەبیَ. بە شتی بچووك دەست پیَ بکە، یەکەم جار یەك کەمێکت ڕووت کە، ئەمجا بست بە بستی لەشت بە جوانی دەرخە. هەمیشە وچانیَ بخە نێوانەوە! لەسەرخۆ خۆت ڕووتکەرەوە، سەرنج ڕادەکێشی. بە تەڵەوە نەبی، سەرنج ڕادەکێشیَ.

جوستینا:

سەرنجیان وا ڕادەکێشم، خۆیانم بۆ لە سەربان فڕیبدەنە خواریَ.

گینیۆس:

ئەم فڕوفێڵە بچووکانە لە خزمەتی شتە گەورەکەدان. منیش سەفەر دەکەم بۆ ئەوبەری ئۆقیانوس بۆ ئەوەی پڕۆپاگەندە بۆ کارەکەمان بکەم. چونکە ئەو گەلانە زۆرن کە جەخت لە سەر ناوەکەت دەکەن. هەر لەگەڵ چاویان دەکرێتەوە ئیتر لەوانەن. دەگەڕێمەوە، کیژۆڵەکەم، خوا حافیز.

(*بە لای ڕاستدا دەڕوا*)

جوستینا:

خوا حافیزت بیَ بابە (*بە لای چەپدا دەڕوا*)

## *دیمەنی ٢١*

ڤاتسلاف:

داد؟ زۆر جار گوێم لێ بووە باسیان کردوە، بەڵام ئەوە یەکەم جارە بیبینم. دەمانەوێ بزانین چی لێهەڵدەکرێنین؟ *(بە لای چەپدا دەڕوا)*

## *دیمەنی ٢٢*

(لە لای ڕاستەوە قەتێ و ئیگناتس دێنە سەر شانۆ)

قەتێ:

ئەم کانی دارستانە لە کوێیە؟

ئیگناتس:

وا بزانم زۆری نەماوە.

قەتێ:

لە کوێوە ئەمە دەزانی؟

ئیگناتس:

ئەگەر دوور بووایە بە ئاراستەی هەڵەدا دەڕۆیشتین.

قەتێ:

ئیگناتس، دەزانی چی؟ مەبەستم ئەگەر بە ڕێگەی هەڵەدا دەڕۆین، باشتر وایە بگەڕێینەوە.

ئیگناتس:

بە ڕاستتە؟

قەتێ:

ئەی بۆ بە ڕێگەیەکدا بڕۆین هیچی لێ نەبێ؟

ئیگناتس:

دەبا بگەڕێینەوە "دەگەڕێنەوە" هێشتا دوورە؟

قەتێ:

دەکەوێتە سەر ئەوەی بە ڕێگەی ڕاستدا دەڕۆین یان بە ڕێگەی هەڵەدا. ئەگەر لەسەر ڕێگەی ڕاست بین، ئەوا زۆر دوور نییە، بەڵام ئەگەر لە سەر ڕێگەی هەڵە بین ئەوا زۆر دوورە.

ئیگناتس:

قەتێ دەزانی چی؟ دەڵێم ، باشتر وایە بگەڕێینەوە.

قەتێ:

بۆچی؟

ئیگناتس:

ئەگەر ڕێگەیەك هەڵە بێ، دەبێ ئەوی تر ڕاست بێ.

قەتێ:

ڕاست دەکەی. *(دەگەڕێنەوە)* ئیگناتس؟

ئیگناتس:

چی؟

قەتێ:

بەڵام ئەگەر ئەوی تر ڕاست بووبێ و ئەمەیان هەڵە بێ؟

ئیگناتس:

شەیتان بە لەعنەت بی!

قەتێ:

ئیگناتس، دەزانی چی؟ با دەستی یەکتر بگرین.

ئیگناتس:

لەبەر چی؟

قەتێ:

ئەگەر من بە ڕێیەکی هەڵەدا بڕۆم و ئێوە بە ڕێیەکی ڕاستدا ئەوا چاوساغیم بۆ بکە. ئەگەر ئێوە گومڕا بن و من بە ڕێی ڕاستدا

برۆم ئەوا من چاوساغیت بۆ دەکەم. بەمجۆرە ڕێ هەڵە ناکەین.

ئیگناتس:

باشە! *(دەستی یەکتر دەگرن)*

قەتێ:

بۆ ئەوێوە!

ئیگناتس:

نەخێر، بەملاوە!

قەتێ:

مەبەستم ئەوەیە ئێوە بە ڕێی پێچەوانەدا دەڕۆن.

ئیگناتس:

لام ڕوونە کە ئێوە لە سەر ڕێگەی هەڵەن.

قەتێ:

وا نییە، ئێوە سەهوون.

ئیگناتس:

ئێوە کوێرن؟

قەتێ:

کێمان کوێرین؟

ئیگناتس:

ئێوە.

قەتێ:

جەنابیشتان پیرەمێردێکی مۆنن.

ئیگناتس:

من پیرەمێردی مۆنم؟

قەتێ:

ئەگەر پیری مۆن نەبن ئەوا گەلحۆن.

ئیگناتس:

خەریکە شتەکە بێ تام دەبێ. چیتان وت؟

قەتێ:

وتم کە ئێوە گەوجن، ئیگناتس.

ئیگناتس:

ئێوەیش مەیموونن.

قەتێ:

چیت وت؟

ئیگناتس:

ئەوەم وت کە گوێت لێ بوو.

قەتێ:

*(لاسایی بارەی مەڕ دەکاتەوە)* میااااا... *(خۆیان بەسەریەکدا دەدەن، لە یەك دەدەن، لای ڕاستەوە یوسف بە دەمامکی ورچەوە دێتە سەر شانۆ. شتی نووسینی بە دەستەوەیە)*

## *دیمەنی٢٣*

یوسف:

ئەرێ کوڕەکەی ئاغاتان نەدیوە، ئاغای شەمشەمەکوێرە؟

ئیگناتس:

من مەیموونێکم بینی. *(لە قەتێ دەدا)*

قەتێ:

من بەرانێکم بینی. *(لە ئیگناتس دەدا)*

یوسف:

نەتانبینیم. دە باشە! خۆ گۆڕینم ئەرکی خۆی بەجێهێنا. هیچ کەسێك نامناسێتەوە. من ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەم. چەند

خۆشە لە نوێوە دەست پێ بکەیت و ڕابردووت ئافەرۆز بکەی. بەڵام وام بۆ دەردەکەوێ کە دانووتان بە یەکەوە ناکوڵێ. بۆ شەڕ دەکەن؟

قەتێ و ئیگناتس:

*(بە یەکەوە)* لە سەر عەدالەت.

یوسف:

دە بەردەوام بن، چونکە عەدالەت دەیهێنێ چەندان قوربانی لە پێناودا بدرێ. بەڵام بۆ دژی یەکتر شەڕ دەکەن؟

قەتێ:

*(لە ئیگناتس دەدا)* لەبەرئەوەی ئەو بەرانە.

یوسف:

کەواتە تۆ بەران نیت. چونکە هاوشێوەکان بە خۆشحاڵییەوە بە یەکەوە دەژین. من بوومەتە ورچ بۆ ئەوەی بەرامبەر شەمشەمەکوێرە بوەستمەوە. تۆ کێی؟

ئیگناتس:

*(بە دەم لێدانی قەتێوە)* ئەمە مەیموونە!

یوسف:

لەبەرئەوە لێی دەدەی کە ئەو مەیموونە یان لەبەرئەوەی کە تۆ بەرانی؟

قەتێ:

بەران خۆ دەبینی. دە وەڵامێکی ئەو کاکەیە بدەرەوە!

ئیگناتس:

لە بەرئەوەی من بەران نیم لێی دەدەم.

یوسف:

ئەمە سەیرترە! ئەگەر تۆ بەران بوایەی هەقت بوو. *(قەتێ بە سەر*

*ئیگناتسدا زاڵ دەبێ، خۆی بە سەریدا دەداو لێی دەدا)* ئەی تۆ بۆچی لەو دەدەی؟

قەتێ:

لە بەرئەوەی مەیموون نیم.

یوسف:

کەواتە لەوانەیە تۆ بەران بی و ئەو مەیموون بێ؟ دە بە ئاشکرا بیڵێن!

قەتێ:

نەخێر ئەو بەرانە.

یوسف:

کەواتە تۆ مەیموونی.

ئیگناتس:

پێم نەوتی؟

قەتێ:

من قەتێم.

ئیگناتس:

منیش ئیگناتسم. *(واز لە لێدانی یەکتر دەهێنن).*

یوسف:

ئەی ئەو حەیوانانە کوان کە باستان دەکردن؟ بەڵام پێم بڵێن بەڕێکەوت بۆ ئەو شوێنە ناچن کە عەدالەت خۆی پیشان داوە؟

قەتێ و ئیگناتس:

*(بە یەکەوە)* بەڵێ بە ڕێوەین.

یوسف:

ئامۆژگارییەکتان دەکەم، یەکسەر بکەونە ڕێ، کاتی خۆتان بەو پرسیارەوە بە فیڕۆ مەدەن کێ مەیموونە و کێ بەرانە. ئەمە بۆ

ورچ بیەڵنەوە، چونکە ئەویش لەم بوارەدا بیروڕای خۆی هەیە. بڕۆن، چونکە دڵنیام ئامانجی ئەم سەفەرە ژیانتان دەگۆڕێ، ئەی ساکاری هەژارینە. دڵنیام کە عەدالەت دەتانکاتە مرۆڤ، هەتا ئەگەر ئەوەیش ڕاست بێ، ئیگناتس بانگەشەی چی بۆ قەتێ دەکا و قەتێ بانگاشەی چی بۆ ئیگناتس دەکا.

قەتێ:

ئامۆزا چی دەڵێی؟

ئیگناتس:

ورچێکی سەیرە، چەند عاقڵانە قسە دەکا.

قەتێ:

منیش گومانی لێ دەکەم.

ئیگناتس:

وەکو قەشە خوتبە دەدا.

قەتێ:

زۆر گۆڕاوە، کە ماوەیەکی پێش ئێستا بینیم پشتی گوێی هێشتا وا ئەستوور نەبوو.

ئیگناتس:

سەدی سەد لەو نێوەندەدا خوێندنی باڵای تەواو کردووە.
*(ئیگناتس و قەتێ بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن).*

### *دیمەنی ٢٤*

*(لای ڕاستەوە ڤاتسلاف دێتە سەر شانۆ)*

ڤاتسلاف:

*(سەیری یوسفی ورچ دەکا)* ئااە... *(بە لای چەپدا هەڵدێ)*

یوسف:

ڕاوەستێ!

ڤاتسلاف:

بۆ گێلم ڕاوەستم؟

یوسف:

*(دەمامکەکە لا دەبا)* چی؟ هاوڕێ کۆنەکەت ناناسیتەوە؟

ڤاتسلاف:

ئا ئەمە تۆی. سوپاس بۆ خوا! وام زانی منم.

یوسف:

ترست لە خۆت لێ نیشتبوو.

ڤاتسلاف:

تۆ نازانی من چەند سامناکم. تۆ نامناسی!

یوسف:

لە بیرت چووەتەوە کە کەوڵەکەت پێ فرۆشتم؟

ڤاتسلاف:

لەم دواییانەدا کەمێك گێژم.

یوسف:

مرۆڤ هەستی پێدەکا، بەڵام بۆچی؟

ڤاتسلاف:

سەرم هێندە قاڵە.

یوسف:

بەچییەوە مەشغوڵی؟

ڤاتسلاف:

هەتا ئێستا زۆر سەرم قاڵ نییە، بەڵام سەودایەکم لە چاو داوە.

یوسف:

ئەمجا وەزعت باش دەبێ.

ڤاتسلاف:

جارێ باش نییە، بەڵام ئەگەر سەر بگرێ داوەتی بیرەیەکت دەکەم.

یوسف:

ئێستا دەتوانی داوەتی بیرەم بکەی.

ڤاتسلاف:

شتەکە هێشتا سەری نەگرتووە.

یوسف:

دەڕۆی؟

ڤاتسلاف:

پەلەمە.

یوسف:

پێویستم پێتە. ناتوانی نامەیەکم بۆ بەری؟

ڤاتسلاف:

دەبێ مشوری کاری خۆم بخۆم.

یوسف:

خۆ لە دەستت ڕاناکا.

ڤاتسلاف:

چۆن، قاچی هەیە.

یوسف:

خۆ هەر پێیدا دەگەی.

ڤاتسلاف:

نەخێر، درەنگ کەوتم. هەر لە خۆشیدا بی! *(بە لای چەپدا دەڕوا)*

## *دیمەنی ٢٥*

یوسف:

*(دەمامکی ورچەکە لەسەر دەکا. دەنووسێ)* " دایە..." نا دایە نا، من ورچم، کەواتە ئیتر ئەو دایکم نییە.. "ژنی لێبووردە، یەکێك نامەت بۆ دەنووسێ کە پێشووتر کوڕت بوو، بەڵام دوایی، ورچ خواردی و بووە ورچ. ئێستا کوڕت نەماوم، بەڵکو بوونەوەرێکی دڕندەی ئازادی ناوابەستە. ئەگەر دەتەوێ بمبینی ئەوا من لە دارستانم و چاوەڕێت دەکەم. ورچی خۆت."

دەنگ:

*(لە پشتی شانۆوە)* ئاگەدارم، ئاگەدارم!

یوسف:

ئەوا ئۆدیب دێ، ئۆدیبی سیخوڕ و بانگەشەدەری باوکم. خۆشتبەختانە کوێرە و مەگەر لە باشترین حاڵەتدا بە دەنگ بمناسێتەوە. هۆو من لێرەم.

## *دیمەنی ٢٦*

*(لای ڕاستەوە ئۆدیب بە ڕیشیکی تۆپزەوە و بەجلوبەرگی یۆنانییەوە دێتە سەر شانۆ. گۆچانێکی سپی کوێرانی بە دەستەوەیە).*

ئۆدیب:

*(تەقە تەقی گۆچانێتی)* لە کوێ؟

یوسف:

لێرە! *(دەستی ئۆدیب دەگرێ)*

ئۆدیب:

لێرە چی دەکەی؟

یوسف:

نامە دەنووسم.

ئۆدیب:

بۆ کێ؟

یوسف:

بۆ دایکم.

ئۆدیب:

بمدەرێ بیخوێنمەوە. *(نامەکە لە یوسف وەردەگرێ، ئەمدیو و ئەدیوی دەکا)* باش نابینم، بۆم بخوێنەرەوە!

یوسف:

*(نامەکە وەردەگرێتەوە، دەیخوێنێتەوە)* "هاوسەرە ئازیزە لە دڵی باوکە زۆر خۆشەویستەکەم. زۆر بە داخەوەم دەبێ پێت ڕابگەیەنم کە من باوکم زۆر لە تۆ خۆشتر دەوێ. لە ڕیزی بێپایان و وابەستەییم دڵنیای کە. من تەنیا هی ئەوم. خزمەتکار و کوڕی گوێڕایەڵی."

ئۆدیب:

من ئەم نامەیە دەگەیەنم.

یوسف:

نامەوێ عەزیەتت بدەم.

ئۆدیب:

هەر ئێستا ئەو نامەیەم بدەرێ!

یوسف:

کەیفی خۆتە.

ئۆدیب:

ئاگەدار دەبم، ئاگەدار دەبم! *(بە نامەکەوە بە لای چەپدا دەڕوا)*.

## *دیمەنی ٢٧*

یوسف:

ئێستا بە دڵنیاییەوە ئەو نامەیە بە دایکم دەدا. (*بە لای چەپدا دەڕوا*).

## *دیمەنی ٢٨*

*(لای ڕاستەوە خانمی شەمشەمەکوێرە دەردەکەوێ. گوڵەباخێکی بە یەخەیەوە چەسپ کردووە. باوەشێنێکی بە دەستەوەیە. بە پەتێکەوە سەگێکی ڕەشی بچووکی جوان داهێنراو ڕادەکێشێ. سەگێکی لە پەڕۆ دروستکراوی چەرخەدارە. زەنگۆڵەیەکی زیو و قردێلەیەکی بە ملەوەیە. قردێلەی بچووك بچووکی سووریش بە پێیەکانی و کلکێوەیە. تەپڵەیەکی سووری قووتی بە سەرەوەیە).*

ژن:

ئۆی تۆ جوانکیلەکەم، تۆ سەگە بچکۆلەکەم، تۆ، تۆ، تۆ، تۆ. پێم بڵێ کەمۆکەیەك حەز بە ژنە خاوەنەکەت دەکەی؟ بە لای کەمەوە تەنیا یەك کەمۆیەکی بچووك خۆشت دەوێ؟ ئەو خۆشی ناوێ، مشوورم ناخوا.

ئەم سەگۆکەیە سوپاسگوزار نییە. ئەم سەگە بچکۆلەیە دزێوە. لەم سەگە دڵم یەشاوە. گوێت لێیە، لاسار، ژنەکە دڵی یەشاوە. ئەم ژنە ئیتر نایەوێ سەگەکەی هەبێ. (*دەچێت بەولاوە*) ئێستا سەگەکە خەمبارە؟ گۆڕی گیانی بێ، چونکە حەزی لە ژنەکەی خاوەنی نییە.

خۆی بە خۆی کرد. ئەم سەگە نایەوێ خۆی چاك کا. ئێستاش

سەگۆکەکە دەگری؟ *(بۆ لای سەگەکە دەچێ)* دە خەمبار مەبە. ژنەکە لێت دەبووڕێ. دە سەیر کە ژنەکە گەڕایەوە. دە با بەس بێ. دڵم یەشێ ئەگەر وا شیوەن بکەی. بەسە بەس! ئێستا موو بە نێوانمانەوە ناچێ. لێگەڕێ، واز بێنە. مەبەستم ئەوە نەبوو. وەرە دەمەوێ بە جوانی دڵنەوایی سەگە بچکۆلەکەم بکەم. دە وەرە، وەرە بۆ لام. *(سەگەکە بەرز دەکاتەوە و لە باوەشی دەیلاوێنی)* من سەگەکەم خۆش دەوێ، من سەگەکەم بەجێ ناهێڵم، سەگە چکۆلانەکەم، سەگە شیرینەکەم، سەگەکەم، کوڕەکەم، تۆ، تۆ، تۆ، تۆ...چی؟ بێشەرم دەبی *(سەگەکە لە سەر زەوی دادەنێتەوە)* لە بیرت نەچێ من خاوەنتم.

دەبێ خزمەتی خاوەنەکەت بکەی. وەرە بۆ ئێرە! نزیکی پێم! *(سەگەکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و باوەشێنەکە دەخاتە کەڵبەیەوە)* بیهێنە بۆ ئێرە! *(بە پەنجە هەڕەشەی لێ دەکا)* تۆ دەبێ گوێڕایەڵ بی، ئەگینا نێوانمان تێك دەچێ. چیت بە خەیاڵدا دێ، چی قازانج دەکەی؟ من حەز بە سەرپێچیی ناکەم *(پێ بە زەویدا دەکوتێ)* دەیەوێ بێ چاوڕوو بێ؟ *(بێدەنگیی، دەست بە سەگەکەدا دەهێنی)* سەگۆکەیەکی سەلارە، سەگێکی دڵگیرە، دڵە دڵە دڵە. *(تۆزە تۆزە بێ ئارام دەبی)* زۆر سەلارە، زۆر دڵگیرە *(بە تووڕەییەوە)* ئاخ چەند سەلارە! *(دەقیژێنێ)* لەبەر چی تۆ ئەوەندە سەلاری؟ *(دەگری)* هەمیشە هەمان شتە، هەمان شت، هەمان شت...گوێڕایەڵ و سەلار، بە ڕەوشت و خاو، تۆ ترسنۆکی، بۆ هێندە ئازارم دەدەی؟ *(بە تووڕەییەوە)* بۆ هیچ ناڵێی؟ *(هاوار دەکا)* دە دەمت بکەرەوە، سەگە!

### *دیمەنی ٢٩*

*(لای ڕاستەوە ئۆدیب بە نامەکەوە دێتە سەر شانۆ)*

ئۆدیب:

لە کوێی، خانم؟

ژن:

لێرە نیم.

ئۆدیب:

نامەیەکم بۆ هێناوی.

ژن:

لێرەم. *(نامەکە لە ئۆدیب وەردەگرێ و دەیخوێنێتەوە)* خوایە گیان!

ئۆدیب:

بەڵێ بەڵێ خانم. ئاوهایە. ئێستا دەڵێی چی؟ ... چی، گوێم لە هیچ نییە.

ژن:

*(لە بەر خۆیەوە)* ورچ؟

ئۆدیب:

کێ؟

ژن:

هیچ کەس! *(بە لای چەپی شانۆدا دەڕوا و سەگەکە بە دووی خۆیدا ڕادەکێشێ)*.

### *دیمەنی ٣٠*

ئۆدیب:

ورچی چی؟ *(بە لای ڕاستتدا دەڕوا)*

## *دیمەنی ٣١*

*(لای ڕاستەوە ئیگناتس و قەتێ دێنە سەر شانۆ)*

قەتێ

*(دەشەلی)* ئەگەر هێشتا زۆر درێژە بکێشێ، لەوانەیە عەدالەت لە پشتم بخزێتە خوارەوە. لە گەڕاندا بە دوای ئەو ژنەدا بنی پێی چەپم تلۆقی کردووە، ئەگەر بەم زووانە نەیدۆزینەوە پێی ڕاستیشم تلۆق دەکا.

## *دیمەنی ٣٢*

*(لای چەپەوە ڤاتسلاف دێتە سەر شانۆ. بە سەر جلەکەی پێشوویدا چاکەتێکی سەیری پۆشیوە. جۆرە چاکەتێکی درێژی زەردی تۆخ وەکو زیو دەبریقێتەوە. لەگەڵ دیمەنی ئەم جلەدا ناهارمۆنی کراسەکەی و پانتۆڵە شڕەکەی کە لە ژێرەوە لە بەرین دەردەکەون. قاپقاپ لە پێ خاوسەکانیدان. شەپقەیەکی قووتی لە سەردایە و کاتژمێری زێڕ و ئەڵقەی زێڕی لە ملدایە)*

ڤاتسلاف:

ڕۆژ باش گەورەکانم، ئێرە تەواوە.

قەتێ:

گەورەکانم؟ مەبەستی لە ئێمەیە.

ئیگناتس:

لێرەدایە بێگومان بەدحاڵیبوونێك لە ئارادایە.

ڤاتسلاف:

ئەمە بەدحاڵیبون نییە. کڕیارەکانم گەورەمن.

قەتێ:

پیاوێکی مەشرەب خۆشن. جەنابتان کێن؟

ڤاتسلاف:

*(دادەچەمێتەوە)* هونەرمەندم.

قەتێ:

واتە هونەرمەندێکی مەشرەب خۆش. بەڵام ئێمە بە دوای ئەو ژنەدا دەگەڕێین کە یاقوب لە گوێی کانی دارستانەکەدا دیبووی. هیچی دەربارە دەزانی؟

ڤاتسلاف:

ئێستا لێرەیە، گەورەکانم فەرموون دانیشن.

قەتێ:

ئیگناتس، تۆ دەیبینی؟

ئیگناتس:

*(بە ڕێزەوە)* جەنابی ئیگناتس تکات لێ دەکەم.

قەتێ:

من بە هیچ جۆرێ نایبینم، با لە گەمە گەڕێین! حەیفە کاتەکە بە فیڕۆ بدەین.

ڤاتسلاف:

لێرەیە. *(ئاماژە بۆ لای چەپ دەکا، ئیگناتس بە لای چەپدا دەڕوا)*

قەتێ:

کێ بە بیریدا دەهات کە لێرە شاردراوەتەوە؟ خوا پاداشتی هەواڵدەر بداتەوە. ها ئیگناتس بۆ کوێ دەڕۆن؟

ئیگناتس:

*(بە ڕێزەوە)* جەنابی ئیگناتس!

قەتێ:

*(ڕێ بە ئیگناتس دەگرێ)* بیەڵە من لە پێشەوە بم!

ئیگناتس:

*(بە فیزەوە)* قەتێ ڕێگەم پێ بدە لە پێشەوە بڕۆم.

قەتێ:

من لە پێشەوە دەڕۆم.

ئیگناتس:

*(هێشتا بە کەشوفشەوە)* بەڵام من لە پێشی پێشەوە *(هەوڵ دەدەن پاڵ بە یەکترەوە بنێن)*.

ڤاتسلاف:

گەورەکانم پاڵە پەستەکێ مەکەن. بە پارەیەکی چوونە ژوورەوە هەر کەسەو پڕ بە دڵی خۆی شت دەبینێ.

قەتێ:

پارەی چوونە ژوورەوەی چی؟ یاقوب هەمووی بە خۆڕایی بینیبوو.

ڤاتسلاف:

ئەگەر پارە بدەن بۆ من و بۆ ئێوەیش دەری دەهێنێ، بە بێ پارە تەنیا بۆ ئێوە دەری دەهێنێ. بەڵام دادپەروەری لەوەدایە بۆ هەمووان وەکو یەك دەری بهێنێ. ئێوە کە بە دوای داپەروەریدا دەگەڕێن نادادپەروەر مەبن.

ئیگناتس:

بەڵام دەبوو لای کانی دارستان بێ، لای گۆمەکە.

ڤاتسلاف:

ئاخ لە سادەیی گوندییان! لەو بڕوایەدان دادپەروەری وەکو زەل

لە لیتاودا دەڕوێ، لەو بڕوایەدان ئەویش وەکو قورینگ تا چۆکی لە ئاودا لۆق دەنێ؟ نەخێر، ساکارینە! دادپەروەریی ئەفراندەی سروشت نییە، بەڵکو کردەی عەقڵە. لەبەرئەوەی بوونەوەرێکی هەستەوەرە، زۆر بە ئاسانی تووشی هەوکردنی سی دەبێ. ئێوەیش دەتانەوێ لە ژێر ئاسمانی ڕووتدا بۆ ڕابواردنی خۆتان بێتو بچێ.

بەباوباران، بە بەفر و شەختە! ئەمەش هەمووی بەخۆڕایی! دەبێ شەرمتان بە خۆتاندا بێتەوە! خواتان لەگەڵ!

قەتێ:

ئیگناتس، پارە بدەین؟

ئیگناتس:

ئەگەر بە نیوەقیمەت بمانکاتە ژوورەوە

ڤاتسلاف:

هێشتا لێرەن؟

قەتێ:

خاترمان ناگرێ.

ئیگناتس:

دە با پارە بدەین دەی. *(لە گیرفانیان پارە دەردەهێنن)*

ڤاتسلاف:

*(پارەکە وەردەگری)* بەختتان یار بوو، دوا دوو جێگەتان دەدەمێ.

*(ڤاتسلاف و ئیگناتس و قەتێ بە لای ڕاستدا شانۆ بەجێ دەهێڵن)*

## *دیمەنی ٣٣*

*(لە لای چەپەوە ژنەکە دێتە سەر شانۆ. بە پەتێك سەگەکە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ. سەگەکە باوەشێنەکەی لە کەڵبەدایە)*

ژن:

خەونم بینی بە ناو دارستانەکەدا دەڕۆیشتم، لە پڕ لە نێو دار و دەوەنەکانەوە بازتدایە بەردەمم. قوڕگێکی گەورە و دانی سپی سامناکت هەبوو. لە دەستت هەڵاتم و گەیشتمە چیمەنی دارستانەکە. لە سەر چیمەنەکە شیشێکی گەورەی کەبابی لێ بوو. مێردەکەم شیشەکەی ئەمدیو و ئەودیو دەکرد. کڵاوێکی قوتی ئاشپەزانی لەسەر بوو و دەیوت: "خەریکە ڕەنگ دەگرێ. وەکو دەنووکی کەو لە هەمووی خۆشترە". تۆیش بە شیشەکەوە بووی. نەمویست بتخۆم، بەڵام تۆ دوام کەوتبووی. بیرم کردەوە: پێستم دەچێتە دەباخانە ئەگەر لە دەستت ڕانەکەمە ورگی خۆمەوە. کەواتە... *(بە دەم قیژەوە)* بە خۆتدا ڕادەپەرمووی گومانم لێ بکەی؟ پەشیمان ببەرەوە! ناشیرینی، ناشیرین، ئێسك قورسو بێشەرم، لات ئاشکرایە تۆ سەرکۆنەی چیم دەکەی؟ ها، ئەو شتانەت بە مێشکدا دێت و دەچێ. ئێستا بە لای کەمەوە دەزانم چی شەیتانێکی نەخۆش سواری سەرت بووە. شەیتانی قێزەون، تۆ! چۆن پێ بە جەرگی خۆتدا دەنێیت و ئیرەیی بە خەیاڵە دزێوەکانی خۆت دەبەی؟ تۆ منت بریندار کرد. بەسە، دەمت نەکەیتەوە. دەتوانی بیر بکەیتەوە بەوجۆرەی دەتەوێ، بەڵام لە من گەڕێ. لێت قەدەغە دەکەم. سەرو کارم بەم بابەتەوە

هـەبـێ. هـەتـا هـەتـایـە! ئـیـتر زارم لـە زارت نـەگـەڕێ. *(پشت لـە سەگەکە دەکا)* ها، ئاوها هێشتا تەواو نەبووی؟ *(پاش هەموو ڕستەیەك پشوویەکی کورت، کە تێدا ژنەکە گوێ دەگرێ سەگەکە چی دەڵێ)* بە ڕاست؟ – ئەمە مایەی پێکەنینە.– چۆن تۆ دەتەوێ. نەخێر! هەر نایناسم. – هاها، چی ورچێك؟– ئێ با وابێ؟– دەبێ سوێندت بۆ بخۆم؟ – ئەگەر سوور بی لە سەری. –دە باشە سوێندت بۆ دەخۆم. ئێستا باشە؟ –ئاخ، جارێکی تر لە نۆژەنەوە دەست پێ دەکەی.– من پێم وتی. دەتەوێ چی تر بزانی؟ من هـەمـوو شتـێکم پـێ وتـی. – بـا کـۆتـایـی پـێ بـهـێنین. – مـن هیلاکم..ئاخ، وازم لێ بێنە! واز بێنە، لێگەڕێ؟ – بەسە کونە لووتم پڕ بوو. بەڕاستی چیت دەوێ؟ –ئیتر وەڵامت نادەمەوە. – چەند وەڕەسم دەکا!– چی؟ سیخوڕیت بە سەرەوە کردووم؟ –تۆ ئاڵچاخ و کیناویت. چۆن جورئەتی ئەوە دەکەی؟ –باشە، نایابە، تۆ خۆت ئەمەت ویست. –بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، تاوانی منە کە تۆ ورچ نـیـت؟ –خـۆشم دەوێ. –لـە کـەیـەوە؟ لـە یـەکـەم چاوترووکانەوە. نەء لاچۆ! نێوانی منو تۆ تەواو. – نەخێر، ئێستا هیچ سوودی نەماوە. هاها، تۆ و ورچ؟ هەر پێویست بەوە ناکا هەوڵی بۆ بدەی. – لە تواناتدا نییە. – تەنیا دەتوانم بەزەییم پێتدا بێتەوە. تکایە، واز بێنە پێویست ناکا داوای لێبووردن بکەی، بۆ هـەمـوو وشەیـەك حـەیـفـە. – نـەخـێر نـایـکـەی؟ بـاشە، خـۆ مـانـدووکـردنت بـێ سوودە! *(باوەشێنەکە لە کەڵبەی سەگەکە ڕادەپسکێنی)* من دەڕۆم. *(سەگەکە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشی)* تکات لێ دەکەم، بە دوامدا ڕامەکە! – هێشتا هەر لێرەی؟ - دەتـەوێ هـەڕەشەم لـێبـکـەی؟ – تۆو زەبروزەنگ بـەکـارهـێنـان؟ –وازم لێ بێنە! – دەستت لابە! هیچ شتێك ئیتر ناتوانێ ڕام

بگریَ. – نامەویَ ئیتر بتبینم، تیَ دەگەی، چەپەڵ؟ بە تەنیا بەجێم بهێڵە! *(شەق لە سەگەکە هەڵدەداو لە هەمان کاتدا پەتەکە بەرەڵا دەکا)* بەڵام لە بیرت نەچیَ کە گوڵ پەژموردە دەبیَ چەند جوانە. بیرەوەرییەکت لێرە بۆ بەجیَ دەهێڵم، دڵسۆزی بە! *(گوڵەکە لە یەخەی دەکاتەوە و بە دوای سەگەکەدا فڕێی دەدا، بە لای ڕاستی شانۆدا دەڕواو پاش کەمێك سەگەکە بە دوایدا)*

## *دیمەنی ٣٤*

(دەنگی دەهۆڵ. لە ناوەڕاستی شانۆوە پەردەیەك دادەکەویَ. لە لای ڕاستەوە ڤاتسلاف دێتە سەر شانۆ. دەهۆڵێکی بە شانییەوە کردووە و لێی دەدا. لە پشتییەوە ئیگناتس و قەتیَ دەردەکەون)

ڤاتسلاف:

ئەوا گەیشتین! لە جێیەکانی خۆتان دانیشن گەورەکانم، لە جێیەکانی خۆتان دانیشن، هەر ئێستا دادپەروەریی خۆی پێشان دەدا. *(ئیگناتس و قەتیَ بە تەنیشت یەکەوە لە بەردەم پەردەکە پشت لە بینەران دادەنیشن)* کێی تر دەیەویَ؟ کیَ هێشتان نەیدیوە؟ با هەڵ بقۆزێتەوە و سەیرکا!

## *دیمەنی ٣٥*

*(لە لای ڕاستەوە ئاغای شەمشەمەکوێرە دێتە سەر شانۆ)*

پیاو:

بلیتێك لۆج.

ڤاتسلاف:

*(بە کلکەسوتێیەوە بە خێرایی دەچیَ بۆ لای)*

بێگومان خاوەن شکۆ. بۆ جەنابی خاوەن شکۆتان باشترین شوێن لە هەموو شانۆکە. *(ئاغای شەمشەمەکوێرە دەباتە ناوەڕاستی شانۆ، شەق لە قەتێ و ئیگناتس هەڵدەدا)* دەی، کورسییەك بۆ خاوەن شکۆ! (ئیگناتس و قەتێ لە سەر چوارپەل ڕوو لە بینەران دادەنیشن. ڤاتسلاف قۆڵی بە پشتیاندا دەهێنێ وەکو کورسی بسڕێتەوە" فەرموون خاوەن شکۆ، ئاوا ڕەحەتە.

قەتێ:

لێرەدا پرسیارێك هەیە: بۆ کێ ڕەحەتە؟ *(ئیگناتس بە دەستی دەمی قەتێ دەگرێ. ئاغای شەمشەمەکوێرە پشت لە بینەران لە سەریان دادەنیشێ)*

ڤاتسلاف:

ئاگەداری، دەست پێدەکەین! *(دەهۆڵ لێ دەدا. پەردەکە کەمێك بەرز دەبێتەوەو جوستینا لە شێوەی کچێکی ستریپ تیز دەردەکەوێ. ڤاتسلاف دەهۆڵ لێ دەدا و بانگەشە دەکا)* هەموو مرۆڤەکان ئازاد و یەکسان لە دایك دەبن. تەنیا بەرژەوەندی گشتی پاساوی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان دەداتەوە.

قەتێ:

ئیگناتس، هیچ دەبینی؟

ئیگناتس:

نۆکۆکەیەکیش نابینم!

قەتێ:

منیش.

ڤاتسلاف:

*(دەهۆڵ لێدان و بانگەشەکردن دەبڕی)* کێ لە نێواندا قسە دەکا؟

قەتێ:

ئێمە نین. ئێمە تەنیا کورسین.

ڤاتسلاف:

خاوەن شکۆ ببوورە، ئەو کورسییە کەمێك جیرە جیڕ دەکا. *(دێ بۆ لایان. شەقێك لە قەتێ دەدا، دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی، دەهۆڵ لێ دەدا و بانگاشە دەکا، لە کاتێکدا جوستینا بە گوێرەی دەستوورە کلاسیکییەکانی ستریپتیز خۆی ڕووت دەکاتەوە)* ئامانجی هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی هێشتنەوەی مافە هەمیشەیی و سروشتییەکانی مرۆڤە، واتە مافی ئازادی، موڵکداریتی، دڵنیایی و لە چەوساندنەوە پاراستنە.

قەتێ:

خەڵکەکە وەزعیان باشە.

ئیگناتس:

*(هەناسە هەڵدەکێشێ)* مرۆڤ دەبێ مرۆڤ بێ.

ڤاتسلاف:

ئازادیی مانای ئەوەیە ڕێگەی هەموو شتێکت پێ بدرێ، بتوانی هەموو ئەو شتانە بکەی کە زیانیان بۆ خەڵکی تر نییە. مافە سروشتییەکان تەنیا لە حاڵەتێکدا سنووریان بۆ دادەنرێ، کە ئەندامەکانی تری کۆمەڵگەیش دەبێ هەلیان بۆ بڕەخسێنرێ هەمان ئەو مافانە پیادە بکەن.

قەتێ:

ئامۆزا یەکێکم تێسرەوێنە.

ئیگناتس:

بە خۆشحاڵییەوە، بەڵام بۆچی؟

قەتێ:

چونکە منیش یەکێکت تێ دەسرەوێنم.

ئیگناتس:

ئێ بۆ وا ناڵێی. (*ئیگناتس شەپازللەیەك لە قەتێ دەدا، قەتێ شەپازللەیەك لە ئیگناتس دەداتەوە*)

ڤاتسلاف:

یاسا تەنیا دەتوانێ تەنیا ئەو شتانە قەدەغە بکا کە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێ. هەموو کەسێك ئازادە، هەموو ئەو شتانە بکا کە یاسا قەدەغەی نەکردووە.

(*ئیگناتس پەنجە بە لووتیدا دەکا*)

قەتێ:

ئیگناتس، واز لە پەنجە بە لووتداکردن بهێنە!

ئیگناتس:

ئەمە لووتی خۆمە چی زیان بە ئێوە دەگەیەنێ؟

قەتێ:

زیان ناگەیەنێ، بەڵام قێزەونە.

ئیگناتس:

بەڵام ڕێگەم پێ دراوە.

ڤاتسلاف:

ناتوانرێ کەس زۆری ئەوەی لێ بکرێ، کە شتێك بکا، ئەگەر یاسا ڕوون و ئاشکرا فەرمانی پێ نەکردبێ.

قەتێ:

بەڵام ئێوە مەرج نییە بیکەن.

ئیگناتس:

ئاوها! دە واز دێنم. (*پەنجەی لە لووتی دەردەهێنی*)

ڤاتسلاف:

ماف لە ویستی گشتییەوە هەڵدەقوڵێ. هەموو هاونیشتمانییان دەتوانن خۆیان یا لە ڕێی نوێنەرەکانیانەوە لە دانانی یاسادا کار بکەن. گرینگ نییە یاسای پاراستن یان یاسای سزادانە، تەنیا دەبێ یاسایەك بۆ هەمووان هەبێ. هەموو هاووڵاتیان لە بەردەم یاسادا یەکسانن. هەموو پلەوپایە و پێگە و دەزگایەکی گشتی بۆ هەمووان وەکو یەك کراوەیە. کەس نابێ لەبەر بیروبڕوا یان لەبەر باوەڕی ئاینی ڕاوبنرێ، بە مەرجێك بڵاوکردنەوەی ئەم بیروبڕوا و ئەو باوەڕە ئاینییانە زیان بە ڕێکخستنی گشتی نەگەیەنن.

ئیگناتس:

گووی سەگە! *(ڤاتسلاف دەست لە دەهۆڵ کوتان هەڵدەگرێ، جوستینا لە خۆ ڕووتکردنەوە دەکەوێ)*

ڤاتسلاف:

*(بە ڕەقییەوە)* ئەمە بیروبڕوایە یان بڕوای ئاینییە؟

ئیگناتس:

مرۆڤ دەبێ ناوی چی لێ بنێ...

قەتێ:

ئەمەی هەروا لە دەم دەرچوو، بە ڕاستی وا بیر ناکاتەوە.

ڤاتسلاف:

*(دەهۆڵ دەکوتی)* ئازادی بیروباوەڕ گۆڕینەوە بەرزترین مافی مرۆڤە. *(دەست لە دەهۆڵ کوتان هەڵدەگرێ ڕوو لە ئیگناتس دەکا)*. ئەگەر ئەمە بیروبڕوا یان قەناعەت بێ، مرۆڤ ناتوانێ هیچی دژ بڵێ. بەڵام ئەگەر هەر گووی سەگی سادەبێ...

قەتێ:

ئیگناتس، دە بیڵێ!

ئیگناتس:

گووی سەگە!

ڤاتسلاف:

*(بە قەتێ)* چییە ئەمە ئەنارشییە؟

قەتێ:

نە بابە! تۆزێك گەوجە.

ڤاتسلاف:

با ببینین. *(دەهۆڵ لێ دەدا. جوستینا دەست بە خۆ ڕووتکردنەوە دەکاتەوە)*. هەموو کەسێك دەبێ وەکو بێتاوان سەیری بکرێ هەتا تاوانەکەی دەسەلمێنرێ. ئەگەر زیندانکردن پێویست بکا، دەبێ لە کاتی زیندانیدا هەموو ڕەقییەك لە ڕێی یاساوە قەدەغە بکرێ. *(جوستینا کۆتایی بە ستریپتیز دەهێنێ و بە پۆزی کۆتاییەوە ڕادەوەستێ. ئاغای شەمشەمەکوێرە چەپڵە لێ دەدا. پەردە نەوی دەبێ و جوستینا دادەپۆشێ. ڤاتسلاف دادەچەمێتەوە وەکو چەپڵەکە بۆ ئەو لێبدرێ. ئاغای شەمشەمەکوێرە بە لای ڕاستدا شانۆ بەجێ دەهێڵێ)*.

### دیمەنی ٣٦

*(ئیگناتس و قەتێ لە سەرخۆ بەدەستنانە سەر شانی یەکتر هەڵدەستن. قەتێ پێی بە یەکدا دێ)*

ئیگناتس:

قەتێ ئەوە چیتانە؟

قەتێ:

ئامۆزا هەمووی پەڵەی شینە.

ڤاتسلاڤ:

موڵكداریێتی مافێكی پیرۆز و پارێزراوە. كەس مافی ئەوەی نییە دەست بەسەر موڵكی كەسێكی تردا بگرێ تەنیا لە حاڵەتی پێویستییەكی گشتیدا نەبێ. خاوەن موڵك دەبێ دادپەروەرانە و لە پێشدا قەرەبوو بكرێتەوە. *(ئیگناتس و قەتێ بە لای ڕاستدا شانۆ بەجێ دەهێڵن. قەتێ دەشەلێ. ڤاتسلاڤ بە دوای ئەواندا دەڕوا، پەردەكە وندەبێ).*

### *دیمەنی ٣٧*

(لە لای چەپەوە جینیوس و ڕێنیشاندەرێك دێنە سەر شانۆ).

ڕێنیشاندەر:

ئەهـ، لەمە بەولاوە یەك هەنگاو نانێم.

گینیۆس:

تا پشتی ئەو گردە بەڵەدیم بكە، لەوە بە دواوە بە تەنیا ڕێگەكە دەدۆزمەوە.

ڕێنیشاندەر:

نەخێر، من ناچم بۆ ئەوێ.

گینیۆس:

بۆچی؟

ڕێنیشاندەر:

لەودیوی ئەو گردەوە سنوور دەكشێ، لەودیوی سنوورەوە فەرمانێك دەركراوە كە هەموو حوشترێك بخەسێنن.

گینیۆس:

بەڵام خۆ من حوشتر نیم.

ڕێنیشاندەر:

گەورەم، مرۆڤ دەبینێ کە خەڵکی ئێرە نیت. لە پێشدا دەیخەسێنن ئەمجا تەماشا دەکەن حوشترە یان نا.

گینیۆس:

بۆچی فەرمانێکی وایان دەرکردووە؟

ڕێنیشاندەر:

لەبەرئەوەی بڕینەوە لە خستنە سەر ئاسانترە.

گینیۆس:

هۆی ئەم نەشتەرکارییە چییە؟

ڕێنیشاندەر:

ئێوە هەر لە هیچ تێ ناگەن. ئەوانەی کە پێیانەوەیە، مرۆڤ ناتوانێ هیچی بخاتە سەر، بەڵام ئەوانەی شتیان پێوەیە مرۆڤ دەتوانێ بیانبڕێتەوە.

گینیۆس:

بەڵام ئەوەی حوشتر هەیەتی موڵکی تایبەتییە، موڵکی تایبەتیش گەنانی کۆمەڵگەیە. ئەم کارەی لەوێ دەکرێ ڕاست و دروستە.

ڕێنیشاندەر:

ئێستا تێگەیشتی. بەم جۆرە حوشتر شتی تایبەتی نییە و دەتوانێ بە جوانی گۆرانی بڵێ.

گینیۆس:

ئەگەر بە دادپەروەریدا گۆرانی بڵێ ئەوا گۆرانییەکەی مایەی ستایشە. *(مرۆڤ گوێی لە کانتاتێکی ئاهەنگساز دەبێ کە*

*کۆرسێك دەیڵێ لە چەند دەنگێکی زیقنی بەرز پێك هاتووە)*

ڕێنیشاندەر:

ئەوەتان! *(بە لای چەپدا هەڵدێ. دەڕوا)*

گینیۆس:

من بە دوای ئەم دەنگانەدا دەڕۆم. ئەی گۆرانی ڕێنیشاندەرم بە! *(بە لای ڕاستدا دەڕوا).*

## دیمەنی ٣٨

*(لە لای ڕاستی شانۆوە خانمی شەمشەمەکوێرە دێتە سەر شانۆ، گۆزەیکی گڵینی بە دەستەوەیە)*

ژن:

مـن ورچـەکـەم خـۆش دەوێ. لـەبـەرئـەوەی ئـامـۆژگـاری بـاش بـەنـرخـە، مـن ئـامـۆژگـاریـم نـاوێ. ئـەگـەر ورچێك هـەبوایـە لـە قـووڵـتـریـن بـیـردا غـەرقـم دەکرد. ئـەم دارسـتـانـەم دەسووتـانـد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامۆژگارییەکەدا بیسووتێنم، پێش ئەوەی بتوانێ بە خۆشەویستییەکەم پاساو بداتەوە. ئەگەر ئەمە نەخۆشییەك بێ، ئەوا من خۆم نەخۆشییەکەم و پێم خۆشترە پێی بمرم لەوەی چاك بمەوە. ئەو ویژدانەی هەمیشە ڕاوم دەنێ و مامۆستاییم دەکا لە ماڵەوە بە جێم هێشتووە. ئەوە ویژدانی ماڵەوەیە و ئێرە چۆڵەوانییە. هەر شتێك لەوێ دەبەسترێ لێرە دەکرێتەوە. هەر شتێك لە ماڵەوە گوناهە، لێرە ئازادم لە کردنیا. مرۆڤ چۆن دەتوانێ گوناهێك بکا ئەگەر مرۆڤی لێ نەبێو تەنیا ورچی لێ بێ؟

ئۆدیب:

*(لە پشتی شانۆوە)* خانم چاوەڕێم کە!

ژن:

ئەوا هەر دۆزیمییەوە. *(لای ڕاستەوە ئۆدیب دێتە سەر شانۆ).*

## دیمەنی ٣٩

ئۆدیب:

لە کوێی؟

ژن:

لێرە. *(دەچێتە ئەوسەری شانۆ)*

ئۆدیب:

*(دەچێتە ئەو شوێنەی پێشوتر خانمی شەمشەمەکوێرەی لێ وەستابوو. گۆچانەکەی بەملا و بەولادا دەکوتی)* نەخێر لێرە نیت.

ژن:

لەوێ نا، بەڵکو لێرە. *(ئۆدیب بەو ئاراستەیەدا دەڕوا کە دەنگی ژنەکەی لێوە هات. خانمی شەمشەمەکوێرە دەچێتە ئەو شوێنەی کە ئۆدیب بەجێی هێشت)*

ئۆدیب:

دەڵێ لێرە و هێشتا لەوێیە. ئەگەر لەوێ بە دوایدا بگەڕێم، لێرەیە. کەواتە لێرە چاوەڕێی دەکەم، چونکە بۆ ئەو ئەوێ ئەوێ ناگەیەنێ، کەواتە ئێرە.

ژن:

ئەوێ نا. *(دەچێ بۆ لای ئۆدیب، دەستی دەگرێ و دەیبا بۆ ئەو شوێنەی کە پێشووتر لێی وەستابوو)* ئێرە.

ئۆدیب:

ئا، ئێرە؟

ژن:

ئێره؟...*(پێی سەیره)* بە ڕاستی. دەبێ لێم تێکچووبێ.

ئۆدیب:

*(بە گۆچانەکەی لە گۆزەکە دەدا)* خانم چیت پێیە؟

ژن:

*(گۆزەکە لە پشتییەوە دەشارێتەوە)* هیچ.

ئۆدیب:

گۆزەکە هیچی تێدا نییە؟

ژن:

نەخێر.

ئۆدیب:

ئەی گۆزەت بۆ چییە، ڕەحەتترین شت ئەوەیە هیچ لە هیچدا هەڵگری؟

ژن:

چونکە ئەم گۆزەرە بۆ هیچە.

ئۆدیب:

با تاقی بکەمەوە.

ژن:

بەڵام هیچێکی تاڵە.

ئۆدیب:

*(بە هەڕەشەوە)* دەمەوێ تاقی بکەمەوە! *(پەنجە بە گۆزەکەدا دەکاو دەیلێسێتەوە)* مهەم...شیرینە.

ژن:

تاڵە.

ئۆدیب:

خانم گیان ئەمە هەنگوینە.

ژن:

بە ڕاست! کەواتە شیرینە.

ئۆدیب:

هەنگوین بۆ دارستان دەبەی؟ ئەمە زۆر خەتەرە.

ژن:

ترسم لە چی هەبێ؟

ئۆدیب:

لە ورچ.

ژن:

نەڵێی!

ئۆدیب:

ورچ زۆر حەزیان لە هەنگوینە.

ژن:

بە ڕاستی، نەمدەزانی.

## دیمەنی ٤٠

(لە لای چەپەوە یوسف بە دەمامکی ورچەوە دێتە سەر شانۆ)

ئۆدیب:

خانم، ئەی ئەم پیاسە بێ پەروایەت لە چی؟

ژن:

ویستم لەزەت لە هەوای پاك وەرگرم.

ئۆدیب:

بەم ناوەختە؟

ژن:

هەموو کاتێك پێویستم بە هەوایە، لە تاریکیدا هەوا لە هەموو کاتێك بە لەزەتترە.

ئۆدیب:

بەم زووانە شەو دادێ.

ژن:

*(بە ئەسپایی لە سەر پەنجەی پێ بەرەو لای چەپ دەڕوا)* من هەقم بە سەر شەوەوە چییە؟

ئۆدیب:

لە تاریکیی و ئەنگوستەچاویی کەم مەکەرەوە. دارستان خەتەرە، بەڵام دارستان لە شەودا لە هەمووی خەتەرناکترە.

ژن:

من نە لە دارستان و نەیش لە تاریکیی دەترسم. بۆ دەبێ لە دارستانی تاریك بترسێم؟

ئۆدیب:

چونکە لە تاریکیدا باش و خراپ لێك جیا ناکرێتەوە.

ژن:

باشترا ئەگەر خراپ نادیار نەبێ، ئیتر ترسم لە چی هەبێ؟

ئۆدیب:

خراپترا لە تاریکیدا دەتوانی گوناه بکەی، بەبێ ئەوەی پێ بزانی.

ژن:

من نامەوێ بیزانم *(بە لای چەپدا ون دەبێ)*.

ئۆدیب:

خانم، تۆ نازانی دەڵێی چی. من جارێك گوناهم كرد بەبێ ئەوەی پێ بزانم، بۆ سزاكەیشی ئەمڕۆ كوێرم.

### دیمەنی ٤١

یوسف:

بۆ سزادرای، خۆ تۆ نەتزانی گوناهـ دەكەی؟

ئۆدیب:

حەق دەبێ حەق بمێنێتەوە. چاو ساغ بووم و وەكو كوێر ڕەفتارم كرد. لەبەرئەوە كوێر بووم. ئەمڕۆ پارێزەری یاسام.

یوسف:

یاسا بۆچی باشە؟

ئۆدیب:

ڕەوشت دەپارێزێ.

یوسف:

بۆچی ڕەوشت؟

ئۆدیب:

لە ڕەوشتمانەوە كولتوورمان سەری هەڵداوە.

یوسف:

ئەی ئەگەر ڕەوشتمان لە كولتوورمانەوە سەری هەڵبدایە؟

ئۆدیب:

ئەو كاتە لەبەرئەوەی پێویست بوو، حەقیانەتتر دەبوو.

یوسف:

ئەی ئەوە حەقە كە باوكم بە ڕۆژی ڕووناك خوێنی دەست و پێوەندەكانی دەمژێ؟ ئەگەر ئەوە ڕەوشتی دایك و باوكم بێ، ئەو كولتووره تووڕ هەڵدە كە ڕەوشت سەری لێوەی هەڵداوە. ، یان ئەو

ڕەوشتە فڕێدە، کە ئەو کولتووره سەری لێوە هەڵداوە. بەهەرحاڵ: ئەمیان و ئەویشیان فڕێدە.

ئۆدیب:

خانم، ئەوە چی دەڵێی؟ دەنگی تۆیە؟

یوسف:

دەنگی منە.

ئۆدیب:

لەم حاڵەتەدا دەنگی کوڕ و دایك بە یەك دەچن.

یوسف:

پێم بڵێ چۆن گوناهت کرد؟

ئۆدیب:

باوکی خۆم کوشت و دەستم لەگەڵ دایکمدا تێکەڵ کرد.

یوسف:

باشت کرد! *(بە لای ڕاستدا شانۆ بەجێدەهێڵی)*

### *دیمەنی ٤٢*

ئۆدیب:

چیت وت؟ کێ ئەمەی وت؟ *(گۆچانەکەی بەدەوروبەری خۆیدا دەدا. بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵێ)*

### *دیمەنی ٤٣*

*(ئیگناتس و قەتێ ڤاتسلافیان لە کەژاوەیەکدا هەڵگرتووە، لە لای چەپەوە دێنە سەر شانۆ. کەژاوەکە کورسییەکە و زۆر نایاب ڕازێنراوەتەوە، لە هەردوو لاوە بە داری هەڵگرتنەوە بەستراوە. قەتێ دەشەلێ)*

ڤاتسلاف:

ئەم دارستانە بە لەعنەت بووانە! بۆ حەیوان ڕەنگ بێ شتێکی باش بن، بەڵام نەك بۆ ئەو هاووڵاتییە بە شەرەفانەی بە ئارەقەی نێوچەوانیان دوو عانەیان دەست کەوتووە. چی لە دارستانێکی ئاوادا خۆی حەشارداوە؟ ورچ و دز. یەکەمیان نموونەیەکی زۆر خراپن، لەبەرئەوەی نە کار دەکەن، نە هیچیان هەیە، بەڵام سەلماندوویانە، کە مرۆڤ بە بێ کارو بە پارەیش دەتوانێ بژی. باشتر وایە باسی ئەوانی تر هەر نەکەین. مرۆڤ نابێ ڕەملی خراپ لێ بدا. بە کۆمەڵ بێگانەی هیچو پووچ بەبێ کار دێن و دەچن، ئەو بێگانانەی لەم دواییانەدا لەوبەری دەریاوە ڕوویان لە ئێرە کردووە. پیت و فەڕ و ئازادیی وڵاتەکەمان ڕایانی کێشاوە، دزەیان کرووەتە ناومانەوە. بە تایبەتی ئەم زیندانییە هەڵاتووانە زۆر گومانیان لێ دەکرێ. دەڵێن کە ئازادییان دەوێ. بەڵام من دەڵێم: هەموو کەسێك ئەوەندە ئازادیی هەیە کە شایانی بێ. ئەگەر لای خۆیانیش بەند کرێن ئەمجا دەڵێن لەوە باشتریان شایان نەبوو. *(قەتێ پێی هەڵدەکەوێ)* ئاگەدار بە.

*قەتێ:*

پێم یەشێ.

ڤاتسلاف:

جا من چی بکەم؟

قەتێ:

بۆچی؟ هەموو یەکسانن، پێی منیش یەکسانی پێی تۆیە.

ئیگناتس:

مرۆڤ دەبێ ئێمەی خۆش بوێ، چونکە خەڵکی سادەین.

ڤاتسلاف:

لە کوێوە لەپڕ ئەوەندە ژیری؟

ئیگناتس:

ئەوە هی خۆم نییە، لە ڕۆژنامەدا وا نووسرابوو.

ڤاتسلاف:

ئیدی ئەوە ڕۆژی ئەمڕۆیە! لەوەتەی عەدالەت دۆزراوەتەوە، هەموو لە قەتێ زیاتر باسی هیچی دیکە ناکەن. قەتێ ئازار دەچێژێ، کەواتە تۆیش ئازار بچێژە! مرۆڤ تەنانەت ئیتر ناتوانێ بە ئارامی بنوێ و پڕ سکی خۆی نان بخوا، ئەگەر بتەوێ بنووی یەکسەر پێت دەڵێن: ″مەنوو، چونکە قەتێ نەنووستووە!″ ئەگەر نان بخۆی: ″نەخۆی، چونکە قەتێ نان ناخوا!″ کە ڕۆژ ئاوا بێ: ″ڕۆژ، ئاوا مەبە، چونکە قەتێش ئاوا نابێ!″ ئەگەر درەخت چەکەرە بکا: ″درەخت چەکەرە مەکە، چونکە قەتێش چەکەرە ناکا″ خۆت و چەکەرەکردنت بە لەعنەتی شەیتان بن!

قەتێ:

گەورەم خۆتان گوناهبار مەکەن. لە بەردەم من دەتوانن ئەمە بڵێن، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە گوێی لێتان بێ، زۆر گران لە سەرتان دەکەوێ.

ڤاتسلاف:

من لە حەقیقەت ناترسێم. زووتر ماسی ماسی بوو و نەدیوبدیش، نەدیو بدی. ئەگەر ماسیت بخواردایە نەدیو بدی لە تەکتەوە ڕادەوەستا و سەیری دەکردی. بەڵام ئێستا هەموو شتێك لە گرێژەنە دەرچووە. بێگومان: ماسی هێشتا هەر ماسییە، بەڵام ئەمڕۆ نەدیو بدی لێت بووەتە دڕوەماسی و ئەگەر ماسی بخۆی لە قوڕگت گیر دەبێ.

ئیگناتس:

گەورەم، ئەمەیان بەدناکترین شت نییە، بەڵام دەڵێن ماسی بەم زووانە تۆو ئێمەیش دەخوات. هەموو وەکو یەك.

ڤاتسلاڤ:

ماسی؟ چی ماسییەك؟

ئیگناتس:

ماسی حەوت سەر.

قەتێ:

ئاخرزەمان بەری دەرگەی پێ گرتووین.

ڤاتسلاڤ:

کات بڕاوە ئێستا نەبێ، تۆزێ وەزعم باشتر بووە. *(ئیگناتس و قەتێ ڤاتسلاڤ هەڵدەگرن و بە لای ڕاستدا شانۆ بەجێدەهێڵن)*

### *دیمەنی ٤٤*

*(لای ڕاستەوە خانمی شەمشەمەکوێرە دێتە سەر شانۆ. هێشتا گۆزە هەنگوینەکەی بە شانەوەیە)*

ژن:

ویژدانی گەمژە لە شەوی ئاگەدار کردمەوە. وەکو ئەوەی ئیستەرەم دەبێ بیبینم چی دەکەم، لە جیاتی ئەوە بکەم کە نایبینم. نیازیشم نییە گوناهێك بکەم. ئەگەر بمویستایە بیکەم شەرمم بە خۆ دەهات و بە دزییەوە دەمکرد. هەر کەس هەنگوینەکەی بشارێتەوە شتی گوناهی بە بیردا دێ. من نایشارمەوە، لەبەرئەوە لە هەموو گومانێکم پاك دەکاتەوە. ئەگەر بمشاردایەتەوە وا لەم چۆڵەوانییە هاوارم نەدەکرد و برسێتی

ورچم بێدار نەدەکردەوە. بەڵام من هاوار دەکەم: بۆ لای گۆزە، بۆ لای گۆزە! *(بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵێ)*

### دیمەنی ٤٥

*(لای ڕاستەوە ئیگناتس و قەتێ دێنە سەر شانۆ، ڤاتسلاڤیان هەڵگرتووە)*

ڤاتسلاف:

بەچی دەزانرێ ئاخرزەمانە؟

ئیگناتس:

لە پێشدا تاریک دادێ.

ڤاتسلاف:

وا ئێستا خەریکە تاریک دابێ.

قەتێ:

گەورەم، ئەوەندە تاریکیش نییە، چونکە هەر ئێستا مانگ هەڵدێ.

ڤاتسلاف:

وایە، سوپاس بۆ یەزدان.

ئیگناتس:

ئەمجا ڕووناك دەبێتەوە.

ڤاتسلاف:

دە با هەر تاریك بمێنێتەوە باشترە، پێم خۆشترە یەکسەر ئەم مانگە ئاوا بێ.

قەتێ:

گەورەم ئەوەندە ڕووناکیش نییە. ئەوە تریفەی مانگ نییە، یەکێك بە مۆمێکەوە دێ.

## *دیمەنی ٤٦*

*(لای ڕاستەوە ئۆدیب بە مۆمێکی داگیرساوەوە دێتە سەر شانۆ)*

ئۆدیب:

شەو داهاتووە. شەیتان بەبریقوباقە خراپەکەیەوە بە خشکەیی دێ. گوناهـ ڕادەمێنێ و بێدەنگ دەبێ، لە دارستانەکانیشەوە گەوجی و گێلی دژواری ورچەکان بەرز دەبێتەوە. من ڕووناکییەکم پێ کردووە، پیرۆزیتان بۆ جاڕ دەدا. ئێوە تەنیا دەبێ بیبینن. خوا ویژدانی داونەتێ. ئافەرۆزی مەکەن، گوناهـ و تاوان جوان نییە.

ڤاتسلاف:

ئەمە دزە! وڕێنە دەکا و خراپەکاریی لە چاوی دەبارێ. *(ئیگناتس و قەتێ کەژاوەکە دەخەن و لە بەردەم ئۆدیبدا بە چۆکدا دێن)*

ئیگناتس و قەتێ:

مەشایەخە!

ڤاتسلاف:

مەشایەخ؟ پێم باشتر بوو مەشایەخ بووایە، لەگەڵ ئەوەیشدا خەریك بوو لەبەر پیرۆزیی ئەو ئێسکو پرووسکی من بشکێنن، بەڵام پتر بە دەرۆزەکەر دەچێ. دز یان دەرۆزەکەر هەمان شتن. یەکێکیان بە هەڕەشەکانی باری گیانت سووك دەکا و ئەوی تریان بە پاڕانەوەکانی. ها زەلام! لێرە سواڵ و دەست پانکردنەوە قەدەغەیە.

قەتێ:

دوعایەکمان بۆ بکە!

ڤاتسلاف:

نەخێر پێویست ناکات!

ئۆدیب:

*(لە سەرخۆ بە گۆچانەتەقێ بە لای چەپدا دەڕوا)* بە دەنگەکاندا دەزانم ئێرە دوو لەخواترس و پیسکەیەکی لێیە. بەڵام هیچ کام لەم دەنگانە دەنگی ئەو دوو زەندیقە نییە. لێرە مانەوە دەری ناهێنێ.

ئیگناتس:

*(هەڵدەستی)* نایەوێ دوعامان بۆ بکا.

ڤاتسلاف:

وەکو کوێر دەڕوا. کوێرێکی سەیرە، بە مۆمەکەیەوە. کابرا ئەگەر کوێری بۆ مۆمت هەڵگرتووە؟

ئۆدیب:

جەناب ئەم مۆمە هەموومان لە بەدکاران دەپارێزێ.

ڤاتسلاف:

یا خۆی کردووەتە کوێر، واتە ساختەچییە، یان کوێرە و وڕێنە دەکا.

ئۆدیب:

ئەگەر بکوژێتەوە حاڵمان شڕە.

ڤاتسلاف:

با بزانین. *(فوو لە مۆمەکە دەکا و دەیکوژێنێتەوە)*

ئۆدیب:

دەبێ ڕووناک بێ، دەبێ ڕووناک بێ. *(بە لای چەپدا شانۆ جێ دێڵێ)*

## *دیمەنی ٤٧*

ڤاتسلاف:

شێتە. دەمزانی لە دارستان دز و ورچ هەیە، بەڵام بیرم بە لای گێل و گەوجدا نەدەچوو. ئەی ئێوە بۆ وا گەمژانە وەستاون؟

ئیگناتس:

*(بە دەست خاچی نوێژکردن دەکا)* گەورەم ئەم گەمەیەت لەوەیە نەگبەتیمان بە سەردا بهێنێ.

ڤاتسلاف:

*(بە قەتێ)* بۆ وا سەیر دەکەی؟

قەتێ:

*(بە پەنجە خاچی نوێژ دەکا)* یان تەنگەتاوییەکی گەورە.

ڤاتسلاف:

چییە دەڵێی هەموو بە جارێ بێهۆشن؟ *(ئیگناتس و قەتێ بە لای ڕاستدا هەڵدێن و شانۆ بەجێ دێڵن)* ئەوە چیتانە؟... ڕاوەستن!... هەمووتان شێت بوونە؟ *(کەژاوەکە بە شانیدا دەدا و بە دوایاندا ڕادەکا)*.

## *دیمەنی ٤٨*

*(لای چەپەوە ئاغای شەمشەمەکوێرە دێتە سەر شانۆ، لە پشتییەوە نۆکەرەکەی)*

پیاو:

چی هەیە؟

نۆکەر:

یەکەم خانمی بەڕێز زۆر بێ ئارامە.

پیاو:

ئەی دووەم؟

نۆکەر:

وەکو دەڵێن ورچەکە فیتی دەستوپێوەندەکان دەدات. لەگەڵ جووتیارەکان قسە دەکا و وتاری بەرەنگاربوونەوەیان بۆ دەدا.

پیاو:

بە پاسەوانەکانی دارستان بڵێ خۆیان بۆ ڕاو تەیار بکەن، سەگەکان دیاریکەن و تفەنگەکان بێننە سەر پێ. (نۆکەرەکە به *لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵێ. لای ڕاستەوە سەگەکە دێتە سەر شانۆ).*

**دیمەنی ٤٩**

پیاو:

کلکەسووتکەر چیت دەوێ؟ بۆ ئەگەداری خانمت نابی؟ لەبەرئەوە خواردنت دەدرێتێ ئەگاداری خانمت بی، نەك لەبەرئەوەی وەکو سەگێکی بەرەڵا بەم ناوەدا خوێڕی، خوێڕی بێیت و بچی. بڕۆرەوە بۆ لای خانمەکەت، یا دەتکەمە سەگی کۆشك، کە تەنیا ئەوەت بە خواردن بدرێتێ کە لە شلکەی ڕانی دزانی دەکەیتەوە. خانمەکەت لە کوێیە؟ ڕەشە، مەبەستێکی خراپت هەیە... لە چی دارستانێك؟ بۆچی لە دارستاندا؟... وس، وا بە دەنگی بەرز نا،... فشەکەری ناودار، کلکەسوتکەر، ماستاوساردەوەکەر، قێزەون، سەگزادەی گەلەسەگ. ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە کەڵبە گوڵاو پێوەکراوەکەت بە گوێمدا چرپاندی، وەکو خەڵات ئێسکەکەیت دەدەمێ، ورچیش بە ڕاستی یەسقانی زۆرە. هەموو زستانەکە خەریکی کڕانەوەی ئێسقان دەبی. کەوڵەکە دەخەمە کولانەکەتەوە. بەڵام ئەگەر درۆ بکەی... *(سەگەکە دەگرێو لە هەوادا ڕای دەوەشێنێ)* بچکۆلە ئەوسا بۆم بوەستە! (بە لای

*ڕاستدا سەگەکە فڕێ دەداتە پشتی شانۆوە. دەست بە یەکدا دەدات. لای چەپەوە نۆکەرەکە دێتە سەر شانۆ)* یەکسەر هەموو شتێك بۆ ڕاو ئامادە کەن! *(ئاغای شەمشەمەکوێرە و نۆکەرەکە بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن)*

**دیمەنی ٥٠**

(لای ڕاستەوە ئیگناتس و قەتێ دێنە سەر شانۆ. سەیری ئاسمان دەکەن)

ئیگناتس:

سەیرە! ئاسمانێکی ساماڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا تاریکە. هێشتا بۆ ئێوارە زۆری ماوە، بەڵام ئەستێرە دەبینرێ. کزەی بای نایە، بەڵام دارستانەکە خشەخشێتی. *(قەتێ دەپژمێ و فنگێکی درێژ دەکا. هەورەبرووسکەیەك)* ئامۆزا واز بێنە.

قەتێ:

چیم کردووە؟

ئیگناتس:

کێ دەزانێ؟ لەوانەیە هەر فنگ بکەن، بەڵام لەوانەیە هەورەگرمەش بکەی. ئەمەش هەورەبرووسکەکان بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ. *(قەتێ دوو جار فنگ دەکا. دوو هەورەبرووسکە)*.

قەتێ:

زەلام!

ئیگناتس:

نەموت؟

قەتێ:

کێ بە بیریدا دەهات!

ئیگناتس:

ئێستا بە چاوی خۆتان بینیتان.

قەتێ:

ئامۆزا، دەزانی چی؟ جارێکی تر تاقی دەکەمەوە.

ئیگناتس:

نەیکەی! *(قەتێ جارێکی تر لووتی پاك دەکاتەوە. چاوەڕێی هەورەبرووسکە دەکەن، برووسکە نادا).*

قەتێ:

چی بووەو، برووسکە نادا؟

ئیگناتس:

نەخێر، هیچ.

قەتێ:

تەنانەت تاریکتر بووە... *(هەورەبرووسکەیەکی تیژ سێ هەورەگرمەی بە دوادا دێ، دەنگی وەکو تۆپێکە سێ جاری کورتی یەك بە دوای یەکدا بتەقێنرێ. ئیگناتس و قەتێ ڕادەکەنە ئەوسەری شانۆ. گوێی خۆیان دەگرن).*

ئیگناتس:

ئامۆزا ئێستا لێگەڕێ! *(هەورەگرمەی چوارەم، زۆر تیژتر)* پێم وتی واز بێنە.

قەتێ:

ئەوە من نەبووم، ئەوە ...

ئیگناتس:

ئیتر هەر هیچ بڕوات پێ ناکەم. *(ئیگناتس و قەتێ بە لای چەپدا هەڵدێن، شانۆ بەجێ دەهێڵن)*

## دیمەنی ٥١

*(تا دێ حەپەی سەگەکان نزیکتر دەبێتەوە. لای ڕاستەوە ڤاتسلاف کەژاوەکەی بە شانەوە ڕادەکاتە سەر شانۆ. بە جووڵانەوە شپرزانەکەیەوە هەست دەکرێ سەگەکان بە دوایەوەن و لە دەستیان ڕادەکا. قاویان دەدا، شەق دەوەشێنێ. بە شەق دەیەوێ سەگەکان لە خۆی دوور بخاتەوە. جارێك پێی ڕاستی، ئەمجا پێی چەپی لە کەڵبەی سەگ دەردەهێنێ)*

ڤاتسلاف:

چغە! لێم دوور کەونەوە! تانجییە گەورەکانم. دەبێ ئەمە خراپ حاڵیبوون بێ. من هاووڵاتییەکی بە حوورمەتم و باجی خۆم دەدەم. ئاخ! حەیوان واز بێنە! ئەوە لاقی منە. ئەمانە بۆ سەگی ئاقڵتر بۆ ئەرکی دەوڵەت دانامەزرێنن! ئای! تانجییە گەورەکانم، ئەوە تەنیا گەمە بوو. من بە ڕاستی دژی ڕاو و شکار نیم، بەو مەرجەی ئێوە دوای نێچیری ڕاستەقینە بکەون. من تەنانەت لە گەڵ ڕاو و شکاردام. لاچۆ بەچکە سەگ. دوایی شەقێك لە قوونت هەڵدەدەم! لە بەرچاوم لا دەچی!؟ هەر بە خەیاڵیدا نایەت. بۆ خاتری خوا بەس بە گوێ مەمگرن! تکایە، باشترە قەپ لە لاقم بگرن! ئاییییی! *(گوێی دەگرێ)* هار بوون؟ ئاییی! دە بەرمدە گوجیلە سەگ! نا من مەبەستم ئێوە نەبوو، ئێوە ڕەچەڵەکتان ڕەسەنزادەیە. ئاییی! شکات دەکەم! پیشانتان دەدەم! شایەتم هەیە! هاوڕێی پایەبەرزم هەیە! من لە سەر هەقم! ئاییی! دادگای بەرز، ماڵ و منداڵم هەیە! *(بە لای چەپدا بە ڕاکردن شانۆ بەجێ دەهێڵێ. بەوە دەچێ ڕەوە سەگەکەش دوور بکەوێتەوە. سەگوەڕ نزم دەبێتەوە، سەگوەڕ نامێنێ).*

## دیمەنی ٥٢

*(لای ڕاستەوە ئۆدیب و یوسف دێنە سەر شانۆ. یوسف بە دەمامکی ورچەوە. ئۆدیب بەرەو دواوە دەڕوا، خۆی لە شیر وەشاندنەکانی یوسف لا دەدا. یوسف نووکی شمشێرەکەی لە گەرووی گیر کردووە)*

یوسف:

بەرگری لە خۆت بکە!

ئۆدیب:

ئەگەر ویژدانت هەیە...

یوسف:

بەرگری لە خۆت بکە!

ئۆدیب:

من بەرگری لە خۆم ناکەم، بەڵکو یاسا بەرگری لە من دەکا...

یوسف:

بەرگری لە خۆت بکە! *(ناشییانە لە تاریکیدا شیربازیی دەکا، ئۆدیب گۆچانە سپییەکەی دەداتە بەر شمشێرەکەی یوسف. یوسف دەتوانێ بە ئاسانی گۆچانەکە لە دەستی ئۆدیبی کوێر فڕێ بدا و بە سەریدا سەرکەوێ، بەڵام بەوە دەچێ لەزەت لە سەروەریی خۆی وەرگرێ. هەمیشە و دووبارە دەرفەت بە ئۆدیب دەدا خۆی بپارێزێ و ئەمجا سەرلەنوێ هێرشی بۆ دەبا، هەموو جارێ گۆچانەکەی بە لادا دەخاو پێی پێدەکەنێ. هەردووکیان بە دەم شەڕەشیرەوە بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن).*

## *دیمەنی ٥٣*

*(سەگوەڕ. لای ڕاستەوە ڤاتسلاف کەژاوەکەی بە شانەوەیە بە هەناسکە بڕکێ و بە ڕاکردن دێتە سەر شانۆ. کەژاوەکە دادەنێ، لە سەر کورسییەکە دادەنیشێ بۆ ئەوەی هەناسەیەك بدا)*

ڤاتسلاف:

لە ڕاستیدا حەقیانە. حەیوانگەلێکی ئاقڵن! بۆنی یەکێکی نامۆ لە ناخمدا دەکەن. دەیانەوێ قەپاڵ لە کێ بگرن؟ خۆ قەپ لە خەڵکی خۆیان نادەن؟ بەڵام من یەکێکی نامۆم.

منیش لە جێی ئەوان بام، لە خۆمەوە دەستم پێ دەکرد و ئەمجا هاووڵاتیانم دەگرت. بەڵام ئەمە بۆ من سوودی چییە؟ سەگە سەلارەکە یەکەم جار بیر لە من دەکاتەوە. *(ڕەوە سەگەکە نزیکتر دەبێتەوە)* خوای گەورە دیسان هاتنەوە. *(کەژاوەکە دەدا بە شانیدا و بە چەپدا بە ڕاکردن شانۆ بەجێ دەهێڵێ).*

## *دیمەنی ٥٤*

*(لای ڕاستەوە یوسف بە دەمامکی ورچەوە و ئاغای شەمشەمەکوێرە دێنە سەر شانۆ. هەردووکیان شمشێریان بە دەستەوەیە. شەڕەشیر دەکەن. بە ڕوون و ئاشکرایی ئاغای شەمشەمەکوێرە لە یوسف بە هێزترە. یوسف خۆی لادەدا. هەردووکیان بە دەم شەڕەشیرەوە بە لای چەپدا شانۆ بەجێدەهێڵن)*

## دیمەنی ٥٥

*(نۆکەرەکە بە هەڵەداوان لای ڕاستەوە دێتە سەر شانۆ)*

نۆکەر:

گەورەم، گەورەم! *(بە ڕاکردن بە لای چەپدا شانۆ بەجێدێڵێ)*

## دیمەنی ٥٦

*(لای ڕاستەوە خانمی شەمشەمەکوێرە دێتە سەر شانۆ. جلوبەرگی قەرەجانەی لە بەرە. دەفێکی بە دەستەوەیە، لە کاتی قسەکردندا دەف لێ دەدا)*

ژن:

ورچەکەم فێری سەما دەکەم و بە یەکەوە بە دنیادا دەگەڕێین. لەم شارەوە بۆ ئەو شار، مرۆڤی باش لە بەخشیشی بچووك بچووکدا قرچۆك نابن. سەردانی جەژنی لەدایکبوون و زەماوەند دەکەین، سەر لە کلێسە کردنەوە و بازاڕی شار دەدەین، بەڵام خۆمان لە مردووناشتنەکان و ئاگر کەوتنەوەکان و لە سێدارەدانە گشتییەکان لا دەدەین. خۆمان لە کلێسە و دێر و کەشیشنشینەکان بە دوور دەگرین، چونکە کلێسە هیچی بۆ ئێمە تێدا نییە، خۆمان لە دادوەر و موختار و هەموو ئەو کەسانە لا دەدەین کە خەریکی کارتێداکردن و دانان و جێبەجێکردن و ئەژماردن و ڕێزلێنانی یاسان. دەمانەوێ خۆمان لە دایك و باوکە نموونەییەکان و منداڵە گوێڕایەڵەکان بپارێزین، چونکە ئەمانە ڕقیان لە نموونەیی بوون و گوێڕایەڵبوونی خۆیان دەبێتەوە و دەیانەوێ لە دڵەوە ڕادەستی ئەو کەسە

فەرمانبەرانەمان بکەن کە پێشووتر ناومان هێنان. دەمانەوێ خۆمـان لـەو دوکـتـۆرانـەیش بـە دوور بـگـریـن کـە بـایـەخ بـە تـەنـدروسـتـیـی دەدەنـو دەیـانـەوێ قـەنـاعـەتمان پـێ بـکـەن کە نـەخـۆشین، بـەڵام دەبـێ بـەتـایـبـەتـی خـۆمـان لـەو شاعـیرانـە بـپـارێزین کە لـە هـەموو شوێنـێ بـۆنـی تـراژیدیـا دەکـەن. بـەڵـێ خۆمان لە شاعیرو کەشیش و پزیشك دەپارێزین، چونکە ئەگەر ئێمە تراژیدیا و گوناهـ و نەخۆشی ڕەت بکەینەوە یەکسەر پۆلیس ئاگەدار دەکەنەوە. چی دەبێ ئەگەر ئێمە خۆمان لە پزیشك و شاعیر و دادوەر و موختارو مەلا و مجێورو دایك و باوك و منداڵ، لە ڕەوشتی بەرزو مرۆڤانە و سروشتیش بە دوور بگرین. ئیتر هیچی دژوارمان بە سەر نایەت، ئەوسا بەختەوەر دەبین. *(بە دەم سەماوە بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵێ).*

**دیمەنی ٥٧**

*(لای ڕاستـەوە ڤـاتسلاف دێتـە سەر شانـۆ. کـەژاوەکـەی بـە شانـەوەیـە، سەیـری دەوروبـەری خـۆی دەکـا، بـە هـەمـوو لایـەکـدا گـوێ هـەڵـدەخـا، کـەژاوەکـە دادەنـێ، دەچێتـە سەر کورسییەکە، سەیری دەوروبەر دەکا. گوێ هەڵدەخا)*

ڤاتسلاف:

بێدەنگیی باڵی بە سەر دەوروبەردا کێشاوە! دەبێ لە کوێ بن؟ سەیرە، ئەم گۆڕانە لە پڕە. ئێستا ئیدی چی ڕوو دەدا؟ وایە، تۆزێ خستبوویانمە تویێی دانەکانیانەوە. بۆ ئەوە ماڵەکانیان لەو دز و دەرۆزەکـەر و پـرۆپـاگـەندەچییـانـە دەپـارێزن کـە دەیـانـەوێ ئـەو شتانە بەرن کە مرۆڤ لە ڕێی کاری ڕاشکاوانەوە بە یەکەوەی نـاون. بـاشتر ئـەوەیـە ئـەم سەگـە چـاپـووکـانـە جـاروبـار کـەمێك تـەنگـەتـاوت کـەن لـەوەی لـە خزمـەتگوزارییـان دەست هـەڵگری.

سەگەکانم ئەوە ئێوە ئێستا لە کوێن؟ بە بێ ئێوە بەرازە کێوی و سیخوڕ و گەجەر و گوجەری دارستان وەکو کەروێشك زیاد دەکەن. لەوەیە تۆزێك بحەسێنەوە. نابێ ئومێد بڕاو بین. بەڵام ئاقڵانەتر ئەوەیە ئەوەی هەیە و نییە بۆ شوێنێکی دڵنیا ببرێن. *(کەژاوەکە لە شان دەکا و بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵی)*.

### دیمەنی ٥٨

*(لای ڕاستەوە یوسف و ئاغای شەمشەمەکوێرە دێنە سەر شانۆ. هێشتا شەڕەشیریانە. ئەمجارە ئاغای شەمشەمەکوێرە خۆی لە هێرشەکانی یوسف لادەدا. هەردووکیان بە دەم شەڕەشیرەوە بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن)*

### دیمەنی ٥٩

*(لای ڕاستەوە نۆکەرەکە بە هەڵەداوان دێتە سەر شانۆ. ڕوخساری بە هێسەوەیە، جلە نۆکەرانەکەی دڕاوە، دەشەلێ)*

نۆکەر:

گەورەم، ئاغام! *(بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵێ)*.

### دیمەنی ٦٠

*(لای ڕاستەوە ئیگناتس و قەتێ دێنە سەر شانۆ، گورزەیان بە شانەوەیە و شتە کەمەکانی خۆیانی تێدایە)*

ئیگناتس:

ئەمە هەمووی بە هۆی هەڵامەتەکەی ئێوەوە بوو.

قەتێ:

خەریکە بەسەر دەچێ.

ئیگناتس:

بەڵێ، ئێستا، پاش ئەوەی کووخەکە سووتا!

قەتێ:

ئەوەی منیش سووتا.

ئیگناتس:

بەڵام هیچ شتێك وەکو کەم ئاوی دژوار نییە.

قەتێ:

یان تەرزەیەکی ڕاستەقینە.

ئیگناتس:

ئەی چی دەڵێی ئەگەر هەوا بە کولێرا بۆگەن بووایە؟

قەتێ:

هەمیشە دەتەوێ پێی زیاتر لێ ڕاکێشی. من بەوە ڕازیم کە خوا دەیدا.

ئیگناتس:

ئامۆزا، لەبەرئەوەی لادێییت. تۆ جارێ هەر نازانی سیفیلیسیش چییە. *(ئیگناتس و قەتێ بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن)*

## *دیمەنی ٦١*

*(لای ڕاستەوە ئاغای شەمشەمەکوێرە و یوسف دێنە سەر شانۆ. بە توندی خەریکی شەڕەشیرن. ئەمجارەیشیان بەوە دەچێ دیسان یوسف دۆڕاو بێ. هەر زوو بە لای ڕاستی شانۆدا ون دەبن).*

## دیمەنی ٦٢

*(لای ڕاستەوە نۆکەرەکە دێتە سەر شانۆ. لەتر دەدا، بە کاوەخۆ خۆی بە لای چەپدا پەلکێش دەکا، دەستی لە زەوی دەدا، بە سکەخشکێ دەڕوا، دەکەوێ و دەمرێ. لای ڕاستەوە دوو سەرباز و ئەفسەرێك دێنە سەر شانۆ، خوودەی تەختی چوار دەور پانیان لە سەردایە، کراسی زنجیر و جلی سەربازی چەرمی تەسکیان لە بەردایە و دەستکێشیان لە دەستدایە. سەربازەکان نێزەیان بە دەستەوەیە و ئەفسەرەکە شمشێر)*

ئەفسەر:

لایبەن! *(سەربازەکان نۆکەرەکە هەڵدەگرن و بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن، ئەفسەرەکە بە دوایاندا)*

## دیمەنی ٦٣

دەنگی ڤاتسلاف:

*(لە پشتی شانۆوە)* سووتا، سووتا! فریام کەون، فریام کەون!
*(لای ڕاستەوە دێتە سەر شانۆ و کەژاوەکە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشی)*

ڤاتسلاف:

ئای بۆ چەند ساڵ کاری قورس! سامانەکەم، هەرچیم هەیە و نییە! *(شەپقەکەی دادەنێ و شەق لە کەژاوەکە دەدا، وەکو بیەوێ ئاگر بکوژێنێتەوە)*.

## دیمەنی ٦٤

*(لای ڕاستەوە سەرفەرماندەی "بەربەر" ناو دێتە سەر شانۆ. شمشێرێکی بە دەستەوەیە، خوودەی زێڕی لە سەرە، کراسێکی زنجیر زێڕی لە بەرە. لە پشتییەوە سەربازێك بە نوێڵێك گینیۆس واتە گینیۆسی مۆمیاکراو ڕادەکێشێ، کە دەستێکی درێژ کردووە و بە پەنجەی دۆشاومژەی ئاماژە بۆ ئاراستەیەك دەکات. ڕوخساری وەکو مێو زەرد هەڵگەڕاوە، بەڵام بە سەر گۆناکانییەوە بازنەی سوور نەخشێنراون، بۆ ئەوەی وەکو گوپەکانی فوو تێکراو دەرکەون. دەمی سوور کراوە. تاجە گوڵینەیەکی کاغەزینی بە ملەوەیە و خەرمانەیەکی زێڕی پیرۆزیی بە دەوری سەرییەوەیەتی. تەپڵژەن و نیزەهەڵگر بە دوایەوەن. گرووپەکە هەمووی ڕادەوەستێ. ڤاتسلاف شەپقەکە لە سەر دەکا و خۆی لە پشتی کورسی کەژاوەکەوە دەشارێتەوە).*

بەربەر:

دەی ئەو جەنگەشمان لە کۆڵ بوویەوە! من هەمیشە دەمووت، بەبێ چەندوچوون ئەمانە لە کۆڵ دەکەینەوە.

## دیمەنی ٦٥

*(لای چەپەوە ئیگناتس و قەتێ دێنە سەر شانۆ. دوو سەرباز نێزەیان لە پشتیان توند کردووە و پێشی خۆیانیان داون)*

ئیگناتس:

ئامۆزا چی تازە هەیە؟

قەتێ:

بە پشتمدا دەچەقێ.

ئیگناتس:

منیش دەردەکەم هەر لەوێدایە.

قەتێ:

هەربە یەك هەناسە هاتین.

بەربەر:

ئێوە کێن؟

قەتێ:

من قەتێم و ئەویش ئیگناتسە.

بەربەر:

من چی لە ناوتان بکەم! هەژارن یان دەوڵەمەند؟

قەتێ:

گەورەم زۆر هەژارین.

بەربەر:

کەواتە بەختتان هەبوو. ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی ئێوە ڕزگارکەین. ئێمە یارمەتی هەژارەکان دەدەین و دەوڵەمەندەکان قڕان تێدەخەین. ئێمە لە دادپەروەرەکانین وەکو باوکی پیرۆزمان فێری کردووین. *(لە بەردەم مۆمیاکەدا* زۆر *خۆی دادەنەوێنتەوە)* هەتایە هەتایە بژی! *(دەیەوێ لە سەربازەکە بدا)* کابرا تۆ چۆنت گرتووە؟ *(سەربازەکە دادەچڵەکێ* و مۆمیاکە بەرزتر *دەگری)* نا، پێتان چۆنە؟

قەتێ:

زۆر جوانە.

ئیگناتس:

تۆزێك بۆگەنی کردووە.

بەربەر:

چۆن دەردەکەوێ؟

ئیگناتس:

وەکو ئاخنرابێ.

بەربەر:

*(شمشێرەکە لە ملی ئیگناتس توند دەکا)* باش گوێم لێ نەبوو.

ئیگناتس:

وەکو زیندوو وایە، ئای خوایە، چەند بزێو و چالاکە.

قەتێ:

گۆنای چەند سوور و جوانە!

بەربەر:

(شمشێرەکە نەوی دەکاتەوە) مەبەستم ئەمە بوو *(بە پەنجەی گوێی پاك دەکاتەوە)* هەندێ جار بە گوێی چەپم باش نابیستم. بێگومان زیندووە. تەنیا ئاوا مۆمیایان کردووە بۆ ئەوەی هەوای پاك ئازاری نەدا. لەبەرئەوە وەکو بۆیە کرابێ وا دەردەکەوێ، بەڵام بارانی تێ ناچێ. جگە لەوەیش زۆر دڵخۆشە. لە ئێوە وەزعی باشترە... چەند ژیریشە! هەموو شتێك دەزانێ *(بە سەربازەکان)* بەرزتری بگرن ڕەشەوڵاخینە!

**دیمەنی ٦٦**

*(لای چەپەوە سەبازێك ئاغای شەمشەمەکوێرە دەهێنێتە سەر شانۆ. ئاغای شەمشەمەکوێرە شمشێری بە دەستەوە نەماوە)*

بەربەر:

ئەمە کێیە؟

سەرباز:

شەمشەمەکوێرەی عەیش و نۆشکەری دەوڵەمەندە، خوێنی دەستوپێوەندەکانی خۆی دەمژێ.

بەربەر:

*(بە ئیگناتس و قەتێ)* ڕاستە؟

قەتێ:

بڵێم چی؟ تۆزێکی مژی.

ئیگناتس:

با واز لەم بابەتە بێنین.

بەربەر:

هەڵی واسن!

ئیگناتس:

با بژی!

بەربەر:

دەتانەوێ پشتگیری شەمشەمەکوێرە بکەن؟

قەتێ:

تەنیا مەبەستی ئەوە بوو بڵێ: بژی ئەوەی هەڵدەواسێ، نەک ئەوەی ئێستا هەڵواسراوە.

بەربەر:

چۆن؟ ... نا ئەمە شتێکی ترە.

قەتێ:

بێگومان ئەمە شتێکی ترە. خۆ ئیگناتس گەوج نییە. ئیگناتس وا نییە؟

ئیگناتس:

بێگومان! ئەوی هەڵواسراوە زۆری تر ناژی. لەبەر ئەوە تەنیا ئەو

کەسە دەتوانێ زۆر بژی کە هەڵدەواسێ.

بەربەر:

ئێوە بۆ من کەمێك بەد ئاقڵن.

قەتێ:

ئێمە دەبێ وابین ئاغای خۆشەویست. ئێمەی گەل ساکارین، زمانی گەل لە ئێمەوە قسە دەکا.

ئیگناتس:

بەڵێ، گەلی هوشیار.

بەربەر:

دە بە ڕێی خواوە بچن، بەڵام لە بیرتان نەچێ، ئێوە ئازاد کراون.

قەتێ:

*(زۆر دادەنوشتێتەوە)* گەورەم، سوپاست دەکەین.

ئیگناتس:

*(دادەنوشتێتەوە)* نۆکەرتین.

بەربەر:

ئەمەش بەرن بۆ سێدارە! *(سەربازەکە ئاغای شەمشەمەکوێرە بە لای چەپی شانۆدا پەلکێش دەکا)*

قەتێ:

ئیگناتس، با بڕۆین! ئێستا دەبێ خۆمان خوێنی خۆمان بمژین.

ئیگناتس:

کەواتە خۆمان دەیمژین. *(ئیگناتس و قەتێ بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن)*

## *دیمەنی ٦٧*

بەربەر:

*(بە سەربازەکانی کە پێشتر ئیگناتس و قەتێیان پێشی خۆیان دابوو)* دەبێ ئەوانیش هەڵواسرێن *(سەربازەکان دەیانەوێ بە لای چەپدا بڕۆن)*... و ئەمجا گوریسەکە بپچڕێنرێ، بۆ ئەوەی فێری سوپاسگوزاری بن. یەکەم جار هەڵیان واسن ئەمجا گوریسەکە بپچڕێنن! دەبێ بژین بەڵام دەبێ لە پێشدا لە تۆپیندا بن، ئەمە فێری خاکێتییان دەکاو دەمدرێژییان تێدا دەردەهێنێ.

*(دوو سەربازەکە بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن)*

## *دیمەنی ٦٨*

*(لای چەپەوە دوو سەرباز یوسفیان داوەتە پێش خۆیان. یوسف لە دەمامکی ورچدایە، بەڵام شمشێری پێ نییە)*

بەربەر:

تۆ کێی؟

یوسف:

ورچ.

بەربەر:

بەڵام من دەڵێم تۆ حوشتری.

یوسف:

بۆچی کۆپارەم هەیە، ملی درێژم هەیە؟

بەربەر:

کێ دەزانێ؟ لەوانەیە کۆپارەت نەبێ، لەوەیە هەیشت بێ. ئەگەر هەتبێ ئەوا دەیشاریتەوە و مرۆڤ پێتەوە نابینێ. هەوڵ دەدەی سەروەری یاسایی خۆت فریو بدەی. ئەگەر نەیشتبێ، بە

دڵنیاییەوە دەیشاریتەوە، وەکو ئەوەی هەتبێ. هەر چۆنێ بێ تۆ تاوانباری. ئەمڕۆ هەر کەسێ هەتا ئێستا کەسی هەڵنەخەڵەتاندبێ دەیەوێ خەڵکی هەڵخەڵەتێنێ. بۆ دڵنیایی بە حوشترت دادەنێین.

یوسف:

من ورچێکی ئازاد و دڕندە و ناوابەستەم و دان بە سەروەردا نانێم.

بەربەر:

ئەم قسانە هی حوشترەکەی ناوەوەتن.

یوسف:

بمرێ سەروەر!

بەربەر:

نموونەیەکی نایابی حوشتر. *(بە سەربازەکان)* ئامێری حوشترییەکەی ببڕن. ئەم حوشترە بە دەنگێکی قووڵ گۆرانی دەڵێ.

*(دوو سەربازەکە بە لای چەپدا یوسف پێشی خۆیان دەدەن)*

## ***دیمەنی ٦٩***

*(دوو سەرباز لای چەپەوە دێنە سەر شانۆ و ئۆدیبیان پێشی خۆیان داوە)*

ئۆدیب:

دەمەوێ شکات بکەم.

بەربەر:

دە دەست پێ بکە. شکایەت هەمیشە دڵم دەکاتەوە.

ئۆدیب:

لاوێك دەیەوێ باوكی بكوژێ و دایكی زۆرگیر بكا.

بەربەر:

بەڵام بە جارێ بنەبڕی كردووە.

ئۆدیب:

ئەمەش دژی یاسای خوا و مرۆڤ و سروشتە.

بەربەر:

لەسەرخۆ! تۆ كامیانی؟

ئۆدیب:

من نموونەی ڕەوشتم، ڕەوشتی بەرز مرۆڤ و سروشت.

بەربەر:

دە سەیر، سەیر! *(لەسەر كەژاوەكە دادەنیشێ، كە ڤاتسلاڤ لە ژێریدا هەڵترووشكاوە. بەربەر بە ئیسراحەت لە سەری دادەنیشێ)* ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم تۆ كەسایەتییەكی گرینگی.

ئۆدیب:

بێگومان! وەكو نموونە لە وێنەم نییە.

بەربەر:

فەرمانبەرێكی دەوڵەتی...

ئۆدیب:

نەزمی جیهان لە سەر فەرمانگەی من وەستاوە.

بەربەر:

لە هی پادشا گرینگترە؟

ئۆدیب:

ڕۆژێك لە ڕۆژان پادشا بووم، بەڵام لەو شكۆمەندییە كشامەوە بۆ ئەوەی ببمە پارێزەری یاسا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە پایەكەم

لە سەرووی هەموو پێگەیەکەوەیە.

بەربەر:

*(ئیسراحەتتر دادەنیشێ)* دەتەوێ بڵێی کە لە من و باوکی پیرۆزمان گرینگتری؟

ئۆدیب:

لە من پیرۆزتر نییە.

بەربەر:

*(بە سەربازەکان)* دە کوڕە بە جەرگەکانم پیشانی ئەو پیرەمێردەی بدەن. هێشتا لە ژیان نەگەیشتووە. دەی چەند جارێك بە دووی یەکدا.

ئۆدیب:

ئەمە مانای چییە؟

بەربەر:

سوارت دەبن.

ئۆدیب:

من ئۆدیبی پادشام!

بەربەر:

ئەوە دەڵێی چی؟ بۆ ئێمە خەمناکا؟ بە یارمەتی خوا هی تریشمان فت کردووە، وا نییە لاوۆ؟

سەربازەکان:

باااا!

بەربەر:

دەبینی؟ تەنیا ترست نەبێ دەگەنە خزمەتت.

ئۆدیب:

دەتانەوێ منی پیرەمێرد زۆرگیر کەن؟

بەربەر:

ئەوەی پێویست بێ دەبێ بکرێ.

ئۆدیب:

خوای گەورە تۆزێك بەزەیی! ڕۆژ بکوژێوە و تاریکی وەرە!... بەڵام با لە بەینی خۆماندا بێ، کێ زەوق لە من دەبینێ؟

بەربەر:

کێ باسی زەوق دەکا؟ تۆ بە قەد پیرە سابرێنێك سەرنجڕاکێشی. ئێمە ئەمە بۆ شەرەفی دایکی وەتەن دەکەین بۆ ئەوەی پەندێك دابدەین، کە پیاوگەلێکین. تەنانەت لە تۆیش قێزمان نایەتەوە، چی، بە شەرەفم ئەمەش وا ئاسان نییە. سڵ ناکەینەوە، دەبێ فرمێسك بڕێژین، بەڵام لە دەستمان دەرناچی. هەقم نییە کوڕینە؟

سەربازەکان:

بەڵێیێ!

ئۆدیب:

ئەم قوربانییە بۆچی؟

بەربەر:

بۆ ئەوەی فیزت بشکێنن! *(هەڵدەستێ)* تۆ پادشا بووی؟ نموونە و شکۆهەڵگر؟ باشتر، کە یەکێکی هیچوپووچ نیت. باوکسالارێکی شکۆمەند؟ ئێستایش سەربازی ئاسایی خەریکتن. تیشکێکی گەورەی هونەر و زانست؟ دەبێ زانستەکەیشت لە جەستەت بە ژەندن دەربکەن. پاسەوانێکی وریای ویژدان؟ چووکی سادە لە کۆمدا بیروڕای خۆت فێر دەکەن. پێت پێشان دەدا ئەمڕۆ چی لە سەرەوە و چی لە خوارەوەیە *(دادەنیشێ)*، دەی کوڕینە بیبەن!

ئۆدیب:

وەی لە حاڵتان! *(دەنگی تەپڵ. دوو سەرباز شانی دەگرن و بە لای چەپدا دەیبەن. لە کاتێکدا هێشتا تەپڵ لێ دەدرێ هەموو تیپەکە بە دوایانەوە. ئالا هەڵگر لەگەڵ جینیۆسی مۆمیاکراودا لە دوای دواوە، بەربەر لە نێو کەژاوەکەدا خۆ دەکێشێتەوە، باوێشك دەدا و دەنوێ، بەڵام شمشێرەکەی هەر بە دەستەوەیە)*

**دیمەنی ٧٠**

*(ڤاتسلاف بە ئاگەدارییەوە بە خشکەیی لە ژێر کەژاوەکە دەردەچێ، سەیری دەوروبەری خۆی دەکا و لە بەردەم بەربەری نوستوودا ڕادەوەستی)*

ڤاتسلاف:

نوستووە! چۆن خۆی پان دەکاتەوە! وەکو لە نوێنی خۆیدا بێ، پیاوێکی وا خەون بە چییەوە دەبینێ؟ هەتا جێگەکەی منی نەبوو دەیتوانی خەون بەوەوە ببینێ لێمی زەوت بکا، بەڵام ئێستا؟ ئێستا تەنیا دەتوانێ خەون بەوەوە ببینێ کە جارێکی تر لە دەستی دەچێ. ئەمەش واتا پێشووتر خەونی خۆشتری دەبینی وەکو لە ئێستا، جێگەی بەزەییش دەبوو، ئەگەر خەونێکی وا ناخۆشی لە جێیەکی وا باش نەدیبا، لە کاتێکدا من قسەی زل دەکەم، بەڵام دەبێ لە بەردەم جێگەکەی خۆمدا ڕابوەستم. *(بەربەر بێئارامانە دەجووڵێتەوە و هەناسە هەڵدەکێشی)* هەناسە هەڵکێشە! هەناسە هەڵکێشە! بێگومان ویژدانت ئازارت دەدا، چونکە لە دەستت دەرهێنام. ئەم خەونە مۆتەکەییە ئازارت دەدا وەکو چۆن هەموو دزێکی ئاسایی ئازار دەدا. لە ئازار دانتدا

یارمەتیم دەدا، ئەگەر لەوە نەترسایەم کە هەڵدەستی و مۆتەکەکە ون دەبێ و بەڵام من لێرە دەمێنمەوە. هەتا زیاتر لە فەساڵت دەڕوانم، زیاتر زەوقم هەڵدەستێ کەمێك بۆتی وێران کەم. چاکتر وایە ڕووم وەرگێڕم، تەنیا قەیرێکی تر و ئیتر ناتوانم بە سەر خۆمدا زاڵ بم. *(ڕوو وەردەگێڕێ، سەرلەنوێ سەیری بەربەر دەکا، دیسان ڕوو وەردەگێڕێ)* نەخێر، سەبر! *(سەیری بەربەر دەکا)* هەست دەکەم چۆن بێئارام دەبم *(ڕووی وەردەگێڕێ)* سەیری ئەوێ مەکە! *(سەیری بەربەر دەکا)* ئەگەر مشتێ بە دەم و قەپۆزیا بدەم! *(ڕوو وەردەگێڕێ و مشتەکۆڵەی لە بەرچاویدا ڕادەگری)* سەیری ئەوێ مەکە! سەیری ئەوێ مەکە! *(سەیری ئەوێ دەکا و مشتەکۆڵەی بۆ لێدانی بەربەر ئامادە دەکا. بەربەر دەجووڵێ. ڤاتسلاف ڕادەچڵەکێ و بە لادا باز دەدا. بەربەر دەخەوێتەوە)* جارێکی تریش قورتارت بوو، باشە، کە نووستووە. کە بێدار بێ کەمتر بە دڵمە. باشتر وایە لێرە بەجێی بهێڵم و ماڵ و حاڵەکەم لەگەڵ خۆمدا بەرم. بەڵام چۆن دەست پێ بکەم؟... بەهەرحاڵ دەمەوێ لە پێشدا چەکی بکەم و، ئەمجا دوایی ببینین. *(دەست لە بەربەری نووست و دەدا، هەوڵ دەدا شمشێرەکەی لە دەست دەرکا. بەربەر دەمرێنێ. ڤاستلاف باز دەداتە لاوە)* نا، باشە دەی. نەخێر، من ماڵ و حاڵەکەتم ناوێ. تەنیا ماڵ و حاڵەکەی خۆم بدەرەوە! ئەمجا دەتوانین وەکو دوو هاوڕێی باش لە یەکتری جیا ببینەوە. دەبێ هەموو جارێ ئاوا بمرێنی؟ با شتەکە بەرەو باشی ببەین. ئەوەم دەدەیتەوە کە لێت سەندووم و من لەم ناوە ون دەبم، بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکا یەکێکمان دڵی ئەوی دیمان بشکێنێ... بەڵام دەرێناهێنێ باسی بکەین. ئەوەی دزیویەتی نایداتەوە. *(هەردوو لاقی بەربەر*

دەگرێت و دەیەوێ لە کورسییەکەی بخاتە خوارەوە. هەموو جارێ کە بەربەر دەجوولێتەوە یان دەمرێنێ، ڤاتسلاف چرکەساتێك رادەمێنێ، پەنجەی دەخاتە سەر دەمی و وەکو منداڵێکی خەونی ناخۆشی دیبێ، دەیەوێ هێمنی بکاتەوە. کە بەربەر خەریکە لە کورسییەکەی بکەوێتە خوارێ، لە پڕ هێندە بە توندی دەجوولێتەوە ڤاتسلاف لە مەبەستەکەی پەشیمان دەبێتەوە) هەرچەند شتێك لە کەللەی بدا! بەلام کۆترە بچکۆلەکەم، لەو بڕوایەدا مەبە، کە هێندە ئاسانە، لە میراتم بێبەش بکەی. ئەو شتەی هی من بێ سووك و ئاسان هی منە. دەتوانی هەڵواسی و ببڕیتەوە هێندەی دەتەوێ، ئەوە کەیفی خۆتە. بەلام گەر موڵکی من بێ ئەوا لە گەمە تێ ناگەم. دە بێنە یەکسەر بمدەرەوە! کونە لووتم پڕ بووە! (لە لا یەکەی ترەوە دەچێتە لای کەژاوەکەوە، واتە لە پشتەوە بۆ لای بەربەر، ئەمسەر و ئەوسەری دارەکان دەگرێ، بەرزیان دەکاتەوە و کەژاوەکە و بەربەر وەکو چەرخی دەستی بە لای ڕاستدا ڕادەکێشێ. بەربەر دەکەوێتە سەر زەوی. هەڵدەبەزێتەوە و یەکسەر دەچێتە پۆزی شەڕەشیرکەرێکەوە، لەگەڵ ئەوەیش لە شیرین خەو بێدار بووەتەوە و نازانێ دژەکەی لە کوێیە).

بەربەر:

ها، پاسەوان! (لە چەپەوە دوو سەرباز بە ڕاکردن دێنە سەر شانۆ، لای ڕاستەوە سەربازێك، هەموو نێزەیان بە دەستەوەیە و نەوییان کردووەتەوە. لە سێ لا وە وەکو ئەستێرە دەوری ڤاتسلاف دەدەن و نێزەکانیان لە جەستەی ڤاتسلاف توند کردووە.

*ڤاتسلاف هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە. بەربەر بەرەو لای دەچێ، لە تەوقی سەری تاکو پەنجەی پێی لێی ورد دەبێتەوە)* تۆ یەکێکی لە خۆمان؟ *(ڤاتسلاف سەری ڕادەوەشێنی)* خەڵکی ئێرەی؟ *(ڤاتسلاف سەری ڕادەوەشێنی)* ئەی خەڵکی کوێی؟

ڤاتسلاف:

من بێگانەم.

بەربەر:

زۆر لاوازە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێرە بێ و زۆر قەڵەوە بۆ ئەوەی یەکێك بێ لە ئێمە. بێگومان ئێستا خەڵکی ئێرە لاوازتر و ئێمە قەڵەوتر دەبین. بەڵام ئەمجا بۆ ئێرەیی قەڵەوە و بۆ ئێمەیی لاوازە. باشتر وایە دەستگیری کەین، ئەگەر تا سبەی نە قەڵەوتر بوو، نە لاوازتر دەیدەینە دەستی جەلادەکە. چونکە هەر وا بە ئاسانیی نابێ مرۆڤێك خەڵکی هیچ شوێنێك نەبێ. *(لە ناو کەژاوەکە دادەنیشێ. دوو سەرباز کەژاوەکە هەڵدەگرن و بە لای چەپدا دەیبەن. لە پشتیانەوە سەربازی سێیەم ڤاتسلاڤی پێشی خۆی داوە و بە دوایاندا شانۆ بەجێ دەهێڵن).*

## دیمەنی ٧١

(لای ڕاستەوە ئیگناتس و قەتێ دێنە سەر شانۆ. هەریەکە و پەتێکیان بە ملەوەیە، هەردوو پەتەکە بە قەدەر یەك درێژن و بە دوایانەوە لە زەوی دەخشێن. ئیگناتسو قەتێ شەڕ دەکەن)

ئیگناتس:

دەبوو عەدالەت بەرکەماڵ بێ، بەڵام کۆتاییی پەتەکەی تۆ لەوی من درێژترە.

قـەتـیٚ:

مەحاڵە، چونکە پەتەکەی تۆ درێژترە.

ئیگنـاتس:

بـەخـیـلـیت پـیٚ نـابـەم، بـەڵام مـادام وەکو یـەك هـەڵیـان واسین دەشبوو یـەکسەر پـەتـەکانمـان وەکو یـەك ببڕن. ئـەمـە لـە جێی خۆیدا نییە کە پـەتـەکەی تۆ لـە هـی من درێژترە.

قـەتـیٚ:

بـە لای منـەوە گرینگ نییە، بەڵام بـە ڕاستی شـەرم و شورەییە، کە یـەکێك زۆرتر و یـەکێك کـەمتری هـەیە.

ئیگنـاتس:

ئـەوەی لێت زیـادە بیدە یـەکێکی تر!

قـەتـیٚ:

ئـەوەی هـی تۆ نییە بیدە بـە یـەکێکی تر!

ئیگنـاتس:

ئـەگـەر بـە ئـارەزووی خۆت نـەیکـەی لای فریـادڕەسەکـەمـان شکاتت لیٚ دەکـەم، کە هـەردووکمـانی بـە هـەمـان شێوە هـەڵواسی، ئـەمـەش جێگەی شـەرەفـە بۆ ئـەو، ئـەو قـەبووڵی ئـەوە نـاکا کە پـەتـەکـەی تۆ لـەوەی من درێژتر بیٚ.

قـەتـیٚ:

بیرۆکـەیـەکی بـاشە! بۆتی کورت دەکاتـەوە.

ئیگنـاتس:

هـەرگیز ڕازی نـابیٚ بـەشـەکـەی من نـاحـەقیم بـەرامبـەر بکریٚ.

قـەتـیٚ:

ئـەو بـەرپـەرچی ئـەو نـاحـەقییە دەداتـەوە کە بـەرامبـەرم کراوە.

ئیگناتس و قەتیێ:

(بە یەکەوە) ئەو بیر لەوە دەکاتەوە هەموو شتێك لە جێی خۆیدا بیێ.

**دیمەنی ٧٢**

*(لای ڕاستەوە ڤاتسلاڤ دێتە سەر شانۆ. وەکو لە سەرەتاوە کراسێك و پانتۆڵێکی لە بەردایە، جبەکەی لە بەردا نەماوە و شەپقە قووچەکەی لە سەردا نییە، ئەڵقە و کاتژمێرە زێڕەکەی پێوە نەماوە. تەنیا هێشتا قاپقاپەکانی لە پێدایە. لە پشتییەوە میرغەزەبەکە جلێکی تەسکی جەلادانەی سووری بە سەر جلەکانی تریەوە لە بەردایە، کلێتەیەکی سوور ڕوخساری داپۆشیوە. جەلادەکە شمشێرێکی بە دەستەوەیە و نووکەکەی بەرەو ژوور گرتووە)*

ڤاتسلاڤ:

یەکێك لەسەر قسەی خۆی نەماوە. یان چارەنووس یان من. بەڵام ئەگەر مرۆڤ بە جۆرێکی تر بیری لێ بکاتەوە نە چارەنووس و نە من. ئێمە پەیمانێکمان بەست، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر یەك لە ئێمە ڕاشکاوانە بەشەکەی خۆی بەجێهێناوە، هیچی لێ نەڕوا. من ویستم ئازاد و دەوڵەمەند و بەختەوەر بم، بەڵام بە ڕاستی هیچیان نەبووم. مرۆڤ ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە بە ئازادیی ئاشنا نەبووم، بێ پارە مابێتمەوە یان هەرگیز ئاسوودە نەبووبم. من بە هیچ جۆرێك سەرکۆنەی چارەنووس ناکەم، بەڵام لە لایەکی ترەوە هیچ هۆیەکیش بۆ قەرزاربارییی نابینم. بە شێوەیەکی گشتی چی دەتوانم دەربارەی خۆم بڵێم؟ من وەکو ئازاد بووم، نائازادیش بووم، بە هەمان شێوەی برسی بووم، ئینتەلایشم کردبوو. دڵخۆش و خەمبار. بە هەمان ئەندازە

لاو و پیریش بووم. چەندێ لە ماڵ دەردەچووم، ئەوەندەیش بۆ ماڵەوە دەگەڕامەوە. چەندێ دەنووستم، ئەوەندەیش بێدار بووم. تۆزێك خەڵكم خۆشدەویست، تۆزێك ڕقم لە خەڵك دەبووەوە. ئێستا كاتی ئەوەیە پەیمانەكە لەگەڵ چارەنووسدا ببڕێنمەوە و مامەڵەكە كۆتایی پێ بهێنم، ئەو مامەڵەیەی نە ئەو هیچی لێ دەست دەكەوێ نە من. چونكە دەستكەوت و خەرجكراو هەمیشە بەرامبەر یەكن. وەكو پیشە ژیان سەرقاڵییەكی ژیرانە نییە. ئێستاش پێشنیازی ئەوەم بۆ دەكەن پیشەی سەرەكیم بوونەتەرم بێ. بەڵام بە پیشە زیندوو وەكو بە پیشە مردوو پیشە گەمژانەیە. ناشیم، قبوڵمە. ڕۆژێك لە ڕۆژان بچییە ئاو و كاتێكی تر وەكو هەویرترش بكرێیتەوە، فەرموو! بەڵام مرۆڤ ناتوانێ لەم یان لەو شتدا هەموو سەرمایەكەی وە گەڕ بخا. بەوە دەچێ سەروەرە نوێیەكانی ئێرە زۆر بایەخ بە لە قەنارەدانم بدەن و دەشیانەوێ لەم میانەیەدا هەڤاڵیان بم. بەڵام من ئارەزووی ئەوەم نییە لە سەر داواكاریی بمرم. ئەم پێشنیازە ڕەت دەكەمەوە. لەو دووكانە دەردەچم كە نامەوێ هیچ بكڕم، هیچیشم بۆ فرۆشتن تێدا نەماوە. *(لە ژێر كراسەكەیەوە لێبووكێكی مقەبا دەردەهێنێ و بە پەتێك ڕای دەكێشێ. لێبووكەكە دێت و دەچێ. ڤاتسڵاف پیشانی جەلادەكەی دەدا. لێبووكەكە سەرنجی ڕادەكێشێ و دڵۆڤانە پێدەكەنێ. دەستی درێژ دەكا و ڤاتسڵاف لێبووكەكەی دەداتێ. جەلادەكە سەرووی پەتەكە دەگرێ بەڵام ناتوانێ خوارەوەی ڕاكێشێ چونكە شمشێرەكەی بە دەستەوەیە. ڤاتسڵاف لایەكەی تری بۆ دەگرێ. لێبووكەكە هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ و جەلادەكە لە پێكەنیندا خەریكە ببوورێتەوە. شمشێرەكە دەداتە دەستی ڤاتسڵاف تابۆی بگرێ، خۆی لێبووكەكە دەجووڵێنێ، تا دێ بە دەنگی بەرزتر پێدەكەنێ. ڤاتسڵاف بە پشتدا دەڕوا و بە لای*

ڕاستدا خۆی دوور دەخاتەوە. دەڕوا. جەلادەکە چاوترووکانێکی تر بە لیبووکەکە یاری دەکا. لە پڕ واز لە پێکەنین دێنێ و هەست بە هەڵاتنی حوکم بە سەردراوەکەدا دەکا. لە پڕ هاواری تووڕەیی دەکا و مرۆڤ لێی تێ ناگا، بە دوای ڤاتسلافدا ڕادەکا. بە دەم هاوار و قیژەوە بە لای ڕاستدا شانۆ بەجێ دەهێڵێ).

## دیمەنی ٧٣

(لای ڕاستەوە خانمی شەمشەمەکوێرە دێتە سەر شانۆ، ڕەشپۆشە بە سەرپۆشی بێوەژنانەوە. دەستی یوسفی ورچی گرتووە. یوسف هەمان دەمامکەکەی پێشووی لە سەرە، بەڵام بە دەست و پێیەوە گرێ و قردێلەی سوور و زەنگۆڵەی زیوین بەستراون. دەفەکەی بە دەستەکەی تریەوەیە و هاوئاهەنگانە دەیجووڵێنێتەوە. یوسف سەمای ناشییانە دەکا. لای چەپەوە ڤاتسلاف شمشێرەکەی کردووەتە شانو بە هەڵەداوان دێتە سەر شانۆ)

ژن:

(تەنبوورەکەی وەکو کاسەی گەدایی بۆ ڕادەگرێ، بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە) خێرێك بۆ ورچێکی زۆر هەژار و خاوەنەکەی (ڤاتسلاف بیر دەکاتەوە، بە ناو گیرفانەکانیدا دەگەڕێ، پوولێك دەدۆزێتەوە و دەیخاتە سەر تەنبوورەکە و بە لای ڕاستدا دەڕوا. خانمی شەمشەمەکوێرە بە دەم دەف هەژاندنەوە بە لای چەپدا دەڕوا. یوسفی ورچ بە دەوریدا سەما دەکا. جەلادەکە بە تیرێکەوە لە لای چەپەوە دێتە سەر شانۆ) سەدەقەیەکی بچووك بۆ ورچێکی بچووکی هەژار! (جەلادەکە سەرنجی ناداتێ. بە لای ڕاستدا ڕادەکا. خانمی شەمشەمەکوێرە و یوسف بە لای چەپدا ون دەبن)

## *دیمەنی ٧٤*

*(لای ڕاستەوە ئیگناتس و قەتیّ بە پەتەکانی ملیانەوە دیّنە سەر شانۆ. لە لای چەپەوە ڤاتسلاف شمشیّر بە شان بە ڕاکردن دیّتە سەر شانۆ)*

قەتیّ:

هـا، گەورەم!

ئیگناتس :

تکایە یەك چاوترووکانیّك، ئەگەر بتوانین تکات لیّ بکەین!

قەتیّ:

گەورەم، حوکمیّکی عادیلانە بدە!

ئیگناتس:

و پیّمان بلّیّ کیّمان پەتەکەی ملی دریّژترە.

قەتیّ:

ئەو!

ئیگناتس:

ئەو!

ڤاتسلاف:

ئەگەر هەر یەکیّکتان لەو بڕوایەدایە کە پەتەکەی ملی ئەوی تر دریّژترە، هەر پەتەکانتان بگۆڕنەوە و واز لە من بهیّنن. چونکە من پەلەمە. لەوانەیە لە بەر پەتەکانی ئیّوە پەتیّ بۆ خۆم بڕیّسریّ، کیّ دەزانیّ ئایا ئەوەی من لەوەی ئیّوە زۆر دریّژتر نابیّ.

ئیگناتس:

چی؟ دریّژ تر؟

قەتیّ:

لەوەی ئیّمە؟

ئیگناتس:

بە چاوی نابینی.

قەتێ:

ئامۆزا، با کارێکی پێ بکەین، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. *(خۆیان بە سەر ڤاتسلافدا دەدەن. شمشێرەکەی لێ دەستێنن و دەیخەنە سەر زەوییەکە، لێی دەدەن. لە لای چەپەوە جەلادەکە بە قوڵفە گوریسێکەوە بە هەڵەداوان دێتە سەر شانۆ. ڤاتسلاف خۆی قورتار دەکا و بە لای ڕاستدا بۆی هەڵدێ. جەلادەکە بە دوایدا. قەتێ و ئیگناتس بە کاوەخۆ دەڕۆن، بە مشتەکوڵە هەڕەشە لە ڤاتسلاف دەکەن. بە لای چەپدا شانۆ بەجێ دەهێڵن)*

## ***دیمەنی ٧٥***

*(ڤاستلاف لای چەپەوە دێتە سەر شانۆ، دەستی بە دڵییەوە گرتووە، هەناسە بڕکێیەتی)*

ڤاتسلاف:

ئەومان لە کۆڵی خۆمان کردەوە. من لە هەڵاتندا باشترم وەکو ئەو لە ڕاونانا. چەندان جار هەڵاتووم! بەڵام ئەم بەخششی خوایە ئەمڕۆ زۆر بە کارم نایە، چونکە دیسان لە کەناری دەریام. شەپۆل دەدا و نەورەسەکان دەقیڕێنن. هەتا چاویش بڕ کا کەشتی دەرناکەوێ. من تەنیام، من ئازادم، تەنیا نازانم شەپۆلەکان بۆ کوێم دەبەن. *(دادەنیشێ، نیگای دەبڕێتە دەریا، دەستەکانی دەخاتە بەرچاوی)*

## ***دیمەنی ٧٦***

*(لای چەپەوە گریان و شیوەنی ژنێك دەبیسترێ. جوستینا*

*دێته سەر شانۆ، بێ تاجە گوڵینە، قژی تێکچرژاوە. جلە سپییەکەی پیس و دڕاوە. کۆرپەیەکی بە باوەشەوەیە)*

ڤاتسلاف:

هـا! *(جوستینا دەوەستێ، ڕوو لە ڤاتسلاف دەکا و لە گریان دەکەوێ)* ئێمە یەکتر دەناسین! بە ڕێکەوت تۆ کچی ئەو ڕەسەنزادەیە نیت کە عەدالەتی دۆزیوەتەوە؟

جوستینا:

نەخێر!

ڤاتسلاف:

بۆچی؟ ناوی نای عەدالەت و فەرمانی پێ کردی خۆت بە ڕووتی پیشانی هەوەسی ڕەشە خەڵکەکە بدەی، منیش کەمۆکەیەك لەو عەدالەتەم بەرکەوتووە.

جوستینا:

بەڵام من ئێستا ئەو نەماوم.

ڤاتسلاف:

بێگومان گۆڕاوی. تۆ کیژۆڵەیەك بووی. *(هەڵدەستێ، بەرەو جوستینا دەڕوا، بە سەر کۆرپەکەدا دادەنەوێتەوە. جوستینا پشتی تێ دەکا)* کوا شەرم مەکە منداڵەکەت پیشاندە. ئەمەشم بە لاوە غەریب نییە. چی بەختەوەری باوکییەتی؟

جوستینا:

باوکی لە سەرەوەیە و دایکی لە خوارەوە.

ڤاتسلاف:

ئەمەیان چۆن؟

جوستینا:

نەمویست ئاوا دایك بم...

ڤاتسلاف:

بۆچی وا نا؟

جوستینا:

مەزەندەم نەدەکرد چۆن منداڵ دروست دەکرێ.

ڤاتسلاف:

ئەی چۆن بیرت دەکردەوە؟

جوستینا:

بە سەر و لە سەرەوە.

ڤاتسلاف:

منداڵە بەستەزمانەکەم، وا بزانم سەرت ون کردووە.

جوستینا:

باوکم پێی وتم: سەیری گوڵەکان کە، لە جیهانی باڵندەکان بڕوانە. لە هەموو شوێنێ ژێری بەرکەماڵە. من بە سەرم دروستم کردی و بە سەر هێنامیتیە جیهانەوە. دەبوو ئێستا ببمە شاااااژن *(دەگری)*.

ڤاتسلاف:

ئێستا بێدەنگ بە.

جوستینا:

*(بە دەم گریانەوە)* دنیا هێندە ژیرانە دروست کراوە.

ڤاتسلاف:

چی؟ کێ؟ دنیا؟

جوستینا:

بڕوام پێی کرد.

ڤاتسلاف:

کەواتە تۆ یەکێکت بە تەواوی خواردووە. بەڵام هێشووی مێشکی

گەورەی باپیرت بۆ کێ دەبەی؟

جوستینا:

بۆ ماسییەکان.

ڤاتسلاف:

دەتەوێ بیانخنکێنی؟

جوستینا:

ماسییەکانیش عەقڵیان لە سەردایە و هەرگیز ناهەقیش بەرامبەر بە منداڵێك ناکەن.

ڤاتسلاف:

ئەو زۆڵەم بدەرێ! *(منداڵەکەی لە دەست دەردەهێنێ، جوستینا بە لای چەپدا ڕادەکا)* تۆ وەرە بۆ کوێ دەڕۆی؟

جوستینا:

دەمەوێ شکایەتی ئازارەکانم ببەمە لای مەلەکان! *(دەڕوا)*

## *دیمەنی ٧٧*

*(لە لای چەپەوە فیکەی گۆرانییەك دەبیستریێ)*

ڤاتسلاف:

پێویست دەکا خۆم وەکو دایکی شیردەر پێشان بدەم و پێیان بڵێم: من سوپاسی پێشکەوتن دەکەم کە لەگەڵ زۆریی هەموو شتێکدا من دایکم. بەڵام ئەمە سووك و سانا بە شیاو دادەنێن و هەردووکمان دەکوژن. *(نزیکی ڕۆخی دەریا دەبێتەوە)* لێرەوە وشکانی نابینرێ؟ *(بە کۆرپەکە)* هیچ وشکانی دەبینی؟ من هیچ نابینم. ئەگەر وشکانییەك هەبووایە لەوانە بوو شتێك بە شتێك بکەی. لێرە نا! *(دیسان فیکەی گۆرانی)* بیستم گەلێك لە دەریا پەڕیوەتەوە بەبێ ئەوەی قولەپێیان تەڕ بێ گەیشتوونەتە کەناری

ئەوبەرەوە. (فیکەی گۆرانی. ڤاتسلاڤ کۆرپەکەی بە باوەشەوەیە پێڵاوەکانی دادەکەنێ و پانتۆڵەکەی هەڵدەکا. کۆرپەکە بە بنباڵێکییەوەیە و قاپقاپەکانی بە بن باڵەکەی ترییەوەیە بە لای پشتی شانۆدا دەڕوا، لە سەکۆکەکە دادەبەزێ وەکو یەکێکی بچێتە ناو ئاوەوە لە سەرخۆ دادەبەزێ) شەیتان بە لەعنەت بی، چەند ساردە! (لە ناوکی بە سەرەوە دیارە ئاوڕ لە جەماوەر دەداتەوە) ئێوە لێرە دەمێننەوە! ئەگەر بەختم کردی و نەگەڕامەوە ئێوەیش تاقی بکەنەوە. (ون دەبێ)

**کۆتایی**